# گی دو موپاسان

# هەوڵین بەفر

# و

# چەند چیرۆکێکی دی

و: حەمە کەریم عارف

# پێڕست


١ – پییرو

٢ – باوکی سیمون

٣ – له‌ مه‌زرادا

٤ – یه‌که‌مین به‌فر

٥ – کێشه‌یه‌کی خێزانی

٦ – گه‌ردانه‌

٧ – ڕۆز

٨ – ئێشکی جه‌نازه‌

٩ – که‌ڵه‌بابی جه‌نگه‌ڵی

١٠ – کوکولی

١١ – به‌ سه‌رهاتی ڤالتر شنافس

١٢ – وه‌رزی به‌هار

# پییرۆ

خا لوفیفر ئافرەتێکی گوندیی بێوەژن بوو، یەکێک بوو لەو ژنە نیمچە جووتیارانەی کە کڵاو وجلکی ڕازاوە و بە بریق وباقی لەبەر دەکرد. کەسێکی زۆر بلێ وفشەکەر بوو. لە بەردەم خەڵکیدا خۆی گەورە دەنواند، بایەخی بە ڕواڵەتی خۆی دەداو حەقیقەتی خۆی لە ژێر پەردەی ڕواڵەتبازی پڕ بریق و باقا دەشاردەوە، وەکو چۆن دەستە سوورەکانی لە ناو دەستکێشی ئاوریشمی بێڕەنگا دەشاردەوە.

کارەکەرێکی دێهاتی زۆر سادە وساویلکەی بە نێوی ڕۆز هەبوو، ئەم دوو ئافرەتە لە گەڕەکی " کو " لە نورماندی، لە خانوویەکی بچووکی پەنجەرە کەسکا دەژیان.

باخچەیەکی بچووکیان لەبەردەم ماڵەکەیاندا هەبوو کە هەندێک سەوزەواتیان تیا ڕواندبوو، شەوێک دە دوازدە سەلک پیڤاز لەم باخچەیە هاتە دزین.

ڕۆز، کە بەم دزییەی زانی بە هەڵەداوان چوو خانمی ئاگادارکردەوە، ئەویش بە خۆی وتەنوورەیەکی سوفەوە هاتە خوارەوە. هەڵبەتە خەبەرێکی زۆر ناخۆشبوو. دزی لە خا لوفیفر کرابوو، دزی لێکرابوو! مانای وابوو دز لە دەڤەرەکەدا پەیدا بووبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو دووبارە بێتەوە.

جووتە ژن، بە ترسەوە کەوتنە تاقیبی شوێن پێیەکان. باسیان دەکرد، مەزەندەیان لێدەدا: " تەمەشاکەن لێرەوە ڕۆیشتوون، پێیان ناوەتە سەر دیوارەکە، خۆیان هەڵداوەتە ناو باخچەکەوە.

ترسیان لە ئایندە بوو. ئیدی چۆن بە بێخەم بخەون؟

خەبەری دزییەکە لە هەموو شوێنێکا بڵاوبووەوە. دەر ودراوسێ خڕبوونەوە، کەوتنە گەنگەشە وباسان، لە دزییەکە دڵنیا بوون، جووتە ژن، خەبەرەکەیان لە سیری تا پیازی بۆ هەر کەسێک تازە هاتبا دەگێڕایەوە.

جووتیارێکی دراوسێیان پێشنیازی بۆ کردن: " هەقە سەگێک ڕابگرن"

پێشنیازو ئامۆژگارییەکی بەجێ بوو،هەق بوو سەگێک ڕابگرن، بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە. سەگی گەورە نا، چ پێویستیان بە سەگی گەورە بوو! بەرگەی خورد وخوراکیان نەدەگرت، بۆیان بەخێو نەدەکرا، دەیخستنە سەر ساجی عەلی. سەگێکی بچووکیان بەس بوو، سەگێک کە جارجار وەڕیبا.

پاش ئەوەی هەمووان ڕۆیشتن، خا لوفیفر، ماوەیەکی زۆر بیری لە ڕاگرتنی سەگ کردەوە. بەدەم شەن و کەوکردنی مەسەلەکەوە، هەزار ویەک ئیراد وتەگەرەی هات بە بیرا، کە بە خەیاڵ ئەوەی دێنایە بەرچاوی خۆی کە کاسەیەکی پڕ لە گۆشتی دەخستە بەردەم سەگەکە بە جارێ پردی لێدەپسا، ترسی لێدەنیشت. چونکە لەو ژنە دێهاتیە ڕژد وچروکانە بوو کە هەمیشە، چەند قروشێک لە گیرفانیان دەنەن، تا بۆ خۆنواندن و بە بەرچاوی خەڵکییەوە بیدەن بە هەژاران یان ڕۆژانی یەک شەمموان لە کڵێسادا بیخەنە کاسەی پیتاکانەوە.

ڕۆز، کە ئافرەتێکی ئاژەڵدۆست بوو، هەنجەتی خۆی بۆ ئەم کارە هەبوو و بە ڕەندی داکۆکی لە بۆچوون و هەنجەتەکانی خۆی دەکرد. ئەنجام گەیینە ئەو قەناعەتەی کە سەگێک ڕابگرن، سەگێکی زۆر بچووک. کەوتنە

تاقیب وسۆراغ. تەنیا سەگی گەورە دەست دەکەوت، لەو سەگە زۆر خۆرانەی کە بە هەموو کەس بەخێو ناکرێن. " رولفیل"ی بەقاڵ، سەگێکی زۆر بچووکی هەبوو، بەڵام هەقی بە خێوکردنەکەی، داوای دوو فرانکی دەکرد. خا لوفیفر گوتی ئامادەیە خورد و خۆراکی سەگێکی بچووک بدات، بەڵام ئامادە نییە بیکڕێت.

نانەواکەی گەڕەک کە بە حاڵ وحیکایەتەکەی زانی بوو، بەیانییەک بە عەرەبانەکەی خۆی سەگێکی چکۆلەی زەردباوی سەیری هێنا کە تەقریبەن لاقی نەبوو، جەستەی وەکو تیمساح و کەللەی وەکو ڕێوی بوو، کلکی وەکو پەڕ ولە شێوەی شەیپورێکی گەورەدا بوو کە بە ئەندازەی هەموو لەشی دەبوو. ئەمە هی یەکێک لە مشتەرییەکانی نانەواکە بوو دەیویست لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. ئەم حەیوانە ناحەزە خۆڕاییە قێزەونە، بەلای خا لوفیفرەوە زۆر جوان بوو. ڕۆز لە باوەشی گرت، ماچی کرد و پرسی ناوی چییە. نانەواکە بەرسڤی دایەوە: "پییرۆ ".

پییرۆیان لە کۆنە سەندوقێکی سابوونان نا، هەوەڵجار ئاویان دایە، ئاوەکەی خواردەوە، پاشان تۆزێ نانیان دایە، خواردی. خا لوفیفر نیگەران بوو و بیرێکی بە مێشکا هات وگوتی: " کە ڕاهات ومالّی بوو، بەرەڵلای دەکەین، ئیدی دەڕوات و دەگەڕێتەوە وبۆخۆی خواردن پەیدا دەکات. "

بە ڕاستیش بەرەڵلایان کرد. بەڵام ئەمە لە برسێتی ڕزگاری نەکرد. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ تەنیا وەختێک دەوەڕی کە برسی بوایە وداوای بەشە خواردنی خۆی دەکرد، ئەو کاتانە زۆریش بە جۆشەوە دەوەڕی.

هەموو کەسێک دەیتوانی بە ئاسانی خۆی بە باخچەکەدا بکات. پییرۆ بە پیرییەوە دەچوو و کلکە سووتێی بۆ دەکرد و فزەی لێوە نەدەهات.

وێڕای ئەوەش خالوفیفر بەرەبەرە دەگەڵ ئەم حەیوانەدا ڕاهات. تەنانەت هەندێجار مداراشی دەکرد. ناوبەناو بەدەستی خۆی پارووە نانێکی لە گۆشتاوەکەی خۆی وەردەداو دەیدا بە سەگەکە. بەڵام بە هیچ جۆرێ بیری لەو باجە نەکردبووەوە کە دەبوایە لە سەر ئەم سەگە بیدات. ڕۆژێک لە سەر ئەم سەگە نەگبەتە کە نەش دەوەڕی، داوای هەشت فرانکیان لێکرد: " هەشت فرانک خانم گیان، بەڵێ هەشت فرانک! " خەریک بوو لە حەیفان ببورێتەوە!

ئیدی جووتە ژن یەکسەر بڕیاریان دا پییرۆ، لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. بەڵام کەس نەیدەویست، نەک هەر لە گەڕەکی خۆیان، بەڵکو لە حەوت گەڕەک هێوەتریش کەس ئامادە نەبوو وەری بگرێت. کە هیچ چارێکیان نەما، ناچاربوون گڵەجانی دەرخوارد بدەن " گڵەجان: تێکەڵەیەکە لە قسڵ وگڵە سوور ولم، لە دروستکردنی چیمەنتۆ، قیر وزفت وسواڵەت وسیرامیکا بەکار دێت، ئەمە زاراوەیەکە بۆ ڕزگاربوون لەو سەگانە بەکار دێ کە کەس ڕایان ناگرێت. " وئەمە چارەنووسی ئەو سەگانە بوو کە دەخوازرا لە کۆڵ بکرێنەوە.

لە ناوەندی دەشتێکی بەریندا، کەپرێک دیاربوو، ئەمە دەروازەی گڵکەندێک بوو، خەڵکی گڵە سووریان لێدەردێنا. گڵکەندەکە (کانی گڵی سیرامیک) بیرێکی پان و قووڵ بوو، قووڵییەکەی دەگەییە بیست مەتر، چەندین ڕاڕەوی لێدەبووەوە و هەریەکەیان بۆ لایەکی گڵکەندەکە دەڕۆیی.

خەڵکیساڵی جارێک لە وەرزی چاککردنی زەوی وزاری کشتوکاڵیدا دەچنە ئەم گڵکەندەوەو گڵ دەردەهێنن و دەیکەن بە زەوی وزارەکانیانەوە. لە وەرز و وەختەکانی دیدا، وەکو گۆڕستانی سەگانی مەحکووم بە تڕۆ کردن بەکار دەهات. زۆربەی کات کە یەکێک بەلای ئەم بیرەدا تێدەپەڕێ گوێی لە لورەی بە ئازار، وەڕینی تورەی هۆڤیانە یان نائومێدانە، هاواری بەزەیی وڕوژێنی کسۆکان دەبێت.

سەگی شوانان وتاژی ڕاوچیان بە ترسەوە بەلای ئەم چاڵ وبیرە، پڕ ناڵینەدا هەڵدێن، کە بە سەریا دادەنەویتەوە، بۆن بۆگەنێکی لە تەحەمول بەدەرت بە سەردا دێت وهێڕ وکاست دەکا. کارەساتی زۆر ترسناک لە بنەبانی تاریکی ئەم بیرەدا ڕووی دەدا.

وەختایەک دە دوازدە ڕۆژ بە سەر حەیوانێکا، کە لەو بنەبانەدا بە گژ مەرگا دەچوو و پاشماوەی بۆگەنیوی حەیوانەکانی پێش خۆی دەخوارد، لە ناکاوا سەگێکی تازە، گەورەترو هەڵبەتە بەهێزتر توور دەدرایە خوارەوە. هەردووکیان بە تەنیا، برسی، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، دەڕواننە یەکدی. بە نیگەرانی ودوودڵییەوە، دەڕواننە یەکدی، خێسە لێکدی دەکەن. بەڵام برسێتی ئامانی نییە، پەلاماری یەکدی دەدەن، ماوەیەکی زۆر ودڕندانە بەگژ یەکدا دەچن، ئاقیبەت سەگە بە قوەتەکە، سەگە لاوازەکە دەخوات، بە زندوویەتی دەیخوات.

وەختایەک جووتە ژن قەراریان دا پییرۆ بخەنە گڵکەندەکەوە، بیریان لەوە کردەوە ئەم کارە بە یەکێک بسپێرن. کابرایەک کە کرێکاری پاککردنەوەی ڕێگا بوو لە گژ وگیا، بۆ ئەم کارە داوای شەش " سو " ی کرد. خا لوفیفر ئەم پارەیەی بەلاوە زۆر زۆر بوو. ئیدی هاتەسەر پێنج " سو " ئەمەش هەر زۆر بوو. بەڵام ڕۆز پێشنیازی کرد کە چاکتر وایە بە خۆیان سەگەکە بەرن تا لە ڕێگادا ئەزیەت نەدرێ و هەست بە چارەنووسی نەگبەتباری خۆی نەکات. ئیدی بڕیاریان دا، هەرکە شەو داهات خۆیان بە دوو قۆڵی ئەم کارە بکەن. ئەو ئێوارەیە شۆربایەکەی بە لەزەت وتۆزێ کەرەیان بە سەگەکە دا. هەر هەمووی خوارد، یەک تۆزقاڵی لێ نەهێشتەوە، بە خۆشحاڵییەوە کلکی دەلەقاند، ڕۆز، هەڵیگرت و لە بەرانپێلەکەیەوە پێچا.

وەکو دوو دز بە هەشتاو بە دەشتەکەدا وەڕێکەوتن، دوای کەمێک گڵکەندەکەیان لێ بەدیار کەوت و گەیینە ئەوێندەر. خا لوفیفر سەری بە سەر بیرەکەدا دانەواندەوە تا بزانێ ئاخۆ دەنگی نووزە و ناڵەی سەگ دێت یان نا. نا، هیچ دەنگێک نەدەهات. مانای وایە پییرۆ، بە تەنیا دەبێت. ڕۆز، بەدەم گریانەوە سەگەکەی ماچکرد و تووڕی دایە بیرەکەوە، هەر دووکیان سەریان دانەواندەوەو گوێیان هەڵخست.

لە هەوەڵەوە گوێیان لە دەنگێکی گۆنگ ونەوی بوو، ئەوسا گوێیان لە نووزە نووز وقروسکە قروسکی ئازارناکی سەگێکی بریندار بوو. پاشان قروسکە قروسکی بە سوێ، ئەوسا هاواری نائومێدانە، ناڵەی سەگێک کە سەری بۆ سەری بیرەکە بەرزکردبووەوە و دەپاڕایەوە، دەی قروسکاند، ئەمما قروسکاندن!

هەستیان بە پەشیمانی، ترس، ترسێکی شێتانە و سەیر کرد، ئیدی بە هەشتاو دوور کەوتنەوە. ڕۆز، خێراتر دەڕۆیی، خا لوفیفر لە دواوە هاواریدەکرد:- ڕۆز، پەلە مەکە، بە جێم مەهێڵە.

شەو، خەوی زۆر ترسناکیان بینی.خالوفیفر، لە خەویا، لە سەر خوان دانیشتبوو تا شۆرباکەی بخوات، بەڵام وختایەک سەری قاپەکەی هەڵدایەوە، سەیری کرد پییرۆ، لە ناو قاپەکەیە وتەکانی دا و قەپی کرد بە کەپووی ئەودا. خا لوفیفر، ڕابوو، هەستی کرد گوێی لە نووزە نووزی  پییرۆیە. گوێی هەڵخست، گوێی لە هیچ دەنگێک نەبوو.

دووبارە خەوتەوە، ئەمجارەیان لە خەویا لە سەر جادەیەک، جادەیەکی درێژ و بێکۆتایی ڕێی دەکرد، لە ناکاوا لە ناوەڕاستی جادەکەدا چاوی بە سەبەتەیەکی گەورە کەوت، سەبەتەیەکی گەورەی دێهاتیانە کە لەو گۆڕە کەوتبوو، ترسی لێنیشت.

بەڵام ئاقیبەت قیر وسیای کرد وسەرەکەی هەڵدایەوە. پییرۆ، لە ناویا کزکۆڵەی کردبوو، دەستی ئەوی گرت و بەری نەدا، خالوفیفر بە سەگەکەوە کە خۆی بە باسکیەوە هەڵواسی بوو، وەکو شێت پێی وەغارەوە نا.

سپێدە زوو، وەکو شێت لە خەو ڕابوو، بە غار بەرەو گڵکەندەکە ڕۆیی. سەگەکە هێشتا هەر دەیقروسکاند، بە درێژایی شەوەکە هەر نووزاندبووی.

خا لوفیفر، کەوتە گریان، بە هەزار و یەک ناو ونازناوی میهرئامێزەوە بانگیکرد. ئەویش بە زمانی سەگانەی خۆی، بە میرەبانی وەڵامی دەدایەوە.

خا لوفیفر، پڕ بە دڵ حەزیدەکرد دووبارە بیدینێتەوەو لە دڵی خۆیدا بەڵێنی دەدا کە تا مردن بە خێوی دەکات و نازی هەڵدەگرێ. بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بیر هەڵکەنێ کە کارو پیشەی بریتی بوو لە دەرهێنانی گڵە سوور، حاڵ وحیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ گێرایەوە. بیرهەڵکەنەکە بە بێدەنگی گوێی بۆ گرت. وەختایەک خانم لە قسەکانی بووەوە، کابرا پێی گوت:- دەتەوێ سەگەکەت دەربێنیتەوە؟ بە چوار فرانک بۆتی دەردێنمەوە.

خا لوفیفر ڕاچڵەکی، هەموو خەم و ئازارەکانی لە بیر چووەوە.

-چوار فرانک! چما ڕۆن ڕژاوە؟ چوار فرانک!

بیر هەڵکەنەکە گوتی:

- ئەدی چی، پێت وایە پەت وگوریس وچەرخ ودام ودەزگایەکەم دەبەم، لەوێندەر دایدەمەزرێنم و دەگەڵ شاگردەکەما دەچینە خوارەوەو خۆمان  دەخەینە بەر قەپاڵی سەگە شوومەکەی تۆ هەر بۆ ئەوەی تۆ خۆشحاڵ بکەم و سەگەکەت دەست بکەوێتەوە؟ کە ئەمە حاڵت بوو، لە هەوەڵەوە نەتخستبا بیرەکەوە.

خا لوفیفر، بە توورەیی ڕۆیی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:- چوار فرانک! چییە، ڕۆن ڕژاوە!

که بۆ ماڵ گەڕایەوە، ڕۆزی گازکرد و بۆی گێڕایەوە که کابرای بیرهەڵکەن چەندی داوا کردووە. ڕۆز که هەمیشه برای مەسڵەحەت بوو، چەند جارێک گوتی:- چوار فرانک! ئەمه پارەیەکی زۆرە خانم!

پاشان گوتی:- چۆنه خواردنی بۆ هەڵدەینه خوارەوە، تا ئەو بەسته زمانه له برسا نەمرێت؟

خالوفیفر، به خۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەی قەبووڵ کرد، ئەوسا به هەشتاو به نانێکی گەورەی به کەرەوە کەوتنه ڕێ. نانەکەیان تیکه تیکه کرد و به نۆرە هەر جارەی تیکەیەکیان هەڵدەدایه خوارەوەو قسەیان دەگەڵ پیترۆدا دەکرد و دڵخۆشیان دەدایەوە. سەگەکه هەر که له خواردنی تیکەیەک دەبووەوە خێرا دەحەپی و داوای تیکەیەکی تری دەکرد.

شەویش چوون، سبەی و ڕۆژانی دواتریش هەر چوون. بەڵام ئیدی ڕۆژی یەک جار دەچوون.

***

بەیانییەک، پاش ئەوەی یەکەم پاروویان هەڵدایه خوارەوە له ناکاوا گوێیان له حەپەیەکی زل بوو که له بنەبانی بیرەکەوە هەستا. دوو سەگ له خوارەوە بوون! تومەز سەگێکی دیکەش توورِ درابووە خوارەوە، سەگێکی دیکەی زەلام!

ڕۆز هاواریکرد:- پییرۆ!

پییرۆ، وەڕی، حەپی...

دەستیان به فڕێدانه خوارەوەی نانەکه کرد. بەڵام هەموو جارێ دەنگێکی ترسناک به ئاشکرا دەهاته گوێ، پاشان ناڵه و نووزەی پییرۆ دەهات که سەگەکەی دی گازی لێگرتبوو، ئەو سەگەی دی چونکه بەهێزتر بوو هەموو نانەکەی دەخوارد.

هەر چەنده جووته ژن، دووپاتیان دەکردەوە و دەیانگوت:- ئەمه بۆ تۆیه پییرۆ!

فایدەی نەبوو، دیاربوو پییرۆ هیچی به نەسیب نەدەبوو.

جووته ژن، حایر وحەیران دەیانڕوانییه یەکدی. ئەوسا خا لوفیفر به ڕاوێژێکی تاڵ گوتی:- خۆ من ناتوانم خواردنی هەموو ئەو سەگانه دابینبکەم، که توورِ دەدرێنه ئێرەوە. واچاکه واز لەم کاره بێنین.

کەوتەڕێ، بەدەم ڕێوە بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەو هەموو سەگه بەو بەخێو دەکرێ، خەریک بوو له داخا دڵی شەقی دەبرد، تەنانەت پاشماوەی نانەکەشی دەگەڵ خۆیدا بردەوەو بەدەم ڕێوە دەیخوارد.

ڕۆز، به دوایدا دەڕۆیی و به لکەی بەرانپێڵه شینباوەکەی چاوانی دەسرِی.

٩ / ت[١] / ١٨٨٢

# باوکی سیمون

زەنگی نیوەڕۆ لێیدا. دەرگای قوتابخانە کرایەوەو منداڵەکان بە هەڵەداوان کەوتنە پاڵەپەستۆ تا زووتر وەدەرکەون. بەڵام لە جیاتی ئەوەی وەکو هەموو ڕۆژان بڵاوەی لێبکەن وبۆ فراقین بڕۆنە ماڵەوە، کەمێک لەولاترەوە وەستان، دەستە دەستە خڕ بوونەوە وکەوتنە فسکەفسک و چپەچپ.

ئەو ڕۆژە سیمون، کوڕی بلانشوت، یەکەمجار هاتبووە قوتابخانەکەیان. هەموویان لە ماڵەوە باسی بلانشوتیان بیستبوو، هەرچەندە دایکی ئەو منداڵانە ڕووبەڕوو نەوازشی بلانشوتیان دەکرد، بەڵام لە پاشملە لە عەلەیی دەدوان وبە چاوی سووک تەمەشایان دەکرد. ئیدی منداڵەکانیش بێئەوەی بزانن بۆ، لاسایی دایکەکانیان دەکردەوەو لە عەلەیی دایکی سیمون دەدوان.

بەڵام سیمونیان نەدەناسی، چونکە نە لە ماڵ دەهاتە دەرێ و نە لە کوچە و کۆڵانانی گوندا دەگەڵ ئەواندا دەسوڕایەوەو نە بۆ کەناری ڕوبارەکە دەڕۆیی. هەر بۆیەش خۆشیان نەدەویست وحەزیان لە چارەی نەدەکرد. ئیدی قسەیەکیان لە سەر سیمون ژنەوتبوو و بە شادی و سەرسامی لە نێوان خۆیاندا دەیانگوتەوە. قسەکە لە زاری کوڕێکی چواردە پازدەساڵانەوە داکەوتبوو، ئەم کوڕە وای دەنواند کە هەموو شتێک دەربارەی سیمون دەزانێ و کە لە عەلەیی ئەو دەدوا، بە کەش و فشەوە چاوی دادەگرت، قسەکەی ئەمە بوو:- دەزانن، سیمون... سیمون باوکی نییە؟

کوڕەکەی بلانشوت لە دەرگای قوتابخانەکە هاتە دەرێ. منداڵێکی حەوت هەشت ساڵان بوو وکەمێک ڕەنگزەردو زۆر خاوێن بوو، شەرمن و دەست و پێ سپی دەهاتە بەرچاو.

دەیویست بۆ ماڵ وبۆ لای دایکی بزڤڕێتەوە کە هاوپۆلەکانی وردە وردە لە دەوری خڕ بوونەوە و ئابلۆقەیان دا، کەوتنە فسکە فسک و چپە چپ و بە چاوی پڕ قین و شەڕانییەوە تەمەشایان دەکرد و نیازیان خراپ بوو. کوڕەی غەریب و داماو، شەرمن، حایر و حەپەساو لە ناوەڕاستیاندا وەستا بوو و نەیدەزانی چییان لێی دەوێ و بە تەمای چین. بەڵام ئەو کوڕەی کە قسەکەی هەڵبەستبوو، بە کەش وفشەوە لێی چووە پێشێ وپرسی:- ناوت چییە؟

- سیمون.
- سیمون کێ؟

کوڕێژگەکە، حایر وحەپەساو گوتی:- سیمون.

کوڕەکەی دی قیژاندی بە سەریا:- سیمون کوڕی کێ؟ هەر سیمونی ڕووت نابێت؟

کوڕێژگەکە، کە گریان ئەوکی گرتبوو، بۆ جاری سێیەم گوتی:- ناوم سیمونە.

منداڵەکان دەستیان بە پێکەنین کرد. کوڕەی قسە هەڵبەست بە کەش وفش وبەدەنگی بەرز گوتی:- ها، نەمگوت باوکی نییە؟

بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەر منداڵەکاندا کێشا، سەریان لەم شتە عەنتیکە و باوەڕ نەکردەنییە سوڕ مابوو: شتی وا چۆن دەبێ، چۆن دەبێ منداڵ باوکی نەبێت، بە چاوێ سەیریان دەکرد وەکو ئەوەی پەڕجوویەکی نائاسایی ڕوویدابێت، هەستیان دەکرد ئەو سووکایەتی و بێڕێزییەی دایکیان دەرهەق بە بلانشوت دەیانکرد و تا ئەو کاتە ئەمان تێی نەدەگەیشتن بۆ ئەوانیش سیرایەت دەکات.

لێ سیمون، پشتی بە درەختێکەوە دابوو تا نەکەوێت، بە داماوی وەستابوو وەکو یەکێک کارەساتێکی گەورەی لێقەومابێت. هەوڵیدەدا وەڵامی منداڵەکان بداتەوە، لێ هەرچی دەکرد ودەکۆشا هیچ قسەیەکی بۆ نەدەهات کە بەرسڤی منداڵەکانی پێبداتەوەو بە درۆیان بخاتەوەو بیسەلمێنێت کە ئەویش بابی هەیە. سەرەنجام، بە ڕەنگی هەڵبزرکاوەوە، بە دەنگی بەرز گوتی:- با، هەمە، منیش باوکم هەیە.

کوڕەکە گوتی:- ئادەی کامەیە، لە کوێیە؟

سیمون، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، نەیدەزانی چ بڵێت. ئیدی منداڵەکان هەموو بە جارێ خرۆشان ودەستیان بە پێکەنین کرد، ئەم منداڵە هێشتا نەفامانە کە زیاتر لە حەیوانات دەچوون، وەکو چۆن لە شەڕە کەڵەشێردا، هەموو کەڵەشێر ومریشکان پەلاماری کەڵەشێرە بەزیوەکە دەدەن و بە دەنووک تێی بەردەبن و دەیانەوێ بیکوژن، بەو ئاوایە لە سیمون هاتنە پێشەوە، سیمون لە ناکاوا چاوی بە منداڵەکەی تەنیشت خۆی کەوت، کە ئەویش کوڕی بێوەژنێک بوو و ئەویش وەکو ئەم ( سیمون ) یان بە تەنیا یان لە گەڵ دایکیا دەگەڕا. پێی گوت:- خۆ تۆش باوکت نییە.

کوڕەی تاین بە تووندی بەرسڤی دایەوە:- با، هەمە، من باوکم هەیە.

سیمون پرسی:- کوا، لە کوێیە؟

منداڵەکە بە شانازییەوە گوتی:- باوکی من مردووە، لە گۆڕستانە.

زەمزەمەیەکی ئافەرین ئامێز لە نێو منداڵەکانەوە بەرز بووەوە. وەک ئەوەی هەبوونی باوکێکی مردوو لە گۆڕستانا، پێگەی کوڕەکەی بەرز بکاتەوەو هێندەی دی سیمونی بێ باوک داماو بکات. ئیدی ئەم منداڵە لات و لەوێرانەی کە زۆربەیان بابیان سەرسەری و شەڕانی و بەدمەست ودز بوون و بەدڕەفتاریان دەگەڵ دایکیان دەکرد، سواری سەرو کۆڵی یەکدی دەبوون و دەیانویست وەکو منداڵانی حەڵاڵزادە خۆیان بەسەر ئەو منداڵەدا ( سمون )، کە باوکی نەبوو، با بدەن وخەفەی بکەن.

یەکێک لە منداڵەکان لە ناکاوا سینگی دەرپەڕاندو ڕووبەڕووی سیمون وەستا، بە تەوسەوە زمانێکی لێدەرهێنا و هاواریکرد:- هەی بێباوک، بێباوک.

سیمون، هەر دوو چنگی لە قژی نا وبە پێ لەقە تێی بەربوو، ئیدی شەڕێکی توند بەرپا بوو. جووتە منداڵەکەیان لێکدی کردەوە، سیمون بە سەر وگوێلاکی خوێناوی و جلکی دڕاوەوە، بە دەما لە عاردی کەوت، منداڵەکان بەدەم چەپڵە لێدانەوە لە دەوری خڕبوونەوە. کە هەستایەوە، خۆ بە خۆ کەوتە داتەکاندنی جلکەکانی. یەکێک لە منداڵەکان بە دەنگی بەرز گوتی:- بڕۆ بە باوکت بڵێ.

سیمون، هەستیکرد لە ناخەوە هەرەسی هێنا. لەو بەهێزتر بوون، لێیان دابوو و نەیدەتوانی وەڵامیان بداتەوە، چونکە چاک دەیزانی کە بابی نییە. ماوەیەک هەوڵیدا ڕێگەی گریانەکەی بگرێ، بەڵام فایدەی نەبوو، بە خۆی نەوەستا، بە بێدەنگی کەوتە گریان وهەنسک هەڵدان، خەریک بوو سەری بەدەم هەنسک هەڵدانەوە هەڵدەکەندرا.

نەیارەکانی، لە کەیفان لە کەوڵی خۆ نەدەحەجمین، وەکو چۆن خەڵکانی پاشکەوتوو، لە تەنگانەدا لە یەکدی کۆ وەدەبن، بەو ئاوایە دەستی یەکیان گرت وبە دەوری ئەودا کەوتنە ڕەقسین وهەڵپەڕکێ و لە پەستا و بێپسانەوە دەیانگوت:- بێباوک! بێباوک!

لێ سیمون، لە ناکاوا لە گریان کەوت. لە تووڕەییدا دین (شێت) بوو. هەموو خڕکە بەردەکانی بەر پێی کۆ کردەوە، بە هەموو هێزی خۆیەوە کەوتە بەردەبارانی نەیارەکانی. سەر و گوێلاکی دوو سێ کەسیانی شکاند و بەدەم هوڕژنی گریانەوە پێیان وە غارێوە نا وهەڵاتن، حاڵەتی سیمون هێندە ترسناک بوو کە ئەوانی دیکەش ترسان و ترسنۆکانە لە بەری هەڵاتن و بڵاوەیان لێکرد.

سیمون، کە بە تەنێ مایەوە، لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە ڕوو بکاتە دەشت و دەرەکە و وەکو چۆن پیاوێکی هەژار، لە بەر دەستکورتی خۆی لە ڕووبارەکەدا خنکاندبوو، بەو ئاوایە خۆی بخنکێنێ.

لە ڕاستیا سەربهوردی ئەو پیاوە هەژارەی بیرکەوتەوە کە گەدایی دەکرد وهەفتەی بووری لە تاو دەستکورتی وبێنەوایی خۆی خستبووە ڕووبارەکەوە وخنکابوو. کە جەندەکەکەیان دەرهێنابووەوە سیمون لەوێندەر بووبوو، کە چاوی بە تەرمەکەی ئەو کابرا نەگبەتە کەوتبوو، حەپەسا بوو، بە گۆنا زەرد و ڕدێنە تەڕ و خوساوەکەیەوە، حاڵەتێکی ئاسوودەی هەبوو و چاوە کراوەکانی پڕ لە ئارامی بوون، گوێی لە خەڵکەکەی دەوروبەری بوو گوتیان:- مردووە. یەکێک لە خەڵکەکە گوتی:- خەنی لە خۆی، نەجاتی بوو.

سیمونیش دەیویست هەمان کار بکات، چونکە دەردی بێباوکی لە دەستکورتی گرانتر بوو.گەییە ڕەخی ڕووبارەکە، کەوتە تەمەشای ڕەوتی ڕووبارەکە، ماسییەکان لە نێو ئاوە زوڵاڵەکەدا بە پەلە دەهاتن و دەچوون، جارجارێ خۆیان هەڵدەداو پێشکەکانی سەر ئاوەکەیان ڕاو دەکرد. دەستی لە گریان هەڵگرت تا بە باشی تەمەشایان بکات، چونکە جم وجوڵەکەیانی بەلاوە جوان وباڵکێش بوو. بەڵام ناو بە ناو وەکو ئارامی بەر لە تۆفان، بایەکی توونڕ هەڵدەکات ودار ودرەختەکان بە قرچ و هۆڕ دەخاتە سەما و پاشان لە ئاسۆدا ون دەبێت، بەو ئاوایە، ئەم بیرۆکەیە، بە کول و کۆڤانێکی تیژەوە، لە زەینیا دەپەنگایەوە:- دەمەوێ خۆم بخنکێنم، چونکە باوکم نییە.

دنیا زۆر خۆشبوو. خۆرەتاو بوو. سەوزە گیایەکە لە بەر تیشکی هەتاوەکە گەرم داهاتبوو، ئاوەکە وەکو ئاوێنە دەدرەوشایەوە. سیمون هەندێجار هەستی بە شادی دەکرد، هەمان شادیی کە لە دوای گریان ئۆخژن بە دڵ و دەروون دەبەخشێت، پڕ بە دڵ حەزیدەکرد لە سەر سەوزە گیایەکە و لە بەر خۆرەکە پاڵبکەوێ و بڕازێ.

قورباقەیەکی کەسک لە بەر پێیدا هەڵبەزییەوە. هەوڵیدا بیگرێت، ڕایکرد. دوای کەوت و سێ کەڕەتان هەوڵیدا بیگرێت وبۆی نەگیرا. سەرەنجام هەر دوو لاقی گرت و کە هەوڵ وتەقەلای بۆقەکەی بۆ خۆ ڕزگارکردن بینی، دەستی بە پێکەنین کرد. هەموو بەدەنی خۆی لە سەر هەر دوو پاشووی کۆکردەوەو ئەوسا هەموو هێزی خۆی دەدایە هەر دوو لاقی و وەکو دوو تەرکەی درێژ کۆی دەکردنەوە، چاوە خڕەکانی بە ئەڵقە زێڕینەکانی دەوریانەوە تەواو کرابوونەوە و دەستەکانی لە هەوادا تەکان دەدا. سیمون ئەو گەمە دارینەی بیرکەوتەوە کە لە تەختەی درێژ و لە شێوەی نیشانەی کەڕەت دا ( X ) بە بزمار پێکەوە داکوترابوون و بە جووڵەیەکی وەکو جووڵەی بۆقەکە، ئەو سەربازە چکۆلانەی کە بە تەختەکانەوە داکوترابوون، ڕیز دەکرد و دەکەوتنە ڕێ. ئەوسا ماڵی خۆیان و دایکی بیر کەوتەوە، دڵی پڕ بوو، گریان ئەوکی گرت، دووبارە ڕوندک بە چاویا هاتە خوارێ و ئازای هاتە لەرزین. کەوتە سەر چۆکان و وەکو پێش خەوتن دەستی بە نوێژ و نزایان کرد. لێ نەیتوانی دوعا و نزاکەی تەواو بکات چونکی سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەگیرا و کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت. ئیدی بیری لە هیچ نەدەکردەوە، هیچ شتێکی دەوروبەری خۆی نەدەبینی، تەنیا ڕوندکی هەڵدەڕشت.

لە ناکاوا دەستێکی قورس خرایە سەر شانی و دەنگێکی گڕ پرسی:- کوڕۆ چما بە کوڵ دەگریت؟

سیمون، ئاوڕی دایەوە، کرێکارێکی زەلام، تۆکمە، بە ڕدێن و مووی لوول و ئەڵقەئەڵقەوە، بە میهرەبانی تەمەشای دەکرد. بە چاو و ئەوکی پڕ فرمێسک و گریانەوە بەرسڤی دایەوە:- لێیان دام… چونکە باوکم… نییە… باوکم نییە.

پیاوەکە بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- شتی وا چۆن دەبێ؟ هەر کەسە و باوکێکی هەیە.

کوڕەکە بەدەم هەنسک هەڵدانەوە گوتی:- تەنیا من نەبێ… کە باوکم نییە.

کابرا کەمێک لە فکران ڕاچوو، کوڕەکەی بلانشوتی ناسییەوە، بەڵام چونکە تازە هاتبووە ئەو دیار ودەڤەرە، زۆر ئاگاداری سەربهورد و ماجەراکان نەبوو، گوتی:- خەم مەخۆ کوڕم، ڕابە با پێکەوە بۆ لای دایکت بڕۆین، بابێکت بۆ دەدۆزێتەوە.

بە دوو قۆڵی کەوتنە ڕێ، کابرا دەستی کوڕیژگەکەی گرتبوو، دڵی بەمە خۆشبوو، لە دڵی خۆیدا حەزیدەکرد بلانشوت ببینێ، چونکە وەکو بیستبووی یەکێک بوو لە ژنە هەرە جوانەکانی دەڤەرەکە، لە دڵی خۆیدا بە خۆی دەگوت ژنێک جارێک خزی بێ و دۆڕاندبێتی لەگینە دووبارەی بکاتەوە.

گەیشتنە ئاست خانوویەکی سپی زۆر جوان و پاک وخاوێن. کوڕیژگەکە هاواریکرد، گوتی:- ئەمە ماڵەکەمانە. هاواریکرد:- دایکە.

ژنێک پەیدا بوو. یارۆی کرێکار زەردەخەنەکەی بە نیوە چڵی قووت دایەوە، چونکە یەکسەر تێگەیشت کە ئەو ژنە کەڵەگەت وبەژن زراڤە جوانە هی سوعبەت و شۆخییان نییە، زۆر بە جدی لە بەر دەرگا وەستابوو، وەکو ئەوەی بیەوێ لە بەر دەرگای ئەو خانووەدا کە پیاوێک، جارێ خیانەتی لێکردبوو، ڕێگە بە هیچ پیاوێکی دی

نەدات کە ئەو کارەی لە گەڵدا دووبارە بکاتەوە. یارۆی کرێکار کڵاوەکەی لە سەر داگرت و بە شەرمەوەو بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:- فەرمووو خانم، ئەوە کوڕەکەت، لە کەنار ڕۆخانەکەدا ون بووبوو، بۆم هێناویتەوە.

لێ سیمون، تەکانێکی دا، بە هەشتاو دەستی لە ملی داکی وەرێنا ودووبارە دەستی بە گریان کردەوەو گوتی:- نا دایکە، دەمویست خۆم بخنکێنم، چونکە منداڵەکان لێیان دام، لێیان دام، چونکە باوکم نییە.

ژنەی تاین، کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان، لە ناخی ناخەوە هەستی بە ئازارێکی بە سوێ کرد، بە سۆزەوە، کوڕەکەی کە دووبارە ڕوندک بە چاوانیا هاتەخوارێ، ڕامووسی. کابرای کرێکار زۆر خەمبار بوو، نەیدەزانی چ بکات و چۆن بەجێیان بێڵێت.

سیمون، لە ناکاوا ڕوویکردە کابرا و گوتی:- دەبی بە باوکم؟

بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەردا کێشان. بلانشوت کە خەریک بوو لە شەرما بمرێت و زمانی چووە کلیلە و هەر دوو دەستی نایە سەر دڵی وپشتی بە دیوارەکەوە دا. کوڕێژگەکە کە دیتی کەس وەڵامی ناداتەوە دووبارە گوتی:- ئەگەر نەبی بە باوکم دەڕۆم بۆ سەر ڕوبارەکە و خۆم دەخنکێنم.

یارۆی کرێکار، مەسەلەکەی کرد بە شۆخی و بە پێکەنینەوە گوتی:- باشە، دەمەوێ ببم بە باوکت.

کوڕێژگەکە پرسی:- باشە ناوت چییە؟ تا ئەگەر منداڵەکان لێیان پرسیم، بڵێم ناوی فلانە.

پیاوە گوتی:- ناوم فیلیپە.

سیمون، کەمێک بێدەنگ بوو تا ئەم ناوە لە بەر بکات، پاشان بە دڵێکی ئارامەوە، دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:- دەی باشە فیلیپ تۆ ئیدی باوکی منیت.

یارۆی کرێکار، کوڕێژگەکەی لە باوەش کرد، هەر دوو گۆنای بە دڵ ڕامووسی و بە هەشتاو ڕۆیی و بە جێی هێشتن.

سبەینێ وەختایەک سیمون چووەوە بۆ قوتابخانە، دیسان منداڵە نارەسەنەکان کەوتنە گاڵتە پێکردنی، لە کاتی بەربوونا هەمان کوڕەکەی دوێنێ ویستی هەمان شەڕی پێ بگێڕێ، بەڵام سیمون بە متمانەوە، وەکو ئەوەی بە قۆچەقانی تێی بەر بێ، ڕووبەڕووی بووەوە، سینگی دەرپەڕاند وگوتی:- ناوی باوکم فیلیپە.

لە هەموو لایەکەوە دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە:- فیلیپی چی؟ کێهە فیلیپ؟... فیلیپی ڕووت ناو نییە! ئەم فیلیپەت لە کوێوە هێناوە؟

سیمون هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە، بە باوەڕ و متمانەیەکی بتەوەوە ڕووبەڕوویان بووەوە و ئامادە بوو خۆی بە کوشت بدات بەڵام لە بەریان هەڵنەیەت. باشبوو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە فریای کەوت ولە دەستی منداڵەکانی ڕزگارکرد و بۆ لای دایکی بردەوە.

مودەتی سێ هەیڤان فیلیپ، زۆرجار بە دەوری ماڵەکەی بلانشوتدا دەسوڕایەوەو هەندێجار کە ئەوی لە بەر پەنجەرەکەدا بەدەم دوورمانو تەقەڵانەوە دەبینی، زاتی وەبەر خۆ دەنا و سڵاوێکی گەرم و گوڕی لێدەکرد و ئەویش هەموو جارێ بە جدی سڵاوەکەی دەسەندەوە، هیچ کاتێ بە دەمیەوە پێنەدەکەنی و خولکی نەدەکرد کە بچێتە ژوورەوە.

بەڵام فیلیپ کە وەکو هەموو پیاوان کەمێک خۆپەسند و لە خۆڕازی بوو وای وێنا دەکرد کە بلانشوت، وەختایەک وەڵامی ئەو دەداتەوە زیاتر لە ئاسایی سوور دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ وەکو دەڵێن چاوت دەرچێ بەڵام ناوت دەرنەچێ، جام بشکێ بەڵام نەزرینگێ. بلانشوت ناوی زرینگابوو، وێڕای ئەوەی زۆر خۆی دەپاراست، فایدەی نەبوو زوو بە زوو لێی کەوتنە خوێندن.

لێ سیمون، باوکە تازەکەی زۆر خۆشدەویست و زۆربەی ئێواران پیاسەی دەگەڵ دەکرد. بێ هیچ غایب بوونێک بەردەوام بۆ قوتابخانە دەڕۆیی و بە سەرفرازی بە نێو هاوپۆلەکانیا ڕەت دەبوو و هەرگیز وەڵامی قسەکانیانی نەدەدایەوە.

وێڕای ئەمەش ڕۆژێ ئەو کوڕەی کە یەکەمجار شەڕی پێ فرۆشتبوو، گوتی:- تۆ درۆ دەکەی، تۆ باوکت نییە، ئەو فلیپەش باوکت نییە.

سیمون، بە سەرسامی گوتی:- چۆن ئەو قسەیە دەکەی، بەڵگەت چییە؟ کوڕەکە، دەستەکانی بە یەکدا ماڵی و گوتی:- ئەگەر باوکت بوایە دەبوا مێردی دایکت بێ.

سیمون، لە حانای ئەم بەڵگە دروستەدا، دەستەوەستان ما، لێ پاشان گوتی:- بەهەرحاڵ باوکمە و تەواو.

کوڕەکە پۆزخەنێکی کرد وگوتی:- ڕەنگە وابێ، بەڵام باوکی ڕاستەقینەت نییە.

کوڕەکەی بلانشوت سەری لەبەر خۆ نا و بەدەم خەیاڵەوە بەرەو کوورەی وەستا لوازونی ئاسنگەر ڕۆیی کە فیلیپ لە نک وی کاری دەکرد.

کوورەکە لە نێو چڕە دارستانێکا بوو، دنیا زۆر تاریک بوو، تەنیا پریشکی ئاگرەکە تارمایی هەر پێنج ئاسنگەرەکەی ڕوناک دەکردەوە کە بە بازووی ڕووتەوە بە هانکە هانک، بە تەق وهوڕ چەکوشەکانیان بە سندانەکاندا دەکێشا. بە پێوە بوون، لە نێو گڕ وکڵپەی ئاگردا، لە پەستا و بێپسانەوە وەکو شەیتان کاریان دەکرد وچاویان بڕیبووە ئەو ئاسنە سوورەوە بووەی بەردەمیان. بیروخەیاڵیان بەگوێرەی جووڵەی چەکوشەکانیان بەرز ونزم دەبووەوە.

سیمون، بە خشکەیی، بە بێئەوەی کەس بیدینێت بەرەولای دۆستەکەی ڕۆیی، لە دواوە دستی ڕاکێشا، فیلیپ ئاوڕی پاشی دایەوە. لە ناکاوا کار وەستا و هەمووان بە کونجکاویەکی زۆرەوە تەمەشایان دەکرد. هەنگێ لەم بێدەنگییە چاوەڕوان نەکراوەدا، دەنگی ناسک و هێواشی سیمون بەرز بووەوە کە دەیگوت:

- فیلیپ، باشە بۆ کوڕەکەی داپیرە میشۆ دەڵێت تۆ باوکی ڕاستەقینەی من نیت.

یارۆی کرێکار پرسی:- بۆچی وا دەڵێت؟

- لەبەر ئەوەی مێردی دایکم نیت.

کەس بەو قسەیە پێنەکەنی. فیلیپ ڕەق ڕاوەستا، چەکوشەکەی بە قیتی لە سەر سندانەکە دانا، هەنیەی نایە سەر هەر دوو دەستی کە بەسەر دەسکی چەکوشەکەوە بوون، چوار هاوکارەکەی تەمەشایان دەکردو سیمون، لەنێو ئەو فیتە زەلامانەدا، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوان بوو.

لەناکاوا یەکێک لە ئاسنگەرەکان، بە دەنگێک کە فیلیپ گوێی لێبێ گوتی:- بلانشوت ژنێکی زۆر چاکە، وێرای ئەو نەگبەتیەی بەسەری هاتووە، زۆر خاتوون و بە غیرەتە، هەر شایەنی ئەوەیە ببێت بە هاوسەری پیاوێکی ئابڕوومەند.

سێ کرێکارەکەی دیکەش دەستیان بۆ لە ملی دا:- ئەشەدو وایە.

کرێکاری یەکەم گوتی:- ئاخر ئەو گوناحی چییە کە خاپاندیان؟ کوڕە بەڵێنی دابوویە کە دەیخوازێ. زۆر ژنی دی هەن کە بە هەمان ڕەوشی ئەودا ڕەت بوون و ئەمڕۆ خاتوونی ماڵن و زۆر بەڕێز وحورمەتن.

سێ کرێکارەکەی دی، دیسان دەستیان بۆ لە ملی دا و پێکڕا گوتیان: - ئەشەدو وایە.

کرێکاری یەکەم لە سەری ڕۆیی وگوتی:- داماوە مەگەر هەر خوا بزانێ چەنی ڕەنج کێشاوە تا بە تەنیا منداڵەکەی بەخێو  و پەروەردە بکات. هەر خوا دەزانێ چەند گریاوەو تەنیایی خۆی لاواندووە. سووچی ماڵی گرتووە ومەگەر تەنیا بۆ چوونە کڵێسا لە ماڵ وەدەربکەوێ.

ئەوانی دی، دەستیان بۆ لە ملی دا وگوتیان:- ئەشەدو وایە.

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان وتەنیا دەنگی مووشەدەمەکە دەهات کە ئاگری کوورەکەی خۆشدەکرد. فیلیپ، دەمی لە پەنا گوێی سیمون نا وگوتی:- هەڕە بە دایکت بێژە، ئێوارێ دێم بۆلای ودوو قسەی دەگەڵ دەکەم.

ئەوسا شانی منداڵەکەی گرت وتا بەر دەرگا بەڕێی کرد. گەڕایەوە سەر کارەکەی و هەر پێنج چەکوشەکە بە کەڕەتێ کەوتنەوە کار. تا ئێوارێ چالاکانە، بە شەوق وزەوقەوە، شاد و خەندان کاریان کرد. بەڵام وەکو چۆن زەنگی گەورەی کڵێسا لە ڕۆژانی جەژنا، زەنگی هەموو زەنگەکانی دی دەکاتە ژێرەوە، بەو ئاوایە دەنگی چەکوشەکەی فیلیپیش، لە دەنگی هەموو چەکوشەکانی دی زاڵتر بوو ودەنگی دەدایەوە. بە چاوانی درەخشانەوە، بە پێوەو لە نێو بڵێسە وگڕی ئاگرەکەوە، بە جۆش وخرۆشەوە خەریکی چەکوش وەشاندن بوو.

ئاسمان ئەستێرە باران بوو. کاتێ هات و لە دەرگای ماڵی بلانشوتی دا. کراسێکی خاوێن و چاکەتی ڕۆژانی یەک شەممەی لەبەر کردبوو، ڕدێنی تاشی بوو. ژنەی گەنج هاتە بەر دەرگا وبە کەسەرەوە گوتی:- کاک فیلیپ، دروست نییە بەم شەوە هاتووی بۆ ئێرە.

فیلیپ ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام قسەکانی بە نیوەچڵی لە زاردا مردار بوونەوە.

بلانشوت گوتی:- دەزانی نابیَ کارێک بکەی کە خەڵکی لە پاشملەم بڵێن.

فیلیپ لە پڕ هاتە قسان وگوتی:- ئەگەر شووم پێبکەی، قسە و قسەڵۆکیش تەواو دەبن و بەهیچ ناچن!

ژنەی تاین هیچی نەگوت. بەڵام فیلیپ گوێی لە ترپەیەک بوو، هەستیکرد، لە تاریکی ژوورەکەدا، کەسێک بەر بووەوە. بە هەشتاو خۆی بە ژوورا کرد، سیمون لە نێو جێگادا بۆرژا بوو، یەکەمجار گوێی لە مڵچەی ماچێک بوو، ئەوسا گوێی لە دایکی بوو کە لە بن لێوانەوە سرتە سرتی دەکرد. پاشان لە ناکاوا هەستیکرد دەستەکانی دۆستەکەی ئەویان لە نێو جێگاکە دەرهێنا ولە کاتێکا سیمونی لە نێو باسکە هەرقل ئاساکانی گرتبوو، بە دەنگی بەرز گوتی:- بە منداڵەکان بڵیَ باوکت ناوی فیلیپ ریمی یە، ئاسنگەرەو گوێی هەر منداڵێک کە گەڕت پێبکات دەردێنیَ.

سبەینیَ وەختیَ دەوامی قوتابخانە دەستی پێکرد وچیوای نەمابوو زەنگی دەرس خوێندن لێبدات، سیمون لە ناو پۆلەکەدا کە پڕ بوو لە قوتابی، هەستا و بەدەم لێوە لەرزێوە، بەدەنگی بەرز گوتی:

- باوکم ناوی فیلیپ ریمی یە، ئاسنگەرە و دەڵێت هەرکەسێک گەڕم پێبکات گوێی دەردێنێت.

ئەمجارەیان کەس پێنەکەنی، چونکە هەمووان فیلیپیان دەناسی وباوکێک بوو، هەرکەسیَ بابی وەهای هەبوایە شانازی پێوە دەکرد.

# له مەزرادا

له نزیکی شارێکی چکۆلەدا، که به گەڕاوو کانیاوانی مەعدەنی بەنێوبانگ بوو، دوو کولبه به قەد پاڵی گردێکەوه قوت بووبوونەوه. خاوەنانی ئەم کولبانه (کوختە، کەوێڵ، کۆخ) له زەوی وزارێکی بێ پیت و بەرەکەتدا، زەحمەتێکی زۆریان له ڕای بژێوی وبەخێوکردنی منداڵەکانیاندا دەکێشا. هەر یەکێکیان چوار زارۆکی سەروپێچکەیان هەبوو. ئەم منداڵانه له بەیانییەوه تا ئێوارێ لەبەر ماڵی خۆیاندا، بەدەم یاری و هەرا و هەنگامەدا دەخولانەوەو پێکا دەهاتن. نۆبەرەکانیان شەش ساڵان ودوا بەرەکانیان نزیکەی پازده مانگان بوون، هەر دوو دراوسێکه تەقریبەن له یەک کاتا ژنیان هێنابوو و له یەک کاتدا منداڵیان بووبوو.

دایکەکان، که منداڵەکان تێکەڵ دەبوون، به زەحمەت دەیانناسینەوه. باوکەکان، منداڵەکانیان بۆ جیا نەدەکرایەوه، هەشت ناو له مێشکیاندا دەزرینگایەوەو تێکەڵاو دەبوون، هەر جارێ بیانویستبا یەکێکیان گاز بکەن، زۆرجار سێ ناویان دەگوت تا دەگەیشتنه سەر ناوی ئەو کەسەی که مەبەستیان بوو.

که له سەمتی سەرچاوەی مەعدەنی " رولپور " ەوه دەهاتی، یەکەمین کوختە ماڵی ماڵباتی " توفاس " بوو که سێ کیژ وکوڕێکیان هەبوو، کولبەکەی دی ماڵی ماڵباتی " ڤالان " بوو که کیژێک وسێ کوڕیان هەبوو. ژیانێکی دژوار و کولەمەرگییان هەبوو، خواردنیان شۆربا و پەتاته و هەوای ئازاد بوو. ژنەکان سەعات حەوتی بەیانی، پاشان نیوەڕۆ و پاشتر سەعات شەشی هێوارێ منداڵەکانیان خڕەکردەوه تا خواردنیان بدەنێ، عەینی ئەو شەوانه قەل و قازانەی که مەل و قازەکانیان کۆدەکەنەوه و دان و ئاویان دەدەنێ. منداڵەکان به ڕیز و به پێی تەمەن له دەوری مێزێکی تەختە دادەنیشتن، که هی پەنجا ساڵ بوو، ئەوەنده بەکار هاتبوو لووس بووبوو. منداڵی هەره بچووک به ئەستەم دەمی دەگەییه قەراخ مێزەکه. له بەردەم هەر یەکێکیان قاپێکی قوڵی پڕ له نانەوڵا، که هەر یەکەیان چەند پەتاتەیەک، نیو کەلەرم و سێ سەلک پیازی کوڵاوی تیابوو، دانرابوو، هەموو سەریان دەکرده خواردن تا مڕ دەبوون. بەڵام منداڵه هەره بچووکەکه، دایکی نانی بەدەمەوه دەکرد. ڕۆژانی یەک شەمموان کەمێک گۆشتاویان لێدەنا که ئەمه بۆ خۆی جەژنێک بوو لەو گۆڕەی، لەو ڕۆژەدا باوکیان زیاتر بەدەم خواردنەکەوه دەمایەوەو ناو به ناو دەیگوت:- خۆزیادەکراهەموورۆژێئەمجۆرەخواردنەبخۆین.

دوا نیوەڕۆیەکی هەیڤی مورداد له ناکاوا گالیسکەیەکی بچووک له بەر دوو کوختەکەدا وەستا و ژنێکی گەنج که به خۆی گالیسکەکەی دەئاژۆ بەو پیاوەی که لایەوه دانیشتبوو، گوت:

- هنری تەمەشا تەمەشا ئەم هەموو منداڵه چۆن خۆیان لەم خاک و خۆڵەدا وەردەدەن، چەند جوانن، وانا؟

پیاوه هیچ وەڵامێکی نەدایەوه. خووی بەو قسانەوه گرتبوو که بۆ ئەو ناخۆش بوو وبه جۆره سەرکوتێک دەهاته ژماردن.

ژنه گەنجەکه گوتی:- دەبێ ماچیان بکەم! خۆزگە یەکێکیان هی من بوایه، ئا، ئەو بچکۆلەیەیان.

لە گالیسکەکە دابەزی، چوو بەلای منداڵەکاندا، یەکێک لە دووانە بچووکەکانی گرت، کە کوڕی توفاس بوو، هەڵی بڕی و لە باوەشی گرت، گۆنا چڵکنەکانی،  قژە لوولە تۆزاویەکەی، دەستە بچووکەکانی، کە تەکانی دەدان تا خۆی لە نەوازشەکانی ژنەی گەنج ڕزگار بکات، بەوپەڕی تامەزرۆییەوە ماچکرد.

پاشان سواری گالیسکەکە بووەوەو بە پڕتاو ڕۆیی. بەڵام هەفتەی دواتر هاتەوە، لە ئەرزەکەدا دانیشت، منداڵەکەی لە باوەش گرت، تا خواردی شیرینی دەرخوارد دا، نوقوڵی بە منداڵەکانی دیکەش دا، ئەوسا وەکو کچۆڵەیەکی منداڵ دەگەڵیاندا کەوتە گەمە ویاری و، مێردەکەی بە سەبروحەوسەڵەوە لە نێو گالیسکە سووکەڵەکەدا چاوەڕوانی دەکرد.

جارێکی دی هاتەوە دەگەڵ داک و باب وکەس وکاری منداڵەکاندا ناسیاوی پەیدا کرد، ئیدی وای لێهات هەموو ڕۆژێ بە گیرفانی پڕ لە نوقوڵ و پارەی وردەوە دەهات. ناوی " خا هنری دوبییر " بوو.

بەیانییەک کە هات مێردەکەشی دەگەڵیا دابەزی، بە بێئەوەی بە دیار منداڵەکانەوە بوەستێ، کە هەموویان دەیانناسی، خۆی بە ماڵی گوندییەکاندا کرد.

پیاوەکان لە ماڵ بوون ودار وئێزنگیان بۆ شێوی ئێوارە دەشکاند، حایر و حەپەساو پشتیان ڕاستکردەوە و کورسییان بۆ هێنان و بەدەم چاوەڕوانییەوە بە دیاریانەوە وەستان. ژنەی گەنج بە دەنگێکی پچڕپچڕ و لەرزۆک دەستی بە قسان کرد:- دۆستانی ئازیز، بۆ ئەوە هاتووم کە پڕ بە دڵ حەزدەکەم کوڕە بچووکەکەتان... کوڕە بچووکەکەی ئەنگۆ... دەگەڵ خۆدا ببەم.

جووتە گوندی حایر وحەپەساو، تیا مابوون چی بڵێن.

ژنەی گەنج، نەفەسی تازە کردەوەو گوتی:- ئێمە منداڵمان نییە، من ومێردەکەم بە تەنیاین... منداڵەکەتان بەخێو دەکەین و دەی پارێزین... چ دەڵێن، ڕازی دەبن؟

ژنە گوندییەکە بەرە بەرە لە مەبەستیان حاڵی دەبوو. پرسی:- یانیدەتانەوێ " شارلو " مانلێبسەنن؟نا،شتیواچۆندەبێ،نا.

جەنابی دوبییر، هاتە قسان:- خێزانەکەم مەسەلەکەی باش ڕوون نەکردەوە. مەبەستمان ئەوەیە بە فرزەندی هەڵی بگرینەوە، بیکەین بە کوڕی خۆمان، بەڵام دەشتوانێ سەردانی ئێوەش بکات وهات وچۆتان بکات. ئەگەر بە دڵی ئێمە دەرچوو ئەوا دەبێ بە میراتگری مە، خۆ ئەگەر خۆشمان منداڵمان بوو، ئەوا برا بەش دەبن بە میراتگری مە. بەڵام ئەگەر بە دڵی ئێمە دەرنەچوو، ئەوا هەرکاتێ تەمەنی گەییە هەژدە ساڵان، بیست هەزار فرانکی دەدەینێ و لە ئێستاوە ئەو برە پارەیە لەلای دادنووس تۆمار دەکەین.

هەڵبەتە بیرمان لە ئێوەش کردووەتەوە، لە ئێستاوە تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا دەمێنن، هەموو مانگێک، سەد فرانکتان دەدەینێ. ئێستا لە مەبەستمان حاڵی بوون؟

ژنی کابرای دێهاتی، بەوپەڕی تووڕەیی هەستا وگوتی:- یانی دەتانەوێ شارلوتان پێ بفرۆشین؟ نا، مەگەر شتی وا دەبێ! شتی وا لە دایک داوا دەکرێ؟ نا، نا، نابێت، ئەمە شەرمە. کاری نەکردەنییە.

مێردەکەی هیچی نەدەگوت، چارەی دابوو بە یەکا و لە فکران ڕا چووبوو، بەڵام پەیتا پەیتا سەری دەلەقاند و قسەکانی ژنەکەی دەسەلماند.

خا دوبییر، پەرێشان و پەشێو، دەستی بە گریان کرد، ڕووی کردە مێردەکەی و بەدەم هەنسک هەڵدانەوە، بە دەنگی منداڵێکی نازدارەوە کە هەرچیەکی بوێ بۆی دابین بکرێ، بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:

- هنری، قاییل نابن، ڕازی نین!

ئیدی دوا هەوڵی خۆیان دا:- ئاخر گەلۆ بیر لە ئایندەی منداڵەکەتان بکەنەوە، بیر لە بەختەوەری ئەو بکەنەوە...

ژنی کابرای گوندی گەیی بووە تینی، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- دیتمان، بیستمان، بیرمان کردەوە، بڕۆن وئیدی لەم ناوە نەتان بینمەوە ها. ئاخر چۆن دەبێ بەو ئاوایە منداڵێک لە دایکی بسەنرێ و بیبەن!

خا دوبییر، لە کاتی ڕۆیشتندا، هەستیکرد منداڵە چکۆلەکان دوانن، بە ڕژدی ژنێکی کەللە شەقەوە کە هەرچیەکی داوا کردووەو بۆی دابین کراوەو تەحەمولی هیچ ناکات، بەدەم پەڵمە گریانەوە پرسی:- ئەو بچکۆلەیەی دی هی ئێوە نییە؟

توفاشی باوک گوتی:- نەخێر، هی دراوسێکەمانە. ئەگەر حەز دەکەن دەتوانن بچن بۆ لایان.

دوای ئەوەی چووە ژوورەوە، ژنەکەی هێشتا هەر دەیبۆڵاند.

ماڵی ڤالان، لە دەوری مێزێک دانیشتبوون. قاپێکیان لە نێوانا بوو کە تۆزێ کەرەی تیابوو، بە ئەسپایی بە نووکی چەقۆیەک، زۆر بە ڕەزیلی تۆزقاڵێکیان لە کەرەکە هەڵدەگرت و لە نانەکەیان هەڵدەسوو و دەیانخوارد.

ئاغای دوبییر، دەستی بە قسان کرد، بەڵام ئەمجارەیان بە پارێزێکی پترو زیرەکییەکی زیاترو بە کینایە قسەی کرد.

ژن ومێردە گوندییەکە، سەری نارەزاییان با دەدا، بەڵام کە زانیان مانگی سەد فرانکیان پێدەدرێ، نیگای یەکیان کرد، بە دوو دڵی و نیگەرانی بە ئاماژەی چاو ڕاوێژ و تەگبیریان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد.

ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، دووچاری عەزاب ودوو دڵی بوون. سەرەنجام ژنێ پرسی:- چ دەڵێی پیاوەکە.

پیاوە بە ڕاوێژێکی تەکەلوف ئامێز گوتی:- من دەڵێم خراپ نییە.

خا دوبییر، کە لە پەشێویدا کەوتبووە لەرزین، باسی ئایندە و بەختەوەری منداڵەکەی دەکرد، باسی ئەو پارە مۆڵەی کرد کە دەیتوانی پاشان بە داکی و بابیی بدات.

کابرای دێهاتی پرسی:- باشە ئەو سەد فرانکەی دەیڵێن لە لای دادنووس تۆماریدەکەن؟

ئاغای دوبییر، بەرسڤی دایەوە وگوتی:- هەڵبەتە، لە سبەیەوە ئەم کارە دەکەین.

ژنە دێهاتیەکە لە فکران ڕاچوو بوو، هەڵیدایە وگوتی:- سەد فرانک کەمە، چونکە ئێمە لە منداڵەکەمان مەحرووم دەبین و ئەم منداڵە چەند ساڵێکی دی گەورە دەبێت وکار دەکات، دەبێ سەد و بیست فرانکمان بدەنێ.

خا دوبییر کە لە بێتاقەتیدا ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد، یەکسەر قاییل بوو. کاتێ منداڵەکەی هەڵگرت تا بیبات و لە کاتێکا مێردەکەی بەڵێن نامەکەی دەنووسی، سەد فرانکی بە دیاری دایە ژن ومێردە گوندییەکە. ئیدی کوێخا و یەکێک لە دراوسێکانیان، بە خۆشحاڵییەوە بوون بە شایەدی سەواو مامەڵەکە.

ئیدی خا دوبییر، ڕووی گەشایەوەو منداڵەکەی، کە پڕ بە زاری دەگریا لە گەڵ خۆیدا برد، ڕێک وەکو چۆن یەکێک توحفەیەکی دڵخوازی خۆی لە دووکانێک کڕی بێت، بەو ئاوایە شاد وخۆشحاڵ منداڵەکەی برد.

ماڵی توفاش، لە بەر دەرگای خۆیان وەستابوون، تەمەشای ڕۆیشتنی ئەوانیان دەکرد، بێدەنگ وپەست بوون، پێدەچوو ژێوان بن لەوەی کە ئەو مامەڵەیەیان ڕەفز کردبوو.

ئیدی ناوی جان فالان لە کولەکەی تەڕیشا نەما، کەس باسی نەدەکرد، داک و بابی هەموو مانگێک دەچوون بۆ لای دادنووس وسەد وبیست فرانکەکەی خۆیان وەردەگرت، ئیدی دەگەڵ دراوسێکانیاندا بەعز بوون، چونکە ژنەی توفاش بەردەوام لە عەلەییان دەدوا، قسەی پێدەگوتن، بچوایەتە هەر شوێنێ لۆمەی دەکردن و دەیگوت بەشەر چۆن منداڵی خۆی دەفرۆشێت! مەگەر خەڵکی عەیبدار کاری وا بکەن، ئەمە کارێکی نەنگە، شورەییە.

هەندێجار، بە کەش وفشەوە شارلوی لە باوەش دەکرد و بەدەنگی بەرز، بەجۆرێ وەکو ئەوەی منداڵەکە تێی بگات، دەیگوت:- من تۆم نەفرۆشت، نا، من تۆم نەفرۆشت جەرگەکەم. من لەو کەسانە نیم کە منداڵی خۆم بفرۆشم. نا، نەخێر دەوڵەمەند نیم، بەڵام منداڵەکانم نافرۆشم.

ساڵەهای ساڵ ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی بوو، هەموو ڕۆژێ لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان ڕۆدەنیشت و بەدەنگی بەرز، پەلاری داوێشت تا دراوسێکەیان گوێی لێبێت. ئیدی ژنەکەی توفاش وای لێهات لە هەموو خەڵکی دەڤەرەکە خۆی بە زیاتر دەزانی و شانازی بەوەوە دەکرد کە شارلوی نەفرۆشتبوو، هەر کاتێ باسی ئەو هاتبا ناو ناوان، دەیانگوت:

- ڕاستە، ئەو کارە تەماحێکی گەورە بوو، بەڵام ئەو دایکانە ڕەفتاری کرد، دایکی باش دەبێ وابێت.

ئیدی بە نموونە دەهێنرایەوەو شارلوش کە بوو بە هەژدە ساڵان، لە منداڵییەوە بەو قسەیە گۆش کرابوو، ئەویش خۆی لە هەموو هاوڕێکانی بە زیاتر دەزانی چونکە نەیانفرۆشتبوو.

بنەماڵەی فالان بەهۆی ئەو بەراتەوە کە مانگانە وەریاندەگرت ژیانیان خۆش بوو. هۆی تووڕەیی بنەماڵەی " تۆفاش " کە بە هەژاری مابوونەوە و قەت نانی وشک وپێخۆرێکیان نەدەگەینە یەک، ئەمە بوو.

کوڕە گەورەکەیان چووە سەربازی، دووەمیان مرد، تەنیا شارلو مایەوە، دەبوا دەگەڵ باوکە پیرەکەیا شان بداتە بەر کارێن قورس تا بژێوی دایکی و دوو خوشکی بچووکتر لە خۆی دابینبکات.

تەمەنی گەیی بووە بیست ویەک ساڵان کە ڕۆژێک گالیسکەیەکی خاوێن، بە بریق وباق لە بەر دوو کوختەکەدا وەستا. کوڕێکی گەنج بە سەعاتێکی زنجیر زێڕەوە دابەزی و دەستی خانمێکی پیری پۆڕ سپی گرت تا دابەزێت. خانمە پیرەکە گوتی:- هۆوەتێ کوڕم، خانووی دووەم.

کوڕە گەنجەکە بە جۆرێ خۆی بە کولبەی ماڵی ڤالن دا کرد وەکو ئەوەی ماڵی خۆی بێت.

دایکە پیرەکەی بەرانپێلەکانی دەشت و بابی کە زەمینگیر بووبوو لە دیار ئاگردانەکە هەڵاژابوو. هەر دووکیان سەریان هەڵبڕی و کوڕە گەنجەکە گوتی:- سڵاو باوکە، سڵاو دایکە.

هەردووکیان، بە سەرسامی قوت بوونەوە. پیرەژن بەجۆرێ هەڵچوو کە سابوونەکە لە دەستی بەر بووەوە و کەوتە تەشتە ئاوەکەوە، زمانی کەوتە تەتەڵە وگوتی:- ئەمە تۆی کوڕەکەم؟ خۆتی؟

کوڕە گەنجەکە باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد وگوتی:- سڵاو دایکە گیان.

پیرەمێرد، بە لەشی لەرزۆکەوە، بە هەمان دەنگی ئارامی جارانیەوە گوتی:- گەڕایتەوە جان؟

دەتگوت، هەمووی یەک مانگ بوو نەی دیتبوو.

داک وباب هەرکە بە جگەرگۆشەکەیان شاد بوونەوە، پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد یەکسەر ببیەنە دەرێ و بە خەڵک و خوای نیشانبدەن. ئیدی بۆلای کوێخا و یاریدەدەری کوێخا و قەشە و مامۆستای گوندەکەیان برد.

شارلو، لەبەر کوختەکەی خۆیان وەستابوو و تەمەشای ئەوی دەکرد کە تێدەپەڕی.

شەوێ لە سەر شێو بە باوکە پیرەکەی گوت:- زۆر بێ ئەقڵیتان کردووە، کە هێشتووتانە منداڵەکەی ڤالان بەرن.

دایکی بە سەرسەختی بەرسڤی دایەوە:- ڕازی نەبووین منداڵەکەمان بفرۆشین!

باوکەکە هیچی نەدەگوت. کوڕە لە سەری ڕۆیی:- حەیف نییە، بەشەر بەمجۆرە بکرێتە قوربانی!

بابی توورە بوو وگوتی:- ناکا گلەیی ئەوەمان لێبکەی کە دڵمان نەهاتووە بتفرۆشین؟

کوڕە بە توندی گوتی:- گلەیی دەکەم و زیاتریش، خەڵکی وەکو ئێوە نەبوونیان زۆر چاکترە. ئێوە بە گەوجێتی خۆتان منداڵەکانتان بەدبەخت دەکەن. هەقە سەری خۆم هەڵبگرم و بە جێتان بێڵم.

پیرەژنی داماو سەری بەسەر قاپەکەی بەردەمیا شۆڕ کردبووووەوو دەگریا، بە کەسەرەوە مراکە سوپەکەی بۆ دەمی برد، نیوەی چووە دەمیەوە و نیوەی ڕژا. گوتی:- دەوەرە خۆت بۆ منداڵ بکوژە وگەورەی بکە.

کوڕە بە تووندی بەرسڤی دایەوە:- خۆزیا هەر لە دایک نەباما و خۆم بەم حاڵەوە نەدیتبا. کە ئەو یارۆیەم بینی، خوێنم هاتە جۆش. لە دڵی خۆدا گوتم: وانەبوایە هەنووکە من لە جێگای ئەو دەبووم.

هەستا وگوتی:- وا چاکە من بڕۆم، چونکە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ گلەییتان لێدەکەم و حەوانەوەتان لێ هەڵدەگرم و ژیانتان لێ تاڵ دەکەم. ئەوەش بزانن قەت لە سەر ئەو کارە، گەردنتان ئازا ناکەم!

داک وبابی پیر، بێدەنگ بوون، حەپەسابوون، ڕوندک لە چاویان قەتیس مابوو!

کوڕەکە گوتی:- نا ئەم بیرۆکەیە برێک قورسە. چاکتر وایە بڕۆم بۆ شوێنێکی دیکە و کارێک بدۆزمەوە!

دەرگای کردەوە. دەنگی هەراو هەنگامە دەهات، ماڵی ڤالان، بە بۆنەی گەڕانەوەی کوڕەکەیانەوە ئاهەنگیان ساز کردبوو.

شارلو، پێیەکی بە عاردیدا کوتا، ئاوڕێکی لای داک و بابی دایەوە و هاواریکرد:- گوندییانی کەودەن!

ولە تاریکی شەوەکەدا ون بوو.

## یەکەمین بەفر

شەقامە درێژەکەی پارک وسەیرانگەی " کروازت " بە قەراخ ئاوە شینەکەیا پێچی دەکردەوە، لەو خوارەوە، بە سەمتی ڕاستا، تیشەلانەکانی کوێستانی " ئەسترل" تا چاو بڕدەکات، بە ناو دەریاکەدا دەڕوات، بەری دیمەن و بەرجەوەنەکان دەگرێت، جوانی تایبەتی باشووری زنار وقولله تیژە جۆراوجۆرو سەیرەکانی، بەری ئاسۆ دەگرێت.

لە سەمتی چەپا، گراڤ ودورگەکانی " سنت مارگرێت " و " سنت ئونورا " لە ئاوەکەدا ڕاکشاون و سەرەکانیان یەکپارچە دارکاژە. بەدرێژایی کەنداوە پان و بەرینەکەدا، بە درێژایی کێوە بەرزەکانی دەوروبەری " کەن "، هەر هەمووی چڕە ڤێلای سپیواژەو لە دوورەوە دەڵێی لە بەر خۆرەتاوەکەدا ڕازاون. خانووی سپیواژی پەراگەندە لە سەرێ تا بناری گردەکان هاتووەو پەڵە بەفرێن بچووک بەسەر سەوزە گیایەکەوە دیارن.

ئەو خانووانەی کە لە دەریاکەوە نزیکترن، تەیمان و محەجەرەکانیان بە سەر پارک و سەیرانگە بەرینەکەوە دەکرێنەوە، شەپۆلێن ئارامی دەریاکە دێن و کەناری محەجەرەکان دەشۆن. هەواکەی خۆشە. درەختانی پرتەقاڵ و لیمۆی زێڕین لە سەر دیواری باخەکانەوە دیارە.ژنان بە ئەسپایی بە سەر شەقامە لمەلانەکەدا ڕێدەکەن و قسە و سوعبەت دەگەڵ پیاوەکانیاندا دەکەن و منداڵەکانیان بەدەم گەمەوە دوایان دەکەون.

*

ژنێکی گەنج لە خانوویەکی بچووکی جوانەوە، کە دەرگاکەی بەسەر پارک وسەیرانگەکەدا دەکرێتەوە، دێتەدەرێ. هەڵوەستەیەک دەکات و تەمەشای سەیرانکەرەکان دەکات. بزەیەک دەکات و بە لاقە لەرزێ خۆی دەگەیەنێتە تەختێکی چۆڵی بەرانبەر دەریاکە. بەو بیست هەنگاوە ماندوو بوو و بە هانکە هانک دانیشت. ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. دەکەوێتە کۆکەکۆک و قامکە باریک و لاوازەکانی بۆ دەم و لێوی دەبات، وەکو ئەوەی بیەوێ ئەو تەکان و لەرزە لەرزە ڕابگرێ کە خەریک بوو هەناسەی ببڕێت. تەمەشای ئاسمانی پڕ لە هەتاو و پەڕەسێلکان، شێوەی یاخیانەی لوتکە دوورە دەستەکانی " ئەسترل " و دەریا نزیکەکە دەکات کە چەند شین، چەند مەند، چەند جوانە.

دووبارە بزەیەک دەکات ولەبن لێوانەوە دەڵێت:- کە دڵم خۆشە!

لە حاڵێکا کە دەزانێت بەو زووانە دەمرێت، دەزانێ کە ناگاتە بەهار وساڵێکی دی لەم پارک و سەیرانگەیەدا، هەمان ئەم کەسانەی کە بەبەر دەمیا ڕەتدەبن، دووبارە دێنەوەو هەمان هەوای فێنکی ئەم سەرزەمینە خۆشە هەڵدەمژن، دەگەڵ هەمان ئەم منداڵانەدا کە کەمێک گەورەتر بوون، بە دڵێن پڕ ئومێدومیهرەبانی و شادکامییەوە، لە حاڵێکا ئەم جەستە لاوازەی ئەو لە قوڵایی تابووتێکی دار بەڕوودا، ڕزیوەو تەنیا ئێسقانەکانی لەناو ئەو کراسە ئاوریشمەدا کە وەکو کفن بۆ خۆیی هەڵبژاردووە، ماوە.

هەنگێ ئەو لە دنیادا نەماوە. هەموو ئەوزارێکی ژیان بۆ خەڵکانی دی بەرکەماڵ دەبێ. بەڵام سەبارەت بەو هەموو شتێک، بۆ هەتاهەتایە کۆتایی دێت... ئیدی ئەو نامێنێ... بزەیەک دەکات. بە سیپەلاکە نەخۆشەکانی، تا دەتوانێ هەوای پڕ بۆن و بەرامەی باخەکان هەڵدەمژێ و لە فکران ڕادەچێت.

**

بیری دێتەوە.

چوار ساڵ لەوەپێش ئەویان بە وەچاخزادەیەکی جووتیاری نورماندی بە مێرد دا. گەنجێک بوو ڕیشن، دەم و چاو ئاڵ، ناوشان پان، خولْق و خوو خۆش وشاد.

هەڵبەتە ئەم زەماوەندەی وان هۆی مادی هەبوو کە زاوا هیچی لێ حاڵی نەدەبوو. زۆر حەزی دەکرد بڵێ " نا " بەڵام بۆ ئەوەی داک وبابی نەڕەنجێنێ، بە نەبەدڵی و بە حەرەکەی سەر گوتی " بەڵێ ". کیژێکی شادی پاریسی بوو و بەدەم ژیانەوە پێدەکەنی، ژیانی زۆر لە لا خۆشبوو.

مێردەکەی، ئەوی بۆ کۆشکەکەی گواستەوە، کۆشکەکەی لە نورماندی بوو. کۆشک وتەلارێکی بەردینی گەورە بوو، هەر چوار دەوری درەختی کۆن و بە تەمەن بوو. کاژستانێک بەردەمی گرتبوو. لە سەمتی ڕاستیا، هاماجێکی کراوەو بیابانێکی کاکی بە کاکی دیار بوو کە تا کۆمەڵێک قەڵای دوورە دەستی گوندیاتی دەڕۆیی. کوێرە ڕێگایەک بەبەر تەیمان ومحەجەرەی کۆشکەکەدا دەڕۆیی و تا جادە سەرەکییەکە، کە لە سێ کیلۆمەتری کۆشکەکەدا بوو، دەڕۆیی.

چەند جوان هەموو شتێکی بیردێتەوە:

هاتنە هەواری تازە، یەکەم ڕۆژێ کە لەوێندەری گوزەراند و، گۆشەگیری ژیانی دواتری.

لە گالیسکەکە دابەزی و تەمەشایەکی ساختمانە کۆنەکەی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:- شوێنێکی خۆش و دڵگیر نییە.

مێردەکەی بە پێکەنینەوە گوتی:- وا مەڵێ! ڕادێی. کەسێ نەمرێ دەبینی. من هەرگیز لێرە بێتاقەت نابم.

ئەو ڕۆژەیان، بە ماچ و مووچ و خۆشی گوزەراند و بەلای زاواوە زۆر درێژ نەبوو.

سبەیش هەر بە هەمان شێوە بووری و هەموو هەفتەیەک بە ناز و نەوازش بووری.

ئەوسا ژنێ کەوتە ڕێکخستنی ناو ماڵەکەی. ئەم کارە یەک مانگی تەواوی خایاند. ڕۆژان یەک لە دوای یەک بە کار و مەشغەڵەتێن بێبایەخ بەڵام وەختگیر تێدەپەڕین. ئیدی ژیان بە شتە بێبایەخ و بچووکەکانەوە بەسەر دەچوو. سەیری کرد دەشێت ئینسان بایەخ بە هێلکە مریشکان بدات کە بە گوێرەی وەرز یەک دوو سانتیم نرخی بەرزیان نزم دەبووەوە.

هاوین بوو. دەچوو بۆ کێڵگە و مەزراکان و تەمەشای هەڵگرتن و کۆکردنەوەی خەرمان و جۆخینانی دەکرد. ڕۆژێ هەتاو دڵی ئەویشی خۆشدەکرد.

پاییز هات. مێردەکەی خووی دایە ڕاو وشکار. بەیانیان بە هەردوو تاژییەکەیەوە، میرزا ومیدور، لە ماڵ وەدەردەکەوت ودەڕۆیی. ژنەی تاین بە تەنێ دەمایەوە، بە بێئەوەی کە بە دوورکەوتنەوەی هنری مێردی غەمگین ببێت. مێردەکەی خۆشدەویست، بەڵام بیری نەدەکرد. وەختایەک ئەو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، ژنێ زیاتر نەوازشی تاژییەکانی دەکرد. هەموو شەوێک بە سۆز ومەحەبەتی دایکانەوە پێیان ڕادەگەیی. بەردەوام نەوازشی دەکردن، نازی هەڵدەگرتن، بە هەزار و یەک ناو و نازناوی خۆشەوە دیدواندن، کە هەرگیز بە بیریا نەدەهات، بەو ئاوایە بەدەوری مێردەکەیدا بێت و بیلاوێنێت.

پیاوەکەی بە بەردەوامی باسی وردەکاری ڕاو وشکارەکەی بۆ دەکرد. باسی ئەو شوێنانەی دەکرد کە تووشی کەوان دەبوو، سەیری پێدەهات کە لە شەودەرزارەکەی ئاغای جوزیف لودانتودا کەروێشکی نەبینی بوو، یان لە ڕەفتار وئەتواری ئاغای لوشاپلیەی خەڵکی لوهاڤر ناڕەحەت بوو کە بە بەردەوامی لە ئاقاری زەوییەکانی ئەودا دەسوڕایەوە تا ئەو حەیوانانەی کە هەقی ئەو، واتە هنری دوپارڤیل بوو، ڕاو بکات.

ژنێ، لە وەڵامی ئەودا دەیگوت:- بە ڕاستی کارێکی دروست نییە.

وبیری لە شتێکی دی دەکردەوە.

زستان هات، زستانی سارد وبە بارانی نورماندی. ڕێژنەی بارانی توونند بە سەربان و ئەو جەمەلۆنە تیژانەی کە چووبوون بە ئاسمانا، هەر نەدەبڕایەوە. ڕێگاکان، دەبوون بە ڕوبارێن لیڵ ودەشت دەبوو بە پاخوا قوڕ و حەڕی، جگەلە شوڕە شوڕی باران هیچ دەنگێکی دی نەدەبیسترا. هیچ جم و جوڵێک جگەلە فڕینی پۆلی قەلەڕەشان، نەدەبینرا، کە وەکو پەڵە هەورێن ڕەش لێرەوە بۆ ئەوێ دەڕۆیشتن ولە مەزرایەکدا دەنیشتنەوە و دووبارە لە شەقەی باڵیان دەدا ودەفڕین.

دەوروبەری سەعات چوار، پۆلی قاژوان هێرشیان دێنا و لە سەر دارە بەرزەکانی سەمتی چەپی کۆشکەکە دەنیشتنەوەو دەیانکرد بە قاو وقیژێک گوێی بنیادەم کەڕ دەبوو. نزیکەی یەک دانە سەعات لەم درەختەوە هەڵدەفڕین بۆ ئەو درەخت. دەتگوت دەگەڵ یەکدا بە شەڕ دێن، دەیانکرد بە قاو و قیژێ ئەوسەری دیار نەبێ، لقی کەوەیی درەختەکان، ڕەش دەچوونەوە.

ژنێ، هەموو ئێوارەیەکی خۆر لە زەردە بە دڵێکی خەمین تەمەشای دەکردن. خەمناکی شوومی ئەو شەوەی کە باڵی بەسەر دەشتە کاکی بە کاکیەکەدا دەکێشا، سەراپای دادەگرت.

پاشان لە زەنگی دەدا کە چراکە بێنن و، دەچوو لە نزیک موغەیرییەکەوە ڕۆدەنیشت. بڕ بڕ ئێزنگی لە موغەیرییەکە دەکرد، بەڵام هەرچی دەکرد ودەکۆشا ژوورە گەورە و نمناکەکانی پێ گەرم نەدەکرایەوە. هەموو ڕۆژێ، لە هەموو شوێنێ، لە هۆڵەکە، لە مووبەقەکە، لە ژوورەکەی خۆی، هەر سەرمای بوو. هەستی دەکرد،

ئێسقانەکانیشی لە سەرما چاییون. مێردەکەی کاتی شێو دەهاتەوە، چونکە بەردەوام یان لە ڕاو بوو یان خەریکی زەوی کێڵان و داچاندن و کارێن دیکەی جووتیاری بوو.

شاد وسەراپا لە خاک و خۆڵا هەڵکشاو دەهاتەوە، دەستەکانی هەڵدەگلۆفت وبەدەنگی بەرز دەیگوت:- چ هەوایەکی ناپەسندە. یان:- ئاگر چەند خۆشە.یان هەندێجار لە هاوسەرەکەی دەپرسی:- ئێ، دەنگ و باست؟ باشی؟ کەیفت قنجە؟

خۆی باش بوو، هیچ عەیبێکی نەبوو، دڵی هیچی نەدەویست. جگە لەو ژیانە سادە وساکار وئاسوودەیە، ئارەزووی هیچ شتێکی دیکەی نەبوو.

دەوروبەری هەیڤی دیسامبەر کە وەرزی بەفر دەستی پێکرد، کەش و هەوای کۆشکەکە زۆر تەزی و بەفرین بوو، لە تۆ وایە تێپەڕبوونی قەڕنان ئاپارتمانە کۆنەکەی بە هەمان شێوە سارد دەکردەوە کە گوزەشتی ساڵان بەشەر بەرە ساردبوونەوە دەبات. ژنێ هێندە بەم تۆف و سەرمایە قەڵس بوو کە شەوێ بە مێردەکەی گوت:- هینری، پێویستە ئامێرێکی گەرم کەرەوە لێرە دابنەین، کە دیوارەکان گەرم بکات، باوەڕ بکە شەوێ تا بەیانی لە سەرما هەڵدەلەرزم و گەرمم نابێتەوە.

مێردە، کە گوێی لەو پێشنیازە سەیرە بوو کە لە کۆشکە دێهاتیەکەیا ئامێری گەرم کەرەوە دابنێ، هەوەڵجار حەپەسا. ئەگەر پێشنیازی ئەوەی بۆ کرابا کە لە قاپی زیوی خالیسەدا خواردن بە تاژیەکانی بدات، زۆر لە دانانی ئامێری گەرمکەرەوە، بەلایەوە ئاسایی تر بوو. ئەوسا تا دەمی گرتی لە قاقای پێکەنینی دا و پەیتا پەیتا دەیگوت:- ئامێر، لێرە! ئامێر و ئێرە! ها! ها! ها!حەزت لە سوعبەتە!

ژنێ پێداگری دەکرد:- باوەڕ بکە بەشەر لێرەیا ڕەق دەبێتەوە گیانەکەم، تۆ بۆیە هەستی پێناکەی چونکە بەردەوام دەجوڵێیت، دەنا بەشەر ڕەق دەبێتەوە، سەرماکەی لە کێشا نییە.

مێردەکەی بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:- قسەی وا مەکە، بەشەر ڕادێ، ئەم سەرمایە بۆ ساغڵەمی بەدەن زۆر باشە. ڕادێیت و حاڵت باشتر دەبێت. خۆ ئێمە پاریسی نین لە سەرما خۆمان بتەپێنینەوە ناو موغەیرییەوە. ها! هەربینا بەهار هات.

***

نزیکی مانگی یەک بەڵایەکی گەورە بەسەر ژنێ هات. داک و باوکی بەهۆی تامپۆنی گالیسکەوە مردن. بۆ ڕێوڕەسمی کفن و دفنیان بۆ پاریس ڕۆیی. نزیکەی شەش هەیڤان هەموو زیکر وفیکری، هۆش و گۆشی لای تازیەباری بوو.

گەرمی ڕۆژانی خۆشی هەتاو، سەرەنجام بوژاندییەوە، تا وەکو پاییز لە جۆرە سستیەکی خەمئامێزا ژیا.

هەرکە دنیا ساردی کرد، دووبارە خەمی لێهات کە چی بکات؟ هیچ. ئاخۆ چی بۆ پێشدەهات؟ چ ئومێدێک، چ چاوەڕوانییەکی هەبوو کە دڵی پێی گەرم ببێتەوە؟ هیچ. ئەو پزیشکەی کە بۆ معایەنە چووبوو بۆ لای پێی گوت کە منداڵی نابێت.

سەرماکە، لە پار زیاتر ئازاری دەدا، دەستە لەرزۆکەکانی بەسەر ئاگرەکەوە ڕادەگرت، گڕی ئاگرەکە زۆری بۆ ڕوخساری دێنا، بەڵام تینی سەرماکە وەکو ئەوە بوو بخزێتە ژێر جلەکانی و پێستی بەدەنییەوەو سەراپای دەچایی ودەلەرزی. تەوژمی بایەکە دەتگوت لە ژوورەکاندا دەگیرسایەوە، تەوژمێکی بەدخوا، لاسارو بە پەلامار وەکو دژمن. بەردەوام هەناسەی سەهۆڵینی کینەکێشانەی خۆی بەسەر و چاو و دەست و پل و، بە مل و گەردنی ئەودا دەکرد.

دووبارە باسی ئامێری گەرمکەرەوەی هێنایەوە گۆڕێ، بەڵام مێردەکەی بە جۆرێ گوێی لێدەگرت وەکو ئەوەی داوای شیری تەیری لێبکات. دانانی ئەو ئامێرە لە پارافیل دا، بە لای کابراوە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوی حەیاتیش مەحاڵتر دەهاتە بەرچاو.

ڕۆژێک کە بەکارێک چوو بوو بۆ " روئان" جۆرە مەقەڵییەکی ناسک و جوانی بۆ هاوسەرەکەی هێنا، لە جنسی مس بوو و بە سوعبەتەوە ناوی نا " پا گەرمگەرەوەی سەیار " پێی وابوو کە بەم مەقەڵییە ئیدی ژنەکەی هەست بە سەرما ناکات.

لە ئاخر وئۆخری دیسامبەرا، ژنێ هەستیکرد کە ناتوانێ تا ئەبەد بەم شێوەیە بژی و شەوێ لە سەر شێو، بە شەرمێکەوە لە مێردەکەی پرسی:- ئەرێ پیاوەکە گیان، ناکرێ پێش بەهار بڕۆینە سەفەر ویەک دوو هەفتەیەک لە پاریس بەسەر بەرین؟

مێردە، حایر وحەپەساو گوتی:- پاریس؟ لە پاریس چ بکەین؟ ئەمەش لەو قسە سەیرانەیە ها! باشە لێرە، لەم ماڵە خۆشەی خۆمان لە چیمان کەمە، عەیبمان چییە! هەندێجار قسەی سەیر دەکەی!

ژنێ، بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:- کەمێک خۆمان سەرگەرم دەکەین.

مێردە، خۆی لە گێلی دەدا: - سەرگەرمی چی؟ شانۆ، شەوبیری، خوارنگە؟ ئەوسای کە بۆ ئێرە هاتی، چاک دەتزانی کە ئەو جۆرە سەرگەرمییە لێرە نییە!

ژنێ، جۆرە سەرزەنشتێکی لەو قسە وڕاوێژە بەدی کرد. بۆیە هیچی تری نەگوت. ژنێکی شەرمن و نەرمکێش بوو. گیانی سەرکێشی تیا نەبوو.

لە هەیڤی یەکدا، دیسان دنیا ساردی کرد. ئەوسا بەفر دنیای داپۆشی. شەوێک کە تەمەشای پۆلی قەلە ڕەشەکانی دەکرد کە وەکو پەڵە هەورێکی گەورە بە دەوری درەختەکاندا دەسوڕانەوە، بە پێچەوانەی مەیلی خۆی، کەوتە گریان.

مێردەکەی کە تازە لە ڕێوە هاتبووەوە، بە سەرسامی پرسی:- چیتە؟

بەخۆی دڵی خۆشبوو، تەواو دڵی خۆشبوو، هەرگیز دڵی هیچ ژیانێکی دیکەی، هیچ خۆشییەکی دیکەی جگە لەوەی هەیبوو، ئارەزوو نەکردبوو. لەو دەڤەرە خەمناکە هاتبووە دنیایێ و گەورە بووبوو، لەوێ، لە ماڵەکەی خۆیدا، بار سووک و سەر ڕەحەت لە هەموو ڕوویەکەوە ئاسوودە بوو.

تێنەدەگەیی بۆچی بەشەر دەبێ ئارەزووی بویەر ورووداوێن دی بکات، تینوو وتامەزرۆی شادمانی هەمەجۆر بێ، لەوە حاڵی نەدەبوو کە بۆچی هەندێ کەس مانەوەی خەڵکیان لە هەر چوار وەرزی ساڵا لە یەک شوێنا، بەلاوە نائاساییە، وا دیاربوو نەیدەزانی کە بەهار، هاوین، پاییز وزستان بۆ زۆر کەس، خۆشی و شادی تازەی لە دیار ودەڤەرانی ترەوە دەگەڵ خۆدا دێنێ.

ژنێ، نەیدەزانی چ بەرسڤێک بداتەوەو بە بێتاقەتی ڕوندکەکانی دەسڕی. سەرەنجام بە دوودڵییەوە گوتی:- ئاخر... کەمێک... نەختێک غەمگینم... بێتاقەتم...

بەڵام لە ناکاوا وەک ئەوەی لە قسەکەی خۆی ژیوان بووبێتەوە، بلەز لە سەری ڕۆیی:- هەروەها... کەمێکیش... سەرمامە.

مێردە، کە گوێی لەو قسەیە بوو بەجارێ دەهری بوو وگوتی:- ئەها، حاڵی بووم... هێشتا خەیاڵت لای ئامێری گەرمکەرەوەیە... ئاخر تۆ ئەقڵت کوێوە چووە؟ لەوەتای لێرەی تاقە جارێکیش سەرمات نەبووە.

***

بوو بە شەو. ژنێ چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، چونکە پێداگری کردبوو کە ژوورێکی جیای هەبێت. چووە ناو جێگاوە. تەنانەت لە ناو جێگاکەش هەر سەرمای بوو. بیری دەکردەوە:- فایدەی نییە، ڕەوشەکە هەر وا دەبێ، تا مردن دەبێ بەم حاڵەوە بژیم.

بیری لە مێردەکەی دەکردەوە. چۆن ئامادە بووبوو ئەو قسەیە بەو بڵێت:- لەوەتای هاتوویتە ئێرە تاقە جارێکیش سەرمات نەبووە.

یانی دەبوایە نەخۆش بکەوێ، دەبوایە بکۆکیبا تا جەنابی حاڵی ببێت کە هاوسەرەکەی نەخۆشە و سەرمای بووە!دڵی زۆر ڕەنجا، ڕەنجانی کەسێکی داماوی بێ دەسەلاتی بێڕوو. کەواتە دەبوایە بکۆکێ. لەم حاڵەدا بێگومان مێردەکەی دڵی بە حاڵی دەسووتا. دەی زۆر چاکە! کارێک دەکات کە بکۆکێ، هەنگێ مێردەکەی گوێی لە کۆکەکەی دەبێت؛ ناچار دەبێ بچنە لای پزیشک، بەڵێ مێردەکەی کۆکەکەی دەبینێت، ئەی چۆن!

بە پێی پەتی لە جێگا هەستابوو، بیرێکی منداڵانە دای لە کەللەی:- من بۆ ئەم ماڵە پێویستم بە ئامێرێکی گەرمکەرەوە هەیە، ڕاوەستەبۆم، دەرەقەتت دێم، دەبێ هێندە بکۆکم کە ئاخری ناچار بێ ئامێرەکە دابنێت.

لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت، نیوە ڕووت بوو. سەعاتێ، دوان بەو دەقەوە دانیشت. دەلەرزی، بەڵام هەستی بە سەرما نەدەکرد. ئەوەبوو لێبڕا کە کارەکەی تەواو بکات.

بە ماتی و بێدەنگی لە ژوورەکەی وەدەرکەوت. خۆی گەیاندە پای پلیکانەکان و دەرگای باغەکەی کردەوە.

زەوی یەکپارچە بەفر بوو، دەتگوت مردووە. بلەز چووە پێشێ، پێیەکی خستە نێو بەفرەکە. هەستی سەرما، بە ئازار، وەک زامی چەقۆیەک تا کانگای دڵی ڕۆچوو، وێڕای ئەمەش پێیەکەی دیکەشی هەڵبڕی و بە ئەسپایی لە پلیکانەکان چووە خوارەوە. ئەوسا بە چیمەنەکەدا ڕەتبوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:- تالای دار کاژەکان دەڕۆم.

بە ئەسپایی و، بە هانکە هانک دەچووە پێشێ، هەرکە پێی دەنایە ناو بەفرەکە هەناسەی بەند دەبوو.

کە گەییە یەکەمین دارکاژ، دەستی بە قەدەکەیدا هێنا، وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیابێت کە نەخشەکەی خۆی جێبەجێ کردووە، پاشان زڤڕییەوە. دوو سێ جار خەریک بوو بکەوێ، هەستیکرد خاو بووەتەوەو خەریکە لە پەل وپۆ دەکەوێ. وێڕای ئەمەش بەرلەوەی بگاتەوە ناو ماڵەکەی، لە سەر بەفرەکە ڕۆنیشت، تەنانەت چنگێ بەفری هەڵگرت و لە سینگ وبەرۆکی خۆیی هەڵسوو.

ئەوسا ڕۆیی وخەوت. دوای سەعاتێ هەستی دەکرد گەرووی مێرووڵە دەکات، نەخێر ئازای بەدەنی کەوتە مێرووڵە. وێڕای ئەمەش هەر خەوت.بۆ سبەی شەو دەکۆکی ونەیتوانی لە جێگا هەستێت. سییەکانی هەویان کرد. کەوتە وڕاوەو بەدەم وڕینەوە داوای ئامێری گەرمکەرەوەی دەکرد. دکتۆر گوتی دەبێ ئامێری گەرمکەرەوە دابنەن. هنری بەوپەڕی نەبەدڵی، ناچار قەبووڵی کرد.

***

ژنێ چاک نەبووەوە. سییەکانی پەرێشان بوون، ژیانی کەوتە تالووکە. دکتۆرەکە گوتی:- ئەگەر لێرە وەمێنێ ناگاتە بەهار.

ژنەیان بۆ باشوور ڤڕێکرد. چوو بۆ شاری " کەن " هەتاوی بینی، عاشقی دەریا بوو، هەوای خۆش و بۆنداری ئەوێندەری هەڵمژی. لە بەهارا دووبارە بۆ باکوور زڤڕییەوە. بەڵام ترسی ئەوەی لێنیشت کە چاک نەبێتەوە. لە زستانانی نورماندی دەترسا، هەرکە تۆزێ حاڵی باش دەبوو، شەوان پەنجەرەی ژوورەکەی دەکردەوە و بیری لە کەناراوە گەرمەکانی مدیترانە دەکردەوە.

نها پێی لە لێواری قەبرە، ئەمە دەزانێت. خۆشحاڵە.

ئەو ڕۆژنامەیەی کە قەد ونوشتی کردبوو، دەکاتەوە، مانشێتەکەی دەخوێنێتەوە: " بارینی یەکەمین بەفر لە پاریس. "

تەزوویەکی بە پشتا دێ، پاشان بزەیەک دەکات. تەمەشای زنارو لوتکەکانی " ئەسترل " دەکات کە لە دوورەوە، لە بەر زەردەپەڕی ئێوارێدا، ئاڵ دەنوێنێ، تەمەشای ئاسمانی پان و بەرین دەکات کە چەند شینە، و دەریا کە سەرانسەری نیلییە ولە جێی خۆی هەڵدەستێ. هێدی هێدی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، لێ جارجار دەوەستێ و دەکۆکێ، چونکە زیاد لە بەر سەرماکە ماوەتەوە و سەرمای بووە، کەمێک سەرمای بووە.

نامەیەکی مێردەکەی هاتووە، بەدەم زەردەخەنەوە نامەکە دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە:

دۆستی ئازیزم،

هیوادارم حاڵت باش و دڵت زۆر بۆ دیار ودەڤەرە جوانەکەمان تەنگ نەبووبێ. چەند ڕۆژێکە سەرمایەکی باش هەڵیکردووە، لەوە دەچێ باو وهەوای پێش بەفر بێت. من ئەم کەش و هەوایەم زۆر پێخۆشە وحەزدەکەم دڵنیابی کە مەحاڵە ئامێرە نەعلەتیەکەی تۆ بە کار بێنم...

دەست لە خوێندنەوەی نامەکە هەڵدەگرێت. زۆر خۆشحالە بەوەی کە ئان ئاخری بووە خاوەنی ئامێری گەرمکەرەوە. دەستی ڕاستی بە نامەکەوە، بە ئەسپایی دەکەوێتە سەر ئەژنۆی، دەستی چەپی بۆ دەمی دەبات تا ئەو کۆکە دژوارەی کە خەریکە سینەی ئەنجن ئەنجن دەکات هێور بکاتەوە...

# کێشەیەکی خێزانی

تراموای "نویی" لە دەروازەی "مایو" تێپەڕی بوو و بە شەقامێکی پان ودرێژا دەڕۆیی کە دەگەییە ڕوباری "سین ".مەکینە بچووکەکە کە وەکو ئەسپ لە فارگۆنەکەی بەسترابوو، پەیتا پەیتا هۆڕنی لێدەدا تا ڕێگای خۆی بکاتەوە، بوخار وهەڵمی لێبەرز دەبووەوە وەکو ئینسانێ بەدەم ڕاکردنەوە هانکە هانکی پێبکەوێ، دەنگی پستۆنەکانی لە دەنگی پایەکی ئاسنین دەچوو کە لە حەرەکەت و جووڵەدا بێ. گەرمای قورسی ئاخر وئۆخری دوانیوەڕۆیەکی هاوینە بەسەر ئەرزەکەدا بڵاودەبووەوە، هەرچەندە هیچ بایەک لە ئارادا نەبوو، گەردو تۆزێکی سپی، قسڵین، تاریک، گەرم وخنکێنەر بەرزدەبووەوەو کە بە لەشی ئارەقە کردووەوە دەنووسا، چاوانی پڕ دەکرد، تا ناخی سییەکان دەڕۆیی.

خەڵکی دەهاتنە بەر دەرگاکانیان تا هەناسەیەک بدەن.جامەکانی ترامواکە دادرابوونەوەو، پەردەکانی بەدەم حەرەکەتی ترامواکەوە، لوولیان دەخوارد و دەکەوتنە سەما. تەنیا چەند نەفەرێکی تیابوون ( چونکە خەڵکەکە لە ڕۆژانی گەرمادا، حەزیان دەکرد، لە دواوە کە کراوە بوو، یان لە قاتی سەرەوە سوار بن) ئەو چەند نەفەرە، بریتی بوون لە چەند ژنێکی قەڵەوی، جل وبەرگ مەخسەرە، لەو ژنە بورژوایانە بوون کە ئاکنجی دەوروبەری شارن ولەبەر ئەوەی شەخسیەتێکی ئەوتۆیان نییە، لە ڕادەبەدەر خۆ نوێنی دەکەن، بریتی بوون لە پیاوانی ماندووی کاری دایەرە، هێندە لە پشت مێزەوە دانیشتبوون، هەموو ڕەنگزەرد، پشت چەماوە، شان وشەپیلک خوار. ڕوخساری نیگەران وخەمینیان، هێشتا گەواهی لە سەر کێشە وئاریشە خێزانی ودەستکورتی و نائومێدییەکانی دەدان، چونکە لەو هەژار ودەستکورت و نەبوو و بەدبەختانە بوون کە بە دەرامەتێکی بژی و نەمر، لە خانووانی پەڕپووت وگەچیندا دەژیان، خانووانێک بە بستێک زەوی بەناوی باخچەوە، لە کاولەکانی دەوروبەری پاریسدا ئاکنجی بوون.

لەلای دەرگاکەوە پیاوێکی کورتە باڵای قەڵەوی دەم و چاو پانی ورگ زل، بە جل وبەرگی سەراپا ڕەش و میداڵ بە بەرۆکەوە، دەگەڵ پیاوێکی درێژ داهۆڵی بە ڕواڵەت خەمساردا قسەی دەکرد کە جلێکی کەتانی سپی زۆر چڵکنی لە بەر وشەپقەیەکی حەسیری کۆنی لەسەر بوو. یەکەمیان بە ئەسپایی قسەی دەکرد، هەندێجار بێدەنگ دەبوو کە پێدەچوو زمانی بگرێ، ئاغای کاراڤان، کارمەندی وەزارەتی دەریاوانی بوو. ئەویتر، جاران یاریدەدەری پزیشک بوو لە کەشتیەکی بازرگانیدا، دوای ژیانێکی پڕ ماجەرا، سەرەنجام لە فلکەی " کوربەڤوا " گیرسابووەوەو ئیدی پاشماوەی زانیارییە پزیشکییەکانی دەربارەی خەڵکانی هەژاری ئەم گەڕەکە بەکار دەبرد. نێوی شینیە بوو وبەخۆی دەگوت دکتۆر. سەبارەت بە ڕەوشی ئەخلاقی هەندێ وتی وتی بەدواوە بوو.

ئاغای کاراڤان عومرێکی لە دایەراندا بەسەر بردبوو. سی دانە ساڵ بوو، هەموو بەیانییەک بە هەمان ڕێگادا بۆ دایەرە دەڕۆیی، لە هەمان سەعاتدا، لە هەمان شوێندا، تووشی ئەو خەڵکانە دەبوو کە بۆ سەر کاری خۆیان دەچوون، هەموو ئێوارەیەکیش بە هەمان ڕێگادا دەزڤڕییەوەو دیسان هەمان ڕوخساری دەبینیەوە کە بەرەبەرە پیر بوونیانی دیتبوو.

هەموو ڕۆژێ لە سیلەی " فوبورسنت ئونوره " ڕۆژنامەیەکی هەرزانی یەک "سو" یی دەکڕی، پاشان دوو نانی لەواشەی دەکڕی ولە شێوەی تاوانبارێکدا کە بڕوات وخۆی ڕادەستی پۆلیسخانە بکات، بەو ئاوایە خۆی بە وەزارەتخانەدا دەکرد، بە هەشتاو بۆ ژوورەکەی خۆی دەڕۆیی، بە دڵێکی شپرزەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو، لە سەر غەفڵەتێک کە لەگین بوو لێی سادر بێ، سزا بدرێ یان سەرکۆنە بکرێ.

هەرگیز هیچ شتێک نەزمی یەکنەواو یەکهاوی ژیانی تێک نەدابوو، بۆیە جگەلە کاروباری دایەرەو بەرز بوونەوەی مووچە وپلە وپایە وڕوتیناتی دایەرە هیچ ڕووداوێکی دی کاری تێنەدەکرد. هەرگیز چ لە وەزارەتخانە وچ لە ماڵەوەو لە ناو ماڵ و منداڵدا جگەلە کار وباری ئیدارە باسی هیچ شتێکی دیکەی نەدەکرد ( ژنەکەشی، ئافرەتێکی بێ  جیازی وکیژی یەکێک لە هاوکارەکانی بوو ). هەرگیز هیچ بیر وهیچ ئومێد وهیچ ئارەزوویەک کە پەیوەندی بە وەزارەتخانەوە نەبوایە، بە زەینیا، کە کاری یەکنەوا و ڕۆتینی ڕۆژانە خرفت و ئیفلیجی کردبوو، نەدەهات. بەڵام هەمیشە یەک شت، ڕەزامەندییەکانی ژیانی کارمەندیی ئەوی دەشێواندو پەستی دەکرد، ئەویش ئەمە بوو بۆچی کارمەندانی دەریایی، ئەوانەی لەبەر پەراوێزی زیوینی جلەکانیان پێیان دەگوترا " تەنەکەچی " دەگەیینە پۆستی یاریدەدەر و سەرۆک. هەموو ئێوارەیەک لەسەر نانخواردن دەگەڵ ژنەکەیدا کە هەمان کینەی ئەوی هەبوو، ئەوەی باسدەکرد و هەزار و یەک بەڵگەی دێنایەوە تا بیسەلمێنێت کە دانی پۆست لە پاریسا بەو کەسانەی کە کاریان سەفەری دەریایە، لە هەموو ڕوویەکەوە کارێکی ناشایستەیە.

نها پیر بووبوو، خۆشی نەیدەزانی ژیان کەی و چۆن بووری، چونکە یەکسەر لە ئامادەییەوە بۆ دایەرە چووبوو وئەو چاودێرانەی کە جاران، لە ڕابردوودا، لە بەرانبەریاندا دەلەرزی، نها بەرپرسەکانی جێی ئەوانیان گرتبووەوە، کە لە ئاستیاندا مووی نەدەپساند.لە بەر دەرگای ژووری بە شکۆی هەریەکێک لەم بەرپرس و سەرۆکانەدا سەراپای دەلەرزی، ئیدی شوێنەواری ئەم ترسە بەردەوامەی تیا مابووەوە، لە کاتی قسە کردنا دەسەپاچە دەبوو، جۆرێک ملکەچی و گوێڕایەڵی و زمانگیری پێوە دیار بوو.

هەر هێندەی ئەو نابینایە شارەزای پاریس بوو کە هەموو ڕۆژێ سەگەکەی بە هەمان ڕێگادا دەیبات و دەیهێنێتەوە. ئەو بویەر و ڕیسواییانەی، کە هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامە یەک " سو " ییەکەیا دەیخوێندەوە، وەکو چیرۆکی خەیاڵی دەهاتنە بەرچاوی کە بۆ سەرگەرمی کارمەندانی بچووک بڵاو دەکرانەوە. پیاوێک بوو ئەهلی نەزم و نیزام، کۆنەپەرست بە بێئەوەی سەر بە هیچ حیزبێکی دیاریکراوبێ. بەڵام دژمنی هەر " تازەو داهێنراوێک " بوو، لامسەر لایی بەسەر ئەو ڕووداوە سیاسیانەدا تێدەپەڕی کە ڕۆژنامە، هەمیشە بە گوێرەی نیاز و مەبەستی تایبەتی دەستکاری دەکردن و لە جیاتی ئەم کارە پارەی وەدەگرت. هەموو ئێوارەیەک کەبە شەقامی شانزەلیزەدا دەبووری، وەکو ڕێبوارێکی غەریب کە ڕێی کەوتبێتە وڵاتێکی دووردەست، تەمەشای هەر هەنگامەی ڕێبواران و شەپۆلی کاروانی گالیسکانی دەکرد.

لەبەر ئەوەی سی ساڵ خزمەتی ئیداری لە هەمان ساڵدا تەواو کردبوو، لە ١/١/... دا نیشانی خاچی " لژیون دونور " یان پێدابوو، ئەو نیشانە، لە دام ودەزگا نیمچە سوپاییەکاندا، پاداشتی خزمەتی کۆیلە ئاسا بوو کە (پێیان دەگوت خزمەتی دڵسۆزانە) خزمەتی ئەم خەمزەدانەی کە هەموو ژیانی خۆیان بە بێگاری لە ناو فایل و دۆسیاندا بەسەر دەبرد.

ئەم پلە و پایە چاوەڕوان نەکراوە، بە قەناعەتی وی، جیلوەو ڕەونەقێکی تازەو پڕ شانازی بە پۆستەکەی وی بەخشی بوو، شێوەی ڕەفتار وکرداری گۆڕی بوو. چاکەتی نەخشین وپانتۆڵی ڕەنگاوڕەنگی تەرک کردبوو. پانتۆڵی ڕەش وچاکەتی درێژی لەبەر دەکرد کە شریتە زۆر پانەکەی " لژیون دونور"کەی بە سەریەوە زەقتر بەدیار دەکەوت، هەموو ڕۆژێ ڕدێنی دەتاشی، نینۆکەکانی دەکرد وپاکی دەکردنەوە، دوو ڕۆژ جارێ جلەکانی ژێرەوەی دەگۆڕی ئەی مەعنای چی دەبوو مەدارای نەزمی نیشتمانی بکات وڕێزی نیشان و میداڵەکەی بگرێت، ئیدی لە زەرفی شەو و ڕۆژێکا بووبوو بە پیاوێکی دی،کاراڤانێکی تازە، پاک وخاوێن، بەڕێز وگەورە.

لەماڵەوە، لە وەخت وناوەختا باسی "خاچە" کەی دەکرد. تووشی غروور ولە خۆبایی بوونێکی ئەوتۆ بووبوو کە چاوی بەرایی دیتنی هیچ جۆرو هیچ چەشنە نیشانێکی بە یەخەی کەسانی دییەوە نەدەدا. لە هەموو شتێک زیاتر بە دیتنی ئەو نیشان و میداڵە بێگانانە قەڵس دەبوو کە پێی وابوو " نابێ ڕێگە بدرێ لە فەرەنسادا کەس لە یەخەیان بدات ". لە دڵی خۆیدا زۆر ڕقی لە دکتۆر شینیە بوو کە هەموو ئێوارەیەک لە تراموایەکەدا دەیبینی ومیداڵێکی، کە دیار نەبوو چی بوو، بە ڕەنگێن سپی و شین و نارنجییەوە، لە یەخەی خۆ دەدا.

گفت وگۆی ئەم جووتە، لە ڕێگای نێوان " تاقی سەرکەوتن " تا " نویی" هەمیشە هەمان شت بوو، ئەو ڕۆژەش وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە، هەوەڵجار کەوتە باسی ئەو چەوساندنەوە ناڕەوایەی کە لە گەڕەک و باندا دەکراو هەر دووکیان زۆر لەو چەوسێنەرانە ناڕازی بوون، چونکە شارداری " نویی " هەر کارێکی بویستبا دەیکرد. باکی بە کەس نەبوو. پاشان کاراڤان، وەکو هەمیشە لەگەڵ دکتۆرێکدا قسان دەکرێ، دەهاتە سەر باسی نەخۆشیان. بەو ئومێدەی کە سوود لە هەندێ ئامۆژگاریی خۆڕایی نوژداری وەربگرێت یان بە زیرەکی خۆی ڕەچەتەیەکی پزیشکی لێوەربگرێ، بەبێ ئەوەی بێڵێ بەرانبەرەکەی پێ بحەسێت. ماوەیەک بوو حاڵی دایکی نیگەرانی دەکرد. زۆرجار دووچاری هەناسە تەنگی دەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر هەناسەی دەرنەدەچوو، هەرچەندە تەمەنی نەوەد ساڵ بوو، ڕێگەی نەدەدا دەرمانی بکەن.

تەمەنی درێژی پیرەژن، مایەی شانازی کاراڤان بوو و بەردەوام بە دکتۆری دەگوت: " چەند کەست دیتوون کە گەیی بنە ئەو تەمەنە؟ " و لە کەیفان دەستەکانی لێکدی هەڵدەسوون، نەک لەبەر ئەوەی حەزی دەکرد پیرەژن هەر بژی، بەڵکو زیاتر لە بەر ئەوە بوو کە ئەویش تەمەنی وەکو تەمەنی دایکی درێژ دەبێت.

گوتی: " بەڵێ، لە خانەوادەی مەدا هەمووان زۆر دەژین، منیش ئەگەر هیچ بویەرێک نەیەتە پێشێ، دڵنیام تەمەنێکی زۆرم دەبێ."

یاریدەدەری دکتۆر، نیگایەکی بەزەیی ئامێزی ئەوی کرد، جارێکی دی تەمەشای ڕوخسارە گۆشتن، ملە ئەستوور، ورگە زەلامەکەی نێوان هەردوو ڕانە قەڵەوەکان، هەموو هەیکەلی زەلامی کارمەندە پیرەکەی کرد، کە قەڵەوییەکەی خستبوویە بەر تالوکەی سەکتەوە، کڵاوە بۆرە چڵک هەڵگرەکەی بردە دواوەوەو بە پۆزخەنێکەوە گوتی:- زۆریش دڵنیا مەبە گیانە، دایکت ڕیوەڵەیە، بەڵام تۆ بەرمیلێکی لەو گۆڕە!

کاراڤان تەریق بووەوەو ئیدی هیچی نەگوت.

تراموایەکە گەییە وێستگەکە، جووتە هاوسەفەر دابەزین. شینیە هاوڕێکەی لە کافەی گلوب، کە لە بەرانبەر وێستگەکە بوو، و پاتۆقی هەردووکیان بوو، دەعوەتی پێکێ مەی کرد. خاوەن کافەکە کە دۆستی هەردووکیان بوو، لە سەروو بوتڵەکانی سەر پێشخوانەکەوە، دوو قامکی هێنایە پێشەوەو تەوقەی دەگەڵدا کردن وپاشان بەرەو مێزێکی سێ نەفەری چوون کە لە نیوەڕۆوە سەرگەرمی وازی دۆمینە بوون. چاک وخۆشییەکی ڕۆتینیان کردو وەکو هەمیشە پرسیاریان کرد " دەنگ وباس ". ئەوسا دۆمینەچییەکان دەستیان بە دۆمینەی خۆیان کردەوە، پاشان شەو بەخێریان لێکرا، ئەوانیش، بێئەوەی سەر بەرزبکەنەوە، دەستیان درێژکرد، ئەوسا جووتە هاوڕێ هەریەکەیان بۆ شێو بۆ ماڵی خۆیان چوونەوە.

کاراڤان لەوبەری فلکەی " کوربەڤوا " دا لە خانوویەکی بچووکی سێ نهۆمیدا دادەنیشت کە نهۆمی یەکەمی بەدەست بابایەکی بەربەرەوە بوو.

دوو ژووری نووستن، ژوورێکی نانخواردن و مووبەقێک کە کورسیانی کۆن، بە گوێرەی پێویستی لە نێوان ئەو ژوورانەدا دەگوازرانەوە. ئەوە هەموو کەل وپەل وناوماڵی ئەو ئاپارتمانەی پێکدەهێنا کە خا کاراڤان وەختی خۆی بە خاوێنکردنیەوە دەبردە سەر، کەچی کچە دوازدە ساڵانەکەی، ماری لویز وکوڕە نۆ ساڵانەکەی فیلیپ ئوگوست، دەگەڵ منداڵانی گەڕەکا لە سەر شۆشتە و جۆگەلەی شەقامەکەدا یارییان دەکرد.

لە نهۆمەکەی سەروو کاراڤان دا، دایکی دادەنیشت، کە لەو دەڤەرەدا بە پیسکەیی بەناوبانگ بوو وسەبارەت بە لاوازییەکەی دەیانگوت کە خودا لە خولقاندنی ئەودا هەمان پیسکەیی و ڕەزیلی خودی ئەوی بەکار بردووە. ژنێک بوو هەمیشە پەست وبێتاقەت ورۆژ نەبوو بە تووڕەییە شێت ئاساکەی شەڕێک نەنێتەوە. لە پەنجەرەکەیەوە بە سەر ژنانی دراوسێدا کە لە ماڵی خۆدا وەستابوون، بە سەر چەرچی و دێوەرانا، بەسەر کەناس وکوچە ماڵان و منداڵاندا دەی بۆڵاند، هەرجارێ لە ماڵ وەدەرکەوتبا، دووراودوور دوای دەکەوتن و هاواریان دەکرد:- جیقن! جیقن!

کارەکەرێکی مردەلۆخی خەڵکی "نۆرماندی" یان بۆ گرتبوو، ئەم کارەکەرە لە ڕادەبەدەر گێژ و پەرتحەواس بوو، شەوان لە نهۆمی سێیەما لە نک پیرەژن دەخەوت و ئاگاداری دەکرد کە نەبا شتێکی بە سەر بێ.

وەختایەک کە کاراڤان خۆی بە ماڵدا کرد، هاوسەرەکەی کە ژنێکی واز وازی وعەمبەڵی بوو، بە پەڕۆیەکی نەرم، دەسکی دارئاکاژووی کورسییە پەراگەندەکانی ناو ژوورە چۆڵەکانی دەسڕی ودەی بریقاندنەوە. هەمیشە دەستکێشی لۆکەی لەدەست بوو، سەری بە سەربەستێکی ڕەنگاوڕەنگ دەبەست و نەوارەکانی بە سەر یەکێک لە گوێچکەکانیا شۆڕ دەبووەوە. هەرکاتێ بەدەم ئەو جۆرە کارانەوە غافڵگیرت کردبا دەیگوت:- من دەوڵەمەند نیم، لە ماڵەکەی منا هەموو شتێک سادەیە، جوانی وجوانکاری ماڵەکەم خاوێنیەکەیەتی کە لە هەر ڕازانەوە و جوانکارییەکی دی گرینگترە.

گیانێکی کردەیی سەیری هەبوو، لە هەموو کارێکا ڕێنوێن ومامۆستای مێردەکەی بوو. هەموو شەوێک لە سەر نانخواردن وپاشان لە ناو جێگادا، ماوەیەکی زۆر، دوور ودرێژ، باسی کاروباری دایەرەیان دەکرد. هەرچەندە

بیست ساڵێک لە مێردەکەی بچووکتر بوو، کاراڤان، وەکو چۆن ئیعتراف بۆ قەشەیەکی گوێگر، دەکرێ، بەو ئاوایە هەموو شتێکی بۆ ژنەکەی دەگێڕایەوەو هەموو ئامۆژگارییەکانی ئەوی موو بە موو جێ بە جێ دەکرد.

ژنێکی جوان نەبوو، خۆ ئێستا ناشیرین و کورتە باڵا و لاوازیش بووبوو. تاقە جوانیەکی ژنانەی، کە ئەگەر بە جل وبەرگی جوان وگونجاو بەرجەستە بوایە، ئەوا جل وبەرگە ناشیرین ونەگونجاوەکانی، ئەو تۆزە جوانیەشی دەشاردەوە. هەمیشە تەنوورەکەی بە لایەکا سوڕابوو. هەمیشە هەر خەریکی خۆ هەڵکڕاندن بوو، بە بێئەوەی گوێ بەوە بدا کە ئەم و ئەو سەیری دەکەن یان نا. تاقە جوانکارییەک کە بە کاری دەبرد، ئەو نەوار وشریتە ئاوریشمینە ڕەنگاوڕەنگانە بوو کە بە سەروبەستەکەیەوە دەکرد کە بە زۆری لە ماڵەوە بەکاری دێن و لە سەری دەبەست.

هەرکە چاوی بە مێردەکەی کەوت هەستا، مووی لاجانگەکانی ماچکرد وگوتی:- پوتەنەکەت لە بیر بوو گیانەکەم؟ ( مەبەست کارێ بوو کە قەولی بە ژنەکەی دابوو ) لێ ئەو حەپەسا، خۆی بەسەر کورسیەکدا دا، ئەمە جاری چوارەم بوو کە بیری چووبوو. گوتی:- بەڵایە، بە ڕاستی بەڵایە، بە درێژایی ڕۆژەکە لە بیرمە، بەڵام کە دەبێ بە ئێوارە لە بیرم دەچێ.

خەفەتبار دەهاتە بەرچاو وژنەکەی کەوتە دڵدانەوەی وگوتی:- قەیدی نییە. سبەینێ لە بیرت بێ، ئەمڕۆ خەبەر و باسی تازە لە وەزارەتخانە نەبوو؟

- با، خەبەرێکی زۆر گرینگ. دیسان کابرایەکی تەنەکەچی بوو بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر.

ژنە، زۆر بە جدی پرسی:- لە کام دایەرە؟

- لە دایەرەی مشتەریاتی خارجی.

ژنێ توورە بوو وگوتی:- یانی لە شوێنەکەی ڕامون، ڕێک ئەو شوێنەی کە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بۆ تۆ بێ، ئەدی رامون؟ خانەنشین بوو؟

کاراڤان، بەدەم مینگەوە گوتی:- بەڵێ، خانەنشین بوو.

ژنێ زۆر تووڕە بوو، سەربەستەکەی بەسەر شانیا کەوت.

- تەواو، دەزانی؟ ئەم دایەرەیە ئیدی بە کەڵکی هیچ نایەت. باشە ئەم یاریدەدەرە ناوی چییە؟
- بوناسو.

ژنێ، ساڵنامەی دەریاوانیەکەی، کە هەمیشە لە بەردەستیا بوو، هەڵگرت، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، ئەو ناوەی دۆزییەوە:- بوناسو – تولون – لە دایکبووی ١٨٥١ – دەستپێکی خوێندنی ئیدارە ١٨٧١، یاریدەدەری بەڕێوەبەر ١٨٧٥.

- کاری دەریایی کردووە؟

کاراڤان، ئەو پرسیارەی پێخۆش بوو، وەخۆ هاتەوە. پێکەنینێکی شادی، زگە زەلامەکەی خستە سەما. گوتی:- بەڵێ، وەکو بالان، وەکو بالانی سەرۆکی.

و بەدەم قاقایەکی بەرزترەوە، نوکتەیەکی دووبارە کردەوە کە لە هەموو وەزارەتخانەکەدا، باوبوو و هەموو کارمەندەکان زۆریان لەلا خۆش بوو:- ناکرێ لە ڕێگای ڕوبارەوە بۆ پشکنینی بنکەی دەریایی " پوئن لوژور " فڕێ بکرێن، چونکە بەهۆی تەکانی بەلەمەکەوە دڵیان تێکدەچێت.

بەڵام ژنەکەی هەر گرژ ومۆن بوو، وەک بڵێی گوێی لەو شۆخییە نەبوو، پاشان بە ئەسپایی کەوتە خوراندنی چەناگەی ولەبن لێوانەوە گوتی:- بریا نوێنەرێکی ئەنجوومەنم دەناسی! ئەگەر ئەنجوومەن بەم شتانە بزانێ، ئەوا وەزیر یەکسەر تڕۆ دەبێ...

دەنگی قاوقیژ لە سەر پلیکانەکانەوە هات و قسەکەی پێبڕی. ماری لویز و فیلیپ ئوگوست، لە دەرێ ڕا هاتنەوە و بەدەم شەڕە مست و شەقەوە پلە بە پلە سەردەکەوتن. دایکیان بە توورەیی بەرەو ڕوویان چوو و باسکی هەردووکیانی گرت وڕایوەشاندن و دەڵەکی دانە ژوورەوە.

منداڵەکان کە چاویان بە باوکیان کەوت بەغار بەرەو پیری چوون، هەردووکیانی لە هەمێز گرت و ماوەیەکی زۆر ماچیکردن، ئەوسا ڕۆنیشت، منداڵەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دانیشاندن و دەگەڵیاندا کەوتە قسان.

فیلیپ ئوگوست منداڵێکی لاتی قژلوولی سەراپا چڵکن و پڵکن بوو. سیما وڕوخساری گەمژانە بوو. ماری لویز وەکو دایکی بوو، وەکو ئەو قسەی دەکرد، هەمان قسە و ڕەفتارەکانی ئەوی دەکردەوە. ئەویش پرسی: دەنگ و باسی وەزارەتخانە؟

بابی بەرسڤی دایەوە:- رامونی برادەرت کە مانگێ جارێک بۆ شێو دێتە ماڵمان، بەم زووانە دەڕوات کچەکەم. یاریدەدەرێکی تازەی بەڕێوەبەر دێتە جێگای.

کیژێ سەری بۆ لای بابی بەرز کردەوەو بە دڵسۆزی منداڵێکەوە کە وەکو گەوران قسە دەکات، گوتی:- یانی، دیسان یەکێکی دی پێش تۆ کەوت.

کاراڤان پێکەنی وهیچی نەگوت، پاشان بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ، لە ژنەکەی، کە خەریک بوو پەنجەرەکانی پاک دەکردەوە، پرسی:- دایکەلەوسەرەوەحاڵیباشە؟

خا کاراڤان، دەستی لە سڕینی شووشەکان هەڵگرت، سەری وەرگێڕا و سەربەستەکەی کە بە پشتا داخزی بوو ڕێکخستەوەو بە لێوە لەرزێ گوتی:- باش بوو خۆت ناوت هێنا! ئەگەر دەزانی دایکت چ بەڵایەکی بەسەرم هێنا! تەسەور کە، خا لوبودەن، ژنەکەی کابرای بەربەر، هاتبوو بۆ پاکەتێ نیشاستە، دایکت قیژاندی بە سەریا " هەی سواڵکەر " و دەری کرد. ئیدی منیش دەمم لێکردەوە، ئەوەی خوا پێی ناخۆشە پێمکرد، پیرەژن خۆی لە گێلی دا، وایدەنواند گوێی لە هیچ نییە، خۆی کرد بە کەڕەی شەربەت، وەکو هەموو جارێ کە سەرزەنشتی دەکەیت، بەڵام تۆ خۆت دەزانی کە گوێی لە گوێی من سووکترە، هەمووی ئەداو تەمسیلە، نیشان بەم نیشانە کە یەکسەر بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوەو فزەی لە خۆ بڕی.

کاراڤان، گێژو وێژ بووبوو، هیچی نەدەگوت، کارەکەرەکە بلەز هات و گوتی شێو ئامادەیە. هەنگێ ئەو بۆ ئەوەی دایکی بانگ بکات، گسکێکی، کە هەمیشە لە گۆشەیەکا دانرابوو، هەڵگرت وسێ جاران بە دەسکەکەی کێشای بە بن میچەکەدا. پاشان چوون بۆ ژووری نانخواردن، خاکاراڤان بە چاوەڕوانی پیرەژنەوە شۆرباکەی داگرت. پیرەژن هەر نەهات، شۆرباکە خەریک بوو سارد دەبووەوە، ئەوە بوو هێدی هێدی کەوتنە خواردن، کە قاپەکان بەتاڵ بوونەوە دووبارە چاوەڕوانیان کرد. خاکاراڤان لە تووڕەییدا کەوتە گیانی مێردەکەی:- بە ئانقەست وادەکات، دەزانی، کەچی تۆ هەمیشە لایەنگری دەکەیت.

کاراڤان، کە تیامابوو ونەیدەزانی تای کامیان بگرێت، ماری لویزی بە دووی داپیرەیدا نارد و بە خۆیشی سەری لەبەر خۆ ناو جووڵەی نەکرد، لە حاڵێکا کە ژنەکەی بە تووڕەیی چەقۆکەی بەبنی پەرداخەکەدا دەکێشا.

لە ناکاوا دەرگا کرایەوەو کچەکە بە تەنیا، بە هەناسەبڕکێ ورەنگی هەڵبزرکاوەوە پەیدا بوو و بەپەلە گوتی:- داپیرە لە ئەرزەکە کەوتووە.

کاراڤان، لە جێی خۆی ڕاپەڕی. دەستماڵ سفرەکەی دانا، بە هەشتاو بەرەو قالدرمەکان تەکانی دا. دەنگی هەنگاوە قورس ولەزگینەکانی لە سەر قالدرمەکانەوە دەهات. ژنەکەشی کە پێی وابوو ئەمەش یەکێکە لە فێڵ و تەڵەکە بازیە ناڕەسەنەکانی خەسووی، بەکاوەخۆ دەڕۆیی و بە خەمساردییەوە شانی هەڵدەتەکاند.

پیرەژن، درێژاودرێژ، بەدەما لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتبوو، وەختایەک کوڕەکەی هەڵیگێڕایەوە، هەستیکرد جووڵەی تیا نەماوە، پێستەکەی زەرد هەڵگەڕاوە، چرچ وڕەق بووە، چاوی نوقاون، ددانەکانی چوون بە یەکدا و ئازای بەدەنە لاوازەکەی ڕەق بووە.

کاراڤان، بەدیارییەوە چۆکی دادابوو و دەینالاند:- دایکە گیان! دایە گیان!

بەڵام ژنەکەی تەمەشایەکی پیرەژنی کرد وگوتی:- نە بابە، هیچ نییە، دیسان بورانەوەیەکی سادەیە، بۆ ئەوەیە نەیەڵێ بە خەیاڵی ئاسوودە شێوەکەمان بخۆین، دڵنیا بە.

جەستە بێگیانەکەیان خستەسەر تەختەکە. جلەکانیان داکەند وهەمووان کاراڤان و ژنەکەی و کارەکەرەکە کەوتنە شێلانی بەدەنی. هەرچیان کرد وکۆشا پیرەژن وەهۆش نەهاتەوە. ئەوە بوو کە "روزالی" یان بە دووی دکتۆر شێنیە دا نارد. دکتۆر لە شەقامی کۆڕنیش، لە دەوروبەری " سورین " دادەنیشت. دوور بوو، زۆریان چاوەڕوان کرد. سەرەنجام هات، پیرەژنی جولاند، دەستی بە بەدەنیا هێنا، سەماعەکەی بە دڵییەوە نا و گوتی:- تەواو بووە.

کاراڤان، کەوتە گریان وخۆی دا بەسەر جەنازەکەدا، بەتووندی ڕوخساری وشک هەڵاتووی دایکی ڕامووسی و هێندە بە کوڵ دەگریا کە دڵۆپی درشتی ڕوندکەکانی وەکو تکەی ئاو، بەسەر مردووەکەدا دەتکا.

خا کاراڤانی گەنج، کەمێک گریا، لە پشت مێردەکەیەوە وەستابوو وبە ئەسپایی دەناڵی و بە درۆوە چاوەکانی هەڵدەگلۆفت.

کاراڤان، بە ڕوخساری هەڵماساو و قژە تەنکەکەیەوە، بە قەڵافەتێکەوە کە خەمی ڕاستەقینە زۆر ناشیرینی کردبوو، لە ناکاوا هەستا. پرسی:- دڵنیایتدکتۆر،یانیبەڕاستیدڵنیایت؟

یاریدەدەری دکتۆر، بلەز چووە پێشەوە، وەکو دووکانداریێک ستایشی کاڵاکانی خۆی بکات، بەو ئاوایە و بە متمانەوە کەوتە ئەم دیو و ئەو دیوکردنی جەستەکە و گوتی:- فەرموو گیانە، تەمەشای چاوی بکە.

پێڵوەکانی بەرزکردنەوە و نیگای پیرەژن لە ژێر قامکیا بەدیار کەوت، جووڵەی تیا نەبوو، بیلبیلەکەی کەمێک درشت تر بوو. شینیە باسکە وشکەکەی گرت، گوشاری لە قامکەکانی کرد تا بیانکاتەوەو بە توورەیی گوتی:- تەمەشای ئەم دەستە بکەن، من لە خۆمەوە قسە ناکەم .دڵنیا بن.

کاراڤان، دووبارە بە دەما خۆی بەسەر تەختەکەدا دا، تەقریبەن نەعرەتەی دەکێشا، ژنەکەشی بەدەمگریانەوە، کەوتە ئەنجامدانی کارێن پێویست. مێزی کەنار تەختە خەوەکەی ڕاکێشایە پێشەوە، پەردەیەکی پێدا دا، چوار مۆمی لە سەر داگیرساندن، چڵە شمشادێکی، کە لە پشت ئاوێنەی سەر موغەیرییەکەوە هەڵواسرابوو هەڵگرت و خستیە قاپێکەوە و لە ناوەڕاستی مۆمەکانی دانا، قاپەکەی پڕکرد لە ئاوی ئاسایی، چونکە لە ماڵەوە ئاوی موفەڕکیان نەبوو. بەڵام دوای کەمێک بیرکردنەوە تۆزێ خوێی کردە قاپەکەوە، هەڵبەتە بەو خەیاڵەی کە بەم کارە تۆزێ موبارەک دەبێت.

دوای ئەنجامدانی ئەم ڕێوڕەسمەی مردنە هەستایە سەر پێ و لە جێی خۆی نەجوڵا، دکتۆریارەکە، کە لە تەرتیبی شتەکاندا کۆمەکی کردبوو لە بن لێوانەوە گوتی:- دەبێ کاراڤان لێرە ببرێت.

ژنێ بە ئاماژەیەک پشتیوانی لە قسەکەی دکتۆر کرد، لە مێردەکەی، کە هێشتا بە چۆکا هاتبوو و دەگریا، نزیک بووەوە، باسکی گرت و هەڵی ستاند و شینیەش باسکەکەی تری گرت.

هەوەڵجار لە سەر کورسییەک دایان نیشاند وژنەکەی هەنیەی ڕامووسی وکەوتە دڵدانەوەی. دکتۆر یارەکەش پشتیوانی لە گوتەکانی ئەو دەکرد، ئامۆژگاری کاراڤانی دەکرد کە ورە بەرنەدات، سەبری هەبێ و ڕازی بێ بە ڕەزای خوا، ئیدی لەگەڵ قەدەر و چارەنووسا هیچ ناکرێ. ئیدی هەردوو باڵیان گرت و بردیان.

وەکو منداڵێکی گەورە دەگریا وهەنسکی هەڵدەدا، گێژ بووبوو و باسکەکانی داچەکی بوون ولاقی سست بووبوون، بەبێ ئەوەی بزانێ چ دەکات، لە خۆڕا بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە، بە شێوەیەکی میکانیکی هەنگاوی دەنا.

لە سەر قەنەفەیەک دایاننیشاند، لە هەنبەر قاپە نیمچە خاڵییەکەی، کە هێشتا مراکەکە لە پاشماوەی شۆرباکەدا بوو. بەو دەقەوە بێجوڵە دانیشت، چاوی بڕی بووە پەرداخەکەی، بە ڕادەیەک حەپەسابوو کە نەیدەتوانی بیربکاتەوە.

خا کاراڤان لە گۆشەیەکا دەگەڵ دکتۆرا دەئاخفی، پرسیاری تەشریفاتی پێویستی دەکردو دەیویست بزانێ کە چ کارێک پێویست وباشە.

سەرەنجام شینیە کە لەوە دەچوو چاوەڕوانی شتێک بێت، کڵاوەکەی هەڵگرت وگوتی شێوی نەخواردووەو خواحافیزی کرد کە بڕوات. خانم هاواریکرد:- چۆن؟ شێوت نەخواردووە؟ دکتۆر مەڕۆ، پارووە نانێکت دێنینە خزمەت، چونکە بە خۆت دەزانی، ئێمە خواردنی زۆر ناخۆین.

شینیە، قەبووڵی نەکرد، تەوازی خواست، ژنێ پێداگری دەکرد:- یانی چی، مەڕۆ. لەم حاڵەتانەدا مرۆڤ حەز دەکات دۆستێکی لەلابێ، ئەمە جگەلەوەی کە ڕەنگە بتوانی یارمەتیەکی مێردەکەم بدەیت کە وەخۆ بێتەوە، زۆر پێویستی بە دڵنەواییە.

دکتۆر ملی دا، کڵاوەکەی لە سەر موبیلەیەک دانا وگوتی:- مادام وایە بە سەرچاو خانم.

خانم، چەند داوایەکی لە روزالی، کە تەواو شپرزە بووبوو، کرد و بەخۆی لە سەر مێزەکە دانیشت، تا خۆی گوتەنی، پروشەیەک بکات ودکتۆر بە تەنیا نەبێت.

شۆرباکەیان بە ساردی خوارد. شینیە تێری نەخوارد. پاشان یەک قاپ کەللەپاچە هێنرایە سەر مێزەکە، بۆنی پیازەکەی بە هەموو لایەکا بڵاو دەبووەوەو خا کاراڤان، بڕیاری دا تۆزێکی لێ بچێژێ. دکتۆر گوتی: عالە.

خانم بزەیەکی کرد وگوتی:- باشە، وا نا؟

و ڕوویکردە مێردەکەی وگوتی:- ئالفرید، تۆزێ بخۆ گیانەکەم، با گەدەت خاڵی نەبێ، چونکە دەبێ بە درێژایی شەو بێداربیت!

کاراڤان، گوێڕایەڵانە قاپەکەی درێژکرد، وەکو چۆن ئەگەر داوای لێکرابا بڕوا بخەوێ، دەچوو، بەو ئاوایە بێ چەند وچوون دەستی بە خواردن کرد.

دکتۆر، بەخۆی دەستی درێژکرد وسێ چەلان قاپەکەی خۆی پڕکرد، خا کاراڤان، هەر بۆ مدارای ئەو ناو بە ناو بە نووکی چنگاڵەکەی تیکەیەکی هەڵدەگرت وبە نازەوە دەیخوارد.

کاتێک کاسەیەکی گەورەی پڕ لە ماکەروونی هات، دکتۆر لە بن لێوانەوە گوتی: - بەهبەه! کە شتێکی سەیرە.

خانم ئەمجارەیان هەستا وبۆ هەمووانی تێکرد، تەنانەت قاپی منداڵەکانیشی کە مراکیان بە ناویا دەگێڕا، پڕ کرد. منداڵەکان کە چاوی کەسیان بە سەرەوە نەبوو، شەرابی بێئاویان دەخواردەوەو لە ژێر مێزەکەوە لەقەیان لێکدی دەدا.

شینیە، بە تامەزرۆیی ئاماژەی بۆ ماکەرونی سەر سینییەکە کردو ئەوسا گوتی:- ئەها قافیەشی هەیە، دەکرێ ئەم شیعرەی پێدا هەڵبگوترێ:

مامۆستای گەورەی مە روسینی

خەریک بوو دەمرد بۆ ماکەرونی.

بەڵام کەس گوێی لەو نەدەگرت. خاکاراڤان لە ناکاوا چووبووە ژێری وبیری لە پێشهاتە ئیحتیمالیەکان دەکردەوە، مێردەکەی ناوە سەموونەکانی گرمۆڵە دەکرد ولە سەر مێزەکەی دادەنا وگەوجانە لێیان ڕادەما.

چونکە تینوویەتیەکی داغ گەرووی وشک دەکرد، پەیتا پەیتا پەرداخە تەژی شەرابەکەی بۆ دەمی دەبرد، ئەقڵی، کە تەکان و خەم شێواندبووی، کەم کەم دەیدایە کزی و بەهۆی شەرابەکەوە هێندەی دی پارسەنگی دەویست.

دکتۆر، لە شەراب تێر نەدەبوو و بە ئاشکرا مەست بووبوو. خا کاراڤانیش، کە هەر خەم و پەژارەیەک کاری تێدەکرد، بێتاقەت بووبوو و هەرچەندە تەنیا ئاوی خواردبووەوە، کەمێک هەستی بە گێژی دەکرد.

شینیە، کەوتە گێڕانەوەی چۆنیەتی مردنی هەندێ نەخۆشان کە بە لایەوە خۆشبوو. بۆچی لەو دیارو دەڤەرانەی دەوروبەری پاریس، کە پڕە لە باژێرۆکان، گوندییان سەبارەت بە مردن ئەوەندە خەمساردو بێ موبالاتن، تەنانەت سەبارەت بە مردنی باوک و دایکیانیش ئەوەندە سارد وسڕن، کە وەکو جۆرە بێڕێزی و بێ حورمەتیەک دێتە بەرچاو کە ئەمە لە پاریسدا وانییە. دەیگوت: ئەها گوێ بگرن. هەفتەی ڕابردوو بانگیان کردم بۆ شەقامی " پوتو " بە پەلەپەل خۆم گەیاندە ئەوێندەر، سەیرم کرد ژنە نەخۆشەکە مردووەو کەس و کارەکەی بێخەم و خەیاڵ ڕۆنیشتوون و یەک بوتڵ عارەقی ڕازیانەیان داناوەو خەریکە تەواوی دەکەن. عارەقێ بوو کە دوێشەو نەخۆشەکە ئەڵهای کردبوو و بۆیان کڕی بوو.

لێ خاکاراڤان گوێی نەدەگرت، بیری لە لای میراتیەکە بوو، کاراڤان مێشکی کاری نەدەکرد و سەری لە هیچ دەرنەدەکرد.

قاوەیان هێنا، قاوەکە زۆر خەست بوو، بۆیە ئەوەندە خەستیان لێنابوو، تا مرۆڤ وەخۆ بێنێتەوە. لەگەڵ هەر فینجانە قاوەیەکدا، کونیاکیش دەخورایەوە، گۆناکان سوور هەڵدەگەڕان و هێندەی دی، پیاوی مەنگ ومەست دەکرد.

دکتۆر لە ناکاوا بوتڵێکی هەڵگرت ودوا پێکی بۆ هەمووان تێکردو هەمووان بێئەوەی هیچ بڵێن، لە بەر گەرمای هەرسی خواردنەکەدا خاو بوونەوەو ڕادەستی خۆشیەکی حەیوانانەی زادەی مەیەکەی دوای شێو بوون و بەرەبەرە ئەو کونیاکەیان کە دەگەڵ قەندەکەی بنی فنجانەکاندا، ڕەنگی شەربەتێکی زەردی گرتبوو، غەرغەرە دەکرد.

منداڵەکان خەویان لێکەوتبوو، روزالی بردیانی بۆ سەر جێگاکەی خۆیان.

کاراڤان، بە شێوەیەکی میکانیکی، وەکو هەر کەسێکی خەمبار کە پێویستی بەوە بێ خەمەکەی بڕەوێنێتەوە، چەند جارێک کونیاکی تێکرد وهەڵیدا، چاوە گێژەکانی دەدرەوشانەوە.

دکتۆر سەرەنجام هەستا کە بڕوات، باسکی دۆستەکەی گرت وگوتی:- وەرە دۆستی من لە گەڵ منا وەرە، بایەکی باڵ بدە، هەواکە دەتبوژێنێتەوە، بەشەر لە کاتی کێشە وئاریشەدا نابێ دەستە وئەژنۆ دانیشێت.

کاراڤان، یەکسەر ڕادەست بوو، کڵاوەکەی لە سەرکرد وعاساکەی هەڵگرت و وەدەرکەوت، قۆڵ لە قۆڵی یەکا دابەزین و بەو شەوی ئەستێرەبارانە بەرەو ڕووباری " سین " کەوتنەڕێ.

شیبایەکی بۆندار شەوە گەرمەکەی پڕکردبوو، چونکە هەموو باخەکانی دەوروبەر لەو وەرزەدا نقومی شکۆفە وگوڵ بوون، ئەو گوڵانەی کە بۆنیان دەتگوت لە ڕۆژا خەوتبوو ولە گەڵ دەستپێکی شەوا بێدار دەبووەوەو دەگەڵ شنەبای ڕەوتەنیا، لە تاریکیەکەدا ئاوێتە دەبوو.شەقامە پانەکە چۆڵ وبێدەنگ بوو، گڵۆپە داگیرساوەکانی تا " تاقی سەرکەوتن " دەڕۆیی. بەڵام لەو خوارانەوە، پاریس لە ناو تەمتومانێکی سورباوا، لە هەرا وهەنگامەدا بوو. هەراو هەنگامەیەکی بەردەوام کە شووتی قیتارێک دەتگوت لە دەشتە دوورەکانەوە وەڵامی دەدایەوە، قیتارێک کە بە هەموو توانا هەڵمینەکەی خۆیەوە بەرەو شار دەڕۆیی یان لە شارەوە بەرەو ئۆقیانووس دەڕۆیی وشاری بە جێدەهێشت.

هەوای دەرەوە لە سەرو چاوی هەر دوو پیاوەکەی دا، هەوەڵجار غافڵگیری کردن، هاوسەنگی دکتۆری تێکدا، ئەو سەرگێژەیەی کە لە کاتی شێوخوارنا تووشی کاراڤان بووبوو، زیاترکرد. بەجۆرێ ڕێی دەکرد کە دەتگوت بەدەم خەوەوە ڕێی دەکرد، گێژ ومەنگ، دووچاری جۆرە گێژییەکی دەروونی ئەوتۆ بووبوو کە نەیدەهێشت هەست بە ئازار بکات.

گەیینە پردەکە، بە سەمتی ڕاستا ڕۆیشتن و ڕووبارەکە شنەبایەکی فێنکی بە ڕوویاندا دا. ئارام و خەمین بەنێو دار چنارەکاندا دەڕۆیی. بە سەر شەپۆلێن ئاوەکەوە، وەکو ستێران مەلەیان دەکرد. تەنکە تەمێکی سپی، لە کەنارەکەی ئەوبەرەوە، بە سەر ئاوەکەوە بوو، بۆنێکی نمناکی لێبەرز دەبووەوە، کاراڤان لە ناکاوا وەستا، ئەو بۆنەی ڕووبارەکە ڕایچڵەکاند، کۆمەڵێک بیرەوەری کۆنی لە لا زندووکردەوە.

لە ناکاوا، جارانی دایکی بیرکەوتەوە، ئەم منداڵ بوو، لە دیار ودەڤەری خۆیان لە " پیکاردی "، لەبەر دەرگای ماڵی خۆیاندا دایکی کەوتبووە سەر چۆکان ولە جۆگایەکی باریکا کەلە باخەکەوە تێدەپەڕی، جلکی دەشۆرد، کۆمایەک جلکی لەلای خۆیەوە دانابوو. لە بێدەنگیە ئارامەکەی گوندا گوێی لە دەنگی کڵاوکوتکەکەی دەبوو، گوێی لێبوو کە هاواری دەکرد:- ئالفرید، کوا سابوونەکە بێنە.

هەمان بۆنی ئاوی ڕەوان، هەمان مژ ودوومان بەسەر ئەرزە نمسارەکەوە، هەمان هەڵم وبوخاری زونگاوانی لەلا زندوو بووەوە کە هێشتا تام و بۆنی لەودا مابووەوە، ئەو تام و بۆنە فەرامۆش نەکردەنیەی کە ڕێک لەو شەوەدا کە دایکی تازە مردبوو، لە لای زندوو دەبووەوە.

ڕاوەستا، شەپۆلێکی نائومێدی وداماوی لە جێی خۆی چەقاندی. دەتگوت تیرۆژی لە ناکاوی ڕوناکییەک، هەر هەموو پەرێشانیەکەی ڕۆشن کردەوە، بەرخوردی ئەم شەپۆلە سەرگەردانە، ئەوی خستە قوڵایی زەڵکاوی ڕەشی دەردێن بێ دەرمانەوە. هەستی کرد کە ئەم دابڕانە هەتا هەتاییە، دڵی ئەنجن ئەنجن کرد. ژیانی بووبوو بە دوو بەشەوە، هەموو گەنجاتی دەچووە گەرووی مەرگەوە و ئاوادەبوو.هەر هەموو ئەو کاتانە کۆتایی هاتبوو، ئیدی هیچکەس نەیدەتوانی لە گەڵیا باسی شتە کۆنەکان، باسی ئەو کەسانە کە لە کۆنا ناسیبوونی، باسی زاگە و زێدی، باسی خۆی، باسی ژیانی تایبەتی ڕابردووی بکات، بەشێک بوو لە بوونی، لەو بوونەی کە

ئیدی تەواو بووبوو، بڕابووبووەوە، هیچ بوونێکی نەبوو، ئەوەی مابووەوە بەشەکەی تری بوو کە بەرەو پیری مەرگ دەچوو.

ئیدی یادەوەری یادگارییەکان دەستی پێکرد. دایکی لە گەنجاتیدا دەبینی، بەو جلانەوە کە لە بەریا کۆن بووبوو، ماوەیەکی هێندە زۆر بوو لە بەریا بوو، لە تۆ وایە بەو جلانەوە لە دایک بووبوو، ئەوی لە هەزار هەڵوێست وڕەوشا دەبینی کە بیری چووبوونەوە: بە سەر وسیما جۆراوجۆرەکانیەوە، بە تۆنی دەنگییەوە، بە خوو وخدەکانیەوە، بە خولیاکانییەوە، بە تووڕە بوونەکانیەوە، بە چرچ ولۆچەکانی دەم وچاوییەوە، بە ڕاوەشاندنی قامکە باریکەکانییەوە، بە هەموو جم وجۆڵ وڕەفتارە ئاشناکانییەوە دەیبینی، تەواو. هەموو ئەو شتانە ڕۆیی وجارێکی دی دووبارە نابنەوە.

خۆی بە دکتۆرەوە چەسپاند وکەوتە گریە وزاری. لاقە شل وسستەکانی دەلەرزین. ئازای بەدەنە قەڵەوەکەی بەدەم هەنسک هەڵدانەوە دەلەرزی. بە زمانە لاڵکێوە دەیگوت:- دایکم، دایکە بێنەواکەم، دایکە بەلەنگازەکەم!...

بەڵام هاوڕێکەی کە مەست بوو وحەزیدەکرد شەوێ لە هەندێ جێگایان بەسەر بەرێ کە بە دزییەوە بۆیان دەچوو، ئیدی ئەم حاڵەی هاوڕێکەی پێناخۆش بوو، بردی لە سەر سەوزە گیای قەراخ ڕوبارەکە دای نیشاند و بە بیانووی ئەوەی کە دەبێ سەری نەخۆشێک بدات، لەوێ بە جێی هێشت و ڕۆیی.

کاراڤان، ماوەیەکی زۆر گریا، پاشان کە گریانەکەی تەواو بوو وسوکنایی هات وخەمەکەی ڕەوییەوە، دووبارە هەستی بە ئاسوودەیی و ئارامیەکی ناگەهانی کرد.

هەیڤ هەڵاتبوو، ئاسۆی لە تریفە جوانەکەیدا غەرق دەکرد. چنارە بەرزەکان بە ڕەنگدانەوە زیوینەکانیانەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان. تەم ومژی سەر دەشتەکە لە بەفر دەچوو. ڕوبارەکە کە ئیدی هیچ ئەستێرەیەک مەلەی تیا نەدەکرد، دەتگوت یەکپارچە سەدەفە وهەر دەڕۆیی وشەپۆلێن ڕەخشان چینی تێدەخست. دنیا خۆش وشنە بۆندار بوو. زەوی خاو دەبووەوە، کاراڤان ئەم جوانی شەوەی هەڵدەمژی، هەناسەی قووڵی هەڵدەکێسا، هەستی دەکرد کە فێنکی وئارامی وسوکناییەکی میتابەشەری، تا ناخی ناخی دەڕوات. وێڕای ئەمەش لە هەنبەر ئەم نەخۆشیەدا مقاوەمەتی دەکرد ولێکدا لێکدا لە بەر خۆیەوە دەیگوت:- دایکم، دایکە بێنەواکەم ڕۆ.

بە جۆرە ویژدانێکی ئابڕوو مەندانەوە گوشاری لە خۆ دەکرد کە بگری، لێ گریانی نەدەهات وتەنانەت ئەو بیرانەشی کە تۆزێ لەوەپێش بەو توونددییە خستبوونیە گریان، ئیدی هیچ خەمێکی لەلا نەدەوروژان.

هەستاو، هێدی هێدی بەڕێکەوت تا بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، لە بێدەنگی وئارامی تەبیعەتی خۆشا نقوم ودڵی خۆش بوو.

وەختایەک گەییە پردەکە چاوی بە چرای دوا تراموایەک کە دەیویست حەرەکەت بکات و لە پشت ئەوەوە بە پەنجەرە ڕوناکەکانی کافەی گلوب کەوت.

هەنگێ هەستیکرد پێویستی بەوەیە باسی ئەو کارەساتەی کە بە سەری هاتبوو بۆ کەسێک بکات، سۆزی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕاکێشێت. قیافەیەکی ماتەمباری لە خۆی هێناو دەرگای کافەکەی کردەوەو بەرەو پێشخوانەکە ڕۆیی کە خودانی کافەکە لە پشتیەوە دانیشتبوو کە دەتگوت بە تەختەکەوە داکوترا بوو. چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بە دیتنی ڕابچڵەکن وهەموو هەستن و بەرەو پیری بێن، تەوقەی دەگەڵ بکەن و بڵێن:

- خێرە، چیتە؟

لێ چ کەسێک هەستی بە خەمباری قەڵافاتی نەکرد. ئەوە بوو شانی دادایە سەر پێشخوانەکە و سەری لەنێو هەر دوو دەستی ناو لە بن لێوانەوە گوتی:- ئۆف خودایە! خوا گیان!

خودان کافەکە لێی ڕاما و پرسی:- ئاغای کاراڤان چییە حاڵت باش نییە؟

بەرسڤی دایەوە:- بە خۆم هیچم نییە دۆستی ئازیز، بەڵام دایکم، دایکم تۆ خۆش.

خودان کافەکە بە بێموبالاتیەوە گوتی:- ئاوها!

چونکە کەسێک لە بنەبانی کافەکەوە هاواریکرد:- بێزەحمەت بیرەیەک!

یەکسەر لەجێوە بە دەنگێکی بریسکە ئاساوە گوتی:- بە چاوان! هەر ئێستا.

بە پەلەپەل ڕۆیی تا بە مشتەرییەکە ڕابگات و کاراڤانی بە واقی وڕەوە بە جێهێشت.

لە سەر هەمان مێز وبەرلە شێو، سێ دۆمینەچی هێشتا هەر نوقمی گەمە بوون. کاراڤان بەرەولای وان چوو تا بەڵکو هاوخەمییەکی بکەن. کە لەوە دەچوو ئەسڵەن ئەویان هەر نەدیبێ بەخۆی هاتە قسە وگوتی:- لەو دوو سێ سەعاتەدا کە لەمەپێش یەکترمان بینی بەڵایەکی گەورەم بەسەردا هات.

هەر سێ کەسەکە هاوکات کەمێک سەریان بەرزکردەوە، بەڵام چاویان هەر لە یارییەکە ودەستەکانیان بوو:- ها، چی بووە؟

- دایکم مردووە.

یەکێکیان بە کەسەری دەستکردی تایبەتی کەسێکی بێخەم و خەیاڵەوە لە بن لێوانەوە گوتی:- وەی بابە!

یەکێکی دیکەیان کە نەیدەزانی چ بڵێت سەرێکی تەکان داو نیمچە فیکەیەکی خەمناکی کێشا. سێیەمیان وەکو ئەوەی لە دڵی خۆیا قسە بکات گوتی:- هیچ نییە.

و دەستی بە گەمەکە کردەوە.

کاراڤان، چاوەڕوانی یەکێک لەو ڕستە وقسانە بوو کە وەکو دەڵێن " لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت " بەڵام چونکە چاوەڕوانیەکەی نەهاتە دی لێیان دوورکەوتەوە. خەمساردیەکەی ئەوانی زۆر لەبەر گران بوو. هەرچەندە بەخۆشی دەرد و خەمەکەی ڕەوی بووەوەو هەستی پێنەدەکرد. بەو حاڵەوە لە کافەکە وەدەرکەوت.

ژنەکەی چاوەڕوانی بوو، بە کراسی خەوەوە، لە سەر کورسییەکی نزم لە بەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو و بیری لە میراتیەکە دەکردەوە. گوتی:- خۆت بگۆڕە، دەڕۆین لە ناو جێگاکە قسان دەکەین.

کاراڤان سەری هەڵبڕی و بە چاو ئاماژەی بۆ ساپیتەکە کرد: بەڵام ئاخر… کەس لە سەرەوە نییە.

هاوسەرەکەی گوتی:- با روزالی بە دیارییەوە، سەعات سێی بەیانی، دوای ئەوەی کەمێک خەوتی، بڕۆ روزالی بگۆڕە.

کاراڤان، وێڕای ئەمەش دەرپێکەی ژێرەوەی دانەکەند تا ئەگەر شتێک ڕوویدا ئامادە بێ، دەستە سرێکی لە سەری بەست و چووە ناو جێگاکەوە، ژنەکەی تازە خزی بووە ژێر لێفەکەوە.

کەمێک لەلای یەکەوە دانیشتن. هاوسەرەکەی دەبیرەوە چووبوو.

سەربەستەکەی، تا ئەو کاتە بە قردێلەیەکی پەمەیی ڕازابووەوە کەمێ بەلای گوێیەکیا خوار بووبووەوە، هەمو سەربەستەکانی دیکەشی هەر بەوجۆرە بوون.

لە ناکاوا ئاوڕی لای مێردەکەی دایەوەو پرسی:- دەزانی ئاخۆ وەسێتنامەیە، شتێکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە یان نا؟

مێردەکەی بە دوو دڵی بەرسڤی دایەوە:- نا، باوەڕ ناکەم هیچی… نا، بێگومان ئەو شتانەی لە دوای خۆی بە جێ نەهێشتووە.

خاکاراڤان، ڕاست چاوی لە دوڕ چاوی شووەکەی بڕی و بە ئەسپایی و بە ڕاوێژێکی توورە گوتی:- بە ڕاستی ئەمە بێ ئەمەکی ونمەک نەناسییە، دەزانی؟ دە دانە سالە ئێمە خەریکین تەڕو وشکی دەکەین، جێگەمان داوەتێ، خواردن و خواردنەوەی دەدەینێ، بە دڵ و بەگیان خزمەتی دەکەین! مەحاڵ بوو خوشکەکەت ئەوەی بۆ بکات. خۆ منیش ئەگەر زانیبام بەم جۆرە چاکەم دەدرێتەوە، نەمدەکرد! ئێستا کە مردووە و ڕۆییوە، بەڵام بە ڕاستی شەرمە! ڕەنگە بڵێی کە سووکە مانگانەیەکی دەداینێ، ئەمە دروستە، بەڵام دایک نابێ دڵسۆزی منداڵەکانی، بە پارە بگۆڕێتەوە، دەبێ ئەمەکداری خۆی بە وسێتنامەیەک نیشانبدات کە لە دوای خۆی بە جێی دێڵێت. هەموو کەسێکی بەڕێز وئابڕوومەند ئەم کارە دەکەن. باشە من لە پای ئەم هەموو زەحمەتەدا کە کێشاومە چیم پێبڕاوە؟ بەڕاستی ئافەرین بۆ خۆی!

کاراڤان، لێکدا لێکدا، بە شپرزەیی دەیگوت:- گیانەکەم، ئازیزەکەم، تکا دەکەم.

سەرەنجام ژنێ ئارام بووەوە، بە ڕاوێژێکی ئاساییەوە گوتی:- دەبێ سبەینێ، خەبەر بە خوشکەکەت بدەیت.

مێردەکە ڕاچڵەکی وگوتی:- ڕاست دەکەی، هەر لە بیرم نەبوو، بەیانی زوو بروسکەیەکی بۆ ڤرێدەکەم.

لیَ ژنەکەی کە پێشبینی هەموو شتێکی کردبوو، گوتی:- نا، لە بەیِنی سەعات نۆ وەدەدا بۆی قرِیَ بکە، تا دەرفەتمان هەبیَ بەرلە هاتنی پشوویەک بدەین. لە " شەرانتون " وە تا ئیَرە هەر دوو سەعاتان دەبیَت. دەتوانین بلَیین حەواست پەرت بووە. خۆ ئەگەر لای نیوەرِۆش خەبەریان بدەیتیَ ناتوانن ئیرادمان لیَبگرن.

کاراڤان، دەستیَکی بە هەنیەی خۆیدا کیَشا، بە راوێژێکی شەرمنانەوە کە هەمیشە لەکاتی باسی بەرِیوەبەرەکەیا ئەو حالَەی لە خۆ دیَنا، چونکە نەک هەر باسی ئەو بەلَکو بیرکردنەوەش لەو، لەرزی لیَدیَنا. گوتی:- دەبیَ خەبەر بە دایەرەش بدەم.

ژنەکەی بەرسڤی دایەوە:- بۆچی خەبەریان پیَبدەی؟ لەو کاتانەدا بەشەر عوزری خۆی هەیە و عوزرەکەشی رِەوایە. بەرِای من خەبەر مەدە، بەرِیوەبەرەکەت ناتوانیَ هیچ بلَیَت و قەرزارباریش دەبیَ.

کاراڤان گوتی:- بەلَیَ، چۆن قەرزار بوونیَک، چەندیش توورِە بیَ کە نەچووم بۆ دەوام، وەختیَ پیَی بیَژم دایکم مردووە، ئیدی تەریق دەبیَتەوەو بیَدەنگ دەبیَ. تۆ رِاست دەکەی، بیرۆکەیەکی باشە.

زۆر بەم کەلَەکە خۆشحالَ بوو، لە کەیفان دەستەکانی هەلَدەگلَۆفت وقەلافەتی بەرِیوەبەرەکەی دیَنایە بەرچاوی خۆی، لەم لاشەوە لە سەر سەریەوە جەنازەی پیرەژن لەلای کارەکەرە نوستووەکە، کەوتبوو.

خاکاراڤان، لە خەیالا بوو، دەتگوت نەیدەتوانی لەو نیگەرانیە قورسە رِزگاربیَ کە دووچاری بووبوو. سەرەنجام هاتە قسان:- باشە دایکت سەعاتە چالمەکەی نەدابوو بە تۆ؟ پەیکەری کیژەکە بە تفاقی گەمەکانیەوە.

کاراڤان، یادگەی خۆی وەردەوە دا:- با، با، بەلَیَنی دابوونیَ ( هەلَبەتە ئەم بەلَیَنە زۆر کۆنە، هی ئەو کاتەیە کە تازە هاتبووە لای مە.) گوتی: ئەگەر باش ئاگاداریم لیَبکەی ئەم سەعاتە چالَمەیە دەدەم بە تۆ.

خاکاراڤان، خەیالَی ئاسوودە بوو و بە ئارامی گوتی:- جا لەم حالَەدا دەزانی دەبیَ بچین بیهیَنینە خوارەوە، چونکە ئەگەر خوشکەکەت بگاتە جیَ نایەلَیَ بۆ خۆمان هەلَیگرین.

کاراڤان، دوو دلَ بوو:- تۆ دلَنیایت؟

خانم بە توورِەیی گوتی:- بەلَیَ دلَنیام، ئەگەر بە بیَدەنگی بیهیَننە ئیَرە ئیدی دەبیَ بەهی خۆمان. هەروەها کومەدیەکەی ژوورەکەشی، ئەوەی کە سەرەکەی مەرِمەرِە: رِۆژیَک، کە کەیفی خۆش بوو، دای بە من. ئەویش دیَنینە خوارەوە.

کاراڤان دوو دلَ بوو: بەلاَم گیانەکەم ئەمە مەسئولیەتیَکی گەورەیە!

ژنەکەی بە توورِەییەکی تەواوەوە رِووی تیَکرد وگوتی:- ئاخ! بە رِاستی کە! تۆ قەت ناگۆرِییَ! کەسیَکی لە جیاتی ئەوەی کاریَ بکەی، لیَدەگەرِی مندالَەکانت لە برسا بمرن. ئەم کۆمەدیە چونکە بەخۆی داویە بە من، بووە بە هی خۆمان مەگەر نا؟ خوشکەکەشت ئەگەر رِازی نەبوو، لیَی گەرِیَ بۆ من! منیش بەلامەوە گرینگ

نییە خوشکەکەت چۆن بیر دەکاتەوە. لەزیکە، رابە، چاکتر وایە بە پەلە برۆین و ئەو شتانەی کە دایکت داونی بە ئێمە، بیان هێنینە خوارەوە.

کاراڤان، ملکەچ وگوێڕایەڵ بە لەرزە لەرز لە تەختەکە هاتە خوارەوە، دەیویست پانتۆڵ لە پێ بکات کە ژنەکەی نەیهێشت:- پێویست ناکات جل لەبەر بکەیت، هەروا وەرە، منیش ئاوها دێم.

هەردووکیان بە جلی خەوەوە کەوتنەڕێ. بەبێدەنگی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن، بە پارێزەوە دەرگاکەیان کردەوەو وەژوور کەوتن. تەنیا چوار مۆمە داگیرساوەکەی دەوری کاسەی چڵە شمشادە موفەڕەکەکە، بە دیار جەنازە ڕەق و تەقەکەی پیرەژنەوە دەسووتان، لەوە دەچوو تەنیا ئەوان ئێشکی بگرن، چونکە روزالی لە سەر قەنەفەکە خەوی لێکەوتبوو و ملی لار بووبووەوەو هێدی هێدی دەی پرخاند. لاقی لێ ڕاکێشابوو، دەستەکانی بەسەر بەرکۆشەکەیەوە لە سەر یەک دانابوون، دەمی داچەقاندبوو و ئەویش مردوو ئاسا جوڵەی نەدەکرد.

کاراڤان سەعاتەکەی هەڵگرت. یەکێک بوو لەو شتە هیچانەی کە وەستایانی سەردەمی ئیمپراتۆری زۆریان لێدروست کردبوو. کیژێک بوو لە برونزی زێرکفت، جۆرەها گوڵ بە سەرییەوە بوو، تۆپێکی بەدەستەوە بوو کە بە داوە دەزوییەکەوە بەسترابوو و تۆپەکە دەوری باندۆڵی دەبینی. ژنەکەی گوتی:- کوا ئەو سەعاتە بدە بە من، تۆ مەرمەڕی سەر کۆمەدییەکە بێنە.

کاراڤان، بە گوێی کرد، بە هانکە هانک مەرمەڕی سەر کۆمەدیەکەی بە زەحمەتێکی زۆر نایە سەر شانی.

ژن و مێرد بەڕێکەوتن. کاراڤان لە ژێر دەرگاکەدا خۆی دانەواند و بە لاقی لەرزۆکەوە بە پلیکانەکاندا داگەڕا. ژنەکەی پاشە وپاش دەرۆیی و سەعاتەکەی بە دەستێکەوەو مۆمەکەی بە دەستەکەی دیکەیەوە گرتبوو.

وەختایەک گەیینە ژوورەکەی خۆیان، ژنە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا وگوتی:- کارە قورسەکەمان لە کۆڵ کردەوە با برۆین شتەکانی دیکە بێنین.

بەڵام چەکمەجەی کۆمەدییەکە پڕ لە شڕ وشیتاڵ و جلە کۆنەی پیرەژن بوو و دەبوایە ئەو شتانەیان لە شوێنێکدا بشاردبایەوە.

خاکاراڤان، بیرێکی بە مێشکا هات:- برۆ سەندووقە کۆنەکەی هۆڵەکە بێنە، بە کەڵکی هیچ نایەت، فرانکێکش نایەنێ، دەتوانین لێرەی دابنەین و ئەم شڕ و شیتاڵەی تێبپەستین.

هەرکە سەندووقەکە گەیی کەوتنە گوازتنەوەی شڕ و شیتاڵەکانی ناو کۆمەدییەکە.

سەری ئاسینان، یەخەبەند، کراس، سەربەست، هەموو شرە وپڕەکانی پیرەژنیان کە لە پشتیانەوە کەوتبوو، یەک یەک دەردێناو بە ڕێک وپێکی لە سەندووقەکەیان دەپەستاوت تا خابرو، کیژی ڕەحمەتی کە قەراربوو سبەی بێت، هیچ گومانێک نەکات.

دوای ئەم کارە، هەوەڵجار چەکمەجەکان و پاشان بە دووقۆڵی کۆمەدییەکەیان بردە خوارەوە، ماوەیەکی زۆر بیریان لەوە کردەوە تا لە باشترین شوێندا دایبنەن، سەرەنجام هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ژووری نووستنەکە، ناوەندی هەر دوو پەنجەرەکەی بەرانبەر تەختەخەوەکە باشترین شوێنە.

کۆمەدییەکە لەوێندەر دانراو خاکاراڤان جل وبەرگەکانی خۆی تیا هەڵچنی. سەعاتە چاڵمەکە لە سەر موغەیرییەکەی ژووری نانخواردن گیرسایەوە. ژن و مێردە تەمەشای دیمەنە تازەکەیان کرد و زۆر خۆشحاڵ بوون. خانم گوتی:- دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە. مێردە گوتی:- ئەرێ، گەلەک جوانە.

ئەوسا چوون بخەون. ژنێ فوویەکی لە مۆمەکە کرد و کوژاندییەوە و چیوای پێنەچوو کە خەڵکی هەر دوو نهۆمەکە خەویان لێکەوت.

وەختایەک کاراڤان چاوی هەڵێنا، ڕۆژ ڕمێک بەرز بوو بووەوە. لە کاتی هەستاندا زەینی پەشێو بوو، تا چەند خولەکێک نەیزانی چ بووە کە بویەرەکەی بیرکەوتەوە دڵی بە تووندی داخورپا، دڵی پڕ بوو چیوای نەمابوو دووبارە لە هۆرژنی گریان بدات، بلەز لە تەختە خەوەکە هاتە خوارەوە.

بە هەڵەداوان چوو بۆ ژوورەکەی سەرەوە، روزالی، بە هەمان حاڵەتی شەوی ڕابردووەوە لە غورابی خەوادا بوو. بە درێژایی شەوێ لە جێی خۆی نەبزوا بوو. کاراڤان بێداری کردەوە تا بە کارەکانی خۆیا ڕابگات، مۆمەکانی، کە توابوونەوە گۆڕی، ئەوسا چاوی بڕییە دایکی و بیری لەو داب و نەریتە سواو و پواوە فەلسەفی و مەزەبیانە دەکردەوە کە خەڵکانی ئاسایی، لە هەنبەر مردندا ئەنجامی دەدەن.

لێ ژنەکەی گازی کرد و چووە خوارەوە. ئیدی لیستێکی بەو کارانە ئامادەکردبوو کە دەبوو ئەو بەیانییە بکرێن. کاراڤان کە لیستەکەی بینی زیرەی کرد. ئەمەی لە لیستەکەدا خوێندەوە:

١ – ئاگادار کردنەوەی شارەوانی لە مردنەکە.

٢ – داوا کردنی دکتۆری یاسایی.

٣ – تابووت بە ڕادان.

٤ – سەردانی کڵێسا.

٥ – سەردانی دام و دەزگای کفن و دفن.

٦ – سەردانی چاپخانە بۆ چاپکردنی پرسەنامە.

٧ – سەردانی مەحزەردار.

٨ – سەردانی تەلەگرافخانە بۆ ئەوەی بە بروسکە کەس و کار ئاگادار بکرێنەوە.

هەندێ وردە ئیشی دیکەشی پێ ڕاسپێردرا. کاراڤان کڵاوەکەی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەرکەوت و ڕۆیی.

هەواڵەکە بڵاو بووبووەوە، دەر ودراوسێ کەم کەم دەهاتن و دەیانویست مردووەکە ببینن ( لە فەرەنسادا باو بووە کە ماتەمگێڕان ماوەیەک لە هەنبەر جەنازەی مردووەکە دەوەستان تا دوا ماڵاوایی لێبکەن ).

تەنانەت لە دووکانی بەربەرەکەی نهۆمی یەکەما، لە حاڵێکا کە ڕدێنی مشتەرییەکی دەتاشی، دەمە دەمەیەک لە نێوان ئەو و ژنەکەیا دەربارەی مردووەکە چێبوو. ژنە بەدەم گۆرەوی چنینەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:- باش بوو، یەکێکی دیکە کەم بووەوە، یەکێک لە پیسکە هەرە پیسکەکان. پیسکەیەک بوو وێنەی کەم بوو. ئەلهەقی هیچ حەزم لێی نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ، ناچارم دەبێ بڕۆم ببینم.

مێردەکەی هێشتا کەفی سابوونی لە چەناگەی مشتەرییەکە هەڵدەسوو بەدەم بۆڵە بۆڵەوە گوتی:- ئیدی ئەمە بەزمی ژنانە. ئەم شتانە تەنیا لای خێڵی ژنان ماوە، تا بەشەر لە ژیاندایە بە ئارەزووی خۆ ئەزیەتی دەدەن. دوای مردنیشی هەر دەستی لێهەڵناگرن.

هاوسەرەکەی هەر دەستبەردار نەبوو وگوتی:- بەدەست خۆم نییە دەبێ بڕۆم. لە بەیانییەوە داویە لە کەللەم. ئەگەر نەڕۆم ونەیبینم لەوەیە یەک عومر لە یادگەما بمێنێ. بەڵام کە چووم وتەمەشام کردو ڕوخساریم لە یادمایەوە، هەنگێ خەیاڵم ڕەحەت دەبێت.

یارۆی بەبەر، تیغ بە دەست شانی هەڵتەکاند وبە ئەسپایی بەو کابرایەی، کە خەریک بوو ڕدێنی دەتاشی، گوت:- تۆ تەمەشا بزانە ئەم زەعیفانە چۆن بیردەکەنەوە! چ ئاوازێکیان لە کەلەدایە! من هیچ حەزم لەوە نییە بڕۆم تەمەشای مردوو بکەم!

ژنەکەی گوێی لەو قسەیە بوو، بەڵام بێئەوەی ناڕەحەت بێ گوتی:- ئیدی هەر ئەوەیە.

ئەوسا، کاری چنینەکەی لەسەر پێشخوانەکە دانا وچوو بۆ نهۆمی دووەم. دوو ژنی دراوسێی دیکە هاتبوون، دەربارەی بویەرەکە قسەیان دەگەڵ خاکاراڤان دەکرد وئەویش وردەکاری ماجەراکەی بۆ دەگێڕانەوە.

چوار ژن خۆیان بە ژووری مردووەکەدا کرد. یەک یەک و بە کاوەخۆ وەژوورکەوتن، یەک لە دوای یەک چەرچەفەکەی سەر جەنازەکەیان نمەکاو پرژێن کرد، کەوتنە سەرچۆکان، نیشانەی خاچیان کێشا و وێردیان خوێند، ئەوسا هەستان وبە چاوی ئەبڵەق ودەمی داچەقیوەوە، ماوەیەکی زۆر تەمەشای جەنازەکەیان کرد، بووکەکەی یارۆی مردوو دەستەسڕێکی بەدەم و چاوییەوە گرتبوو و بە درۆوە هەنسکی تازیەباری دەدا.

وەرچەرخا کە بچێتە دەرەوە، لە ئاستانەی دەرگاکەدا چاوی بە ماری لویز وفلیپ ئوگوست کەوت کە هێشتا جلکی خەویان لە بەردا بوو وکونجکاوانە تەمەشایان دەکرد. هەنگێ ئەزیەتباری نمایشی لە بیر چووەوەو بە کۆڵەمستی هەڕەشەوە بۆیان چوو و بە تووڕەیی هاواری بەسەردا کردن:- دەڕۆن یان نا هەی گلاراوینە!

دوای دە خولەکێک کە دووبارە دەگەڵ دەستەیەکی دیکە لە ژنانی دەرودراوسێ، چووبووە سەرەوە، دوای ئەوە کە دیسان بە چڵە شمشادەکە ئاوی بەسەر خەسوویدا پرژاند و وێردی خوێند و ڕوندکی ڕشت و هەموو ئەرکێکی پێویستی ئەنجام دا، دیسان چاوی بە منداڵەکان کەوت کە دوای کەوتبوون. ئەمجارەش وەدەری نان، بەڵام کەڕەتی دواتر ئیدی دەستبەرداریان بوو وگوێی نەدانێ. ئەنجام هەرجارێ کە دەستەیەک دەهاتن، دوو

منداڵەکەش دوویان دەکەوتن، ئەوانیش لە گۆشەیەکا ئەژنۆیان دادەدا وهەموو جارێ، هەمان ڕەفتاری دایکیان دووبارە دەکردەوە.

لە دوای نیوەڕۆوە، ژمارەی هاتوچۆکەران کەم بووەوە، تا وای لێهات ئیدی کەس نەدەهات. خاکاراڤان، چوو بۆ شوقەکەی خۆی تا ڕێوڕەسمی کفن ودفنەکە تەرتیب بکات. مردووەکە بە تەنیا مایەوە. پەنجەرەی ژوورەکە کرابووەوە، تەوژمە بایەکی گەرمی بە تەپ و تۆز دەهاتە ژوورەوە، گڕی مۆمەکانی دیار جەستە بێ جووڵەکە دەکەوتنە سەما، مێشی بچووک لە سەر چەرچەفەکە، لە سەر ڕوخسار وچاوە نوقاوەکان، لە سەر هەر دوو دەستە ڕاکشاوەکەی پیرەژن دەنیشتنەوە، دەفڕین، دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە.

ماری لویز وفیلیپ ئوگوست، چووبوونە کوچە وکۆڵان. دوای کەمێک هاوڕێکانیان دەوریان دان، بە تایبەتی کچۆڵەکان کە زیرەکترن و زووتر هەست بە ڕاز ونهێنییەکانی ژیان دەکەن. ئیدی ئەمانە وەکو بەشەرێن گەورە کەوتنە پرس وجۆ:- داپیرەت مردووە؟

- بەڵێ، دوێشەو مرد.
- مردوو چۆنە؟

وماری لویز بۆی باس دەکردن، باسی مۆمەکان، چڵە شمشادەکە وڕوخساری مردووەکەی دەکرد. ئەوە بوو منداڵەکان زۆر کونجکاو بوون، ئەوانیش دەیانویست بڕۆن و ڕەحمەتی بدینن.

ماری لویز، دیداری دەستەی یەکەمی ڕێکخست کە پێنج کیژ ودوو کوڕ بوون. ئەمانە لە منداڵەکانی دی گەورەتر ونەترس تر بوون. ناچاری کردن کە پێڵاوەکانیان داکەنن تا کەس پێیان نەحەسێت، هەموو وەکو کۆمەڵێک مشک بە بێدەنگی و بە گورجی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن.

کە گەیینە ژوورەکە، ماری لویز بە چاولێکەری دایکی ڕێوڕەسمەکەی بەجێ هێنا، ڕەفیقەکانی ڕێنمایی کرد، چۆکی دادا، نیشانەی خاچی کێشا، کەوتە لێو جولاندن، گوایە وێرد دەخوێنێ، هەستا، خوێوای بە سەر تەختەکەدا پژاند، لەو کاتەدا کە منداڵەکان بە پاڵە پەستوو وترس وکونجکاوی وخۆشحاڵییەوە دەچوونە پێشێ تا ڕوخسار و دەسەتەکانی مردووەکە بدینن، لە ناکاوا ئەدای گریانی دەرهێنا و بە دەستەسڕێکی بچووک دەم و چاوی داپۆشی. پاشان، سوکنایی هاتێ و ئەو منداڵانەی دیکەی بیر کەوتەوە کە لە خوارەوەو لە بەر دەرگا چاوەڕوان بوون. ئیدی هاوڕێکانی بە پەلە بردنە خوارێ تا گرووپی دووەم و پاشان گروپی سێیەم لە گەڵ خۆیدا بێنێت. چونکە هەموو منداڵانی گەڕەک و تەنانەت منداڵە سواڵکەرە شڕپۆشەکانیش بە هەشتاو دەهاتن تا لەم لەزەتە تازەیە بێبەش نەبن، ماری لویزش هەموو جارێ، ئەدا و ئەتوارەکانی دایکی، موو بە موو دووبارە دەکردەوە.

سەرەنجام ماندوو بوو، یاری وگەمەیەکی دی، منداڵەکانی لەو ناوە دوور خستەوە. داپیرە بە تاقی تەنیا مایەوەو هەمووان لە بیریان کرد.

ژوورەکە تاریک بوو، گڕی لەرزۆکی مۆمەکان، ڕوناکییان دەخستە سەر ڕوخسارە وشک وچرچ و لۆچەکەی پیرەژن.

دەوروبەری سەعات هەشت کاراڤان سەرکەوتە سەرەوە، پەنجەرەکەی داخست و مۆمەکانی گۆڕی. نها بە ئاسوودەیی دەچووە ژوورەوە، دەگەڵ جەنازەکەدا ڕاهاتبوو وبەجۆرێ سەیری دەکرد وەکو ئەوەی چەند مانگێک بێ لەوێ بێ. تەنانەت هیچ نیشانەیەکی تێکچوونی بە جەنازەکەوە نەدەبینی وکە لە سەر خوانی شێو ڕۆنیشتن، ئەو ڕازەی بە ژنەکەی گوت. ژنەکەی گوتی:- ئا، زۆر توونت وتۆڵە، دەڵێی لە دار دروستبووە، ئەگەر ساڵێکیش لەوێ بمێنێ تێک ناچێت.

شۆرباکەیان، بە بێدەنگی، بێئەوەی تاقە قسەیەک بکەن، خوارد. منداڵەکان کە بە درێژایی ڕۆژەکە کەس لێی نەپرسی بوونەوە، هێندە کفت وشەکەت بوون، لە پەل وپۆ کەوتبوون، لە سەر کورسییەک وەنەوزیان دەدا و ورتە لە کەسیانەوە نەدەهات. .

لە ناکاوا ڕوناکی چراکە کز بوو.

خاکاراڤان، جەڕی فتیلەکەی با دا، بەڵام جیڕەیەکی وشکی لێوەهات وپاشان چرایەکە کەوتە پرتەپرت و ئاقیبەت کوژایەوە. بیریان چووبوو زەیت بکڕن! ئەگەر بچوونایە بۆلای فرۆشیارەکە، تا دەهاتنەوە شێوەکەیان سارد دەبووەوە، بۆیە کەوتنە گەڕان بە دوای مۆم دا. بەڵام جگە لە مۆمەکانی دیار جەنازەکە هیچ مۆمێکی دی نەمابوو.

خاکاراڤان، لە بڕیاردانا هەمیشە بە پەلە بوو، یەکسەر ماری لویزی نارد تا دوان لە مۆمەکانی سەرەوە بێنێت و هەموو لە تاریکییەکەدا بەدەم چاوەڕوانییەوە مانەوە.

دەنگی پێی کچەکە، کە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا، بە ئاشکرا دەبیسترا. دوای چەند چرکەیەک دەنگەکە بڕا، پاشان بە هەشتاو هاتە خوارەوە، حایر وحەپەساو، سەراسیمەتر لە شەوێ کە خەبەری کارەساتەکەی هێنابوو، بەدەم هەناسەبڕکێوە بە ئەسپایی گوتی:- باوکە! باوکە! داپیرە خەریکە جل لەبەر دەکات!

کاراڤان، هێندە بلەز ڕابوو کە کورسییەکەی داخزی و بە دیوارەکەدا کەوت. بە دەمەلاڵکێوە پرسی:- چی؟... چیت گوت؟

ماری لویز کە لە هەڵچوونا هەناسەی پێنەدەدرا، دووبارە گوتی:- دایکە... داپیرە... خەریکە جل لەبەر دەکات... ئێستا دێتە خوارەوە.

کاراڤان، وەکو شێتان بە غار بەرەولای پلیکانەکان ڕۆیی و ژنەکەی حایر وحەپەساو بە دوایا. لێ کاراڤان لە بەر دەرگای نهۆمی سێیەمدا وەستا، لە ترساندا هەڵدەلەرزی، زاتی نەدەکرد وەژوورکەوێ، ڕووبەڕووی چ دیمەنێک دەبووەوە، خاکاراڤان کە لەو بە غیرەت تر بوو، دەسکی دەرگاکەی بادا و وەژوورکەوت.

ژوورەکە تاریک تر دیار بوو. تارماییەکی لاواز لە ناوەندیا دەجولاّیەوە. پیرەژن بە پێوە وەستابوو، دوای بێداربوونەوە لەو خەوە مەرگ ئاسایەو، تەنانەت بەر لەوەی بە تەواوەتی وەهۆش خۆی بێتەوە، کەوتبووە سەر لاو خۆی دابوو بە سەر ئانیشکەکانیا وهەستابوو، سیان لە مۆمەکانی دەوری تەختەکەی کوژاندبووەوە. پاشان هێزی وەبەر هاتبووەو کەوتبووە گەڕان لە شڕکە و پڕکە وشڕ وشیتاڵەکەی، سەری لە دیار نەمانی کۆمەدییەکەی سوڕمابوو، بەلاّم پاشان شتەکانی لە ناو سەندووقەکەدا دۆزی بووەوەو بە ئاسوودەیی جلەکانی لەبەرکرد.پاشان ئاوی قاپەکەی خالّی کرد، چلّە شمشادەکەی خستەوە پشت ئاوێنەکە، کورسییەکانی بردنەوە سەر جێگاکەی خۆیان ودەیویست بڕواتە خوارەوە کە کورەکەی وبووکەکەی لەبەردەمیا قوت بوونەوە.

کاراڤان، تەکانێکی دا ودەستەکانی گرت، بەدەم گریانەوە ماچی کرد. ژنەکەشی، لە دوای ئەوەوە، ڕپاکارانە و لێکدا لێکدا دەیگوت:- چەند خۆشحالّین! ئۆخەی!.

بەلاّم پیرەژن، بێهیچ کاردانەوەیەک، بێئەوەی بزانێ چ باسە، بە هەیکەلی وشکی پەیکەر ئاسا و چاوانی سارد و سڕەوە، تەنیا ئەوەندەی پرسی: شێو حازرە یان نا؟

کاراڤان، کە تەواو پەشۆکابوو، بە دەمەلالّکێوە گوتی:- بەلّێ دایکە! چاوەڕوانی تۆ بووین.

هەنگێ بە پەلەپەلێکی نائاساییەوە قۆلّی گرت. خاکاراڤان، بە مۆمێکەوە لە بەردەم ئەوانەوە پلە بە پلە دەڕۆیی و ڕێگاکەی بۆیان ڕوناک دەکردەوە، پاشەوپاش دەڕۆیی، ڕێک بە هەمان شێوەی دوێشەو کە لە پێش مێردەکەیەوە دەڕۆیی تا مەرمەڕەکەی بۆ بەرێتە خوارەوە.

کە گەییە نهۆمی خوارترەوە خەریک بوو دەگەڵ کەسانێکا کە دەهاتنە سەرەوە بەر یەکدی بکەون. کەس و کار بوون. خانم برو ومێردەکەی بوون کە لە شەرانتونەوە هاتبوون.

مەدام برو، ژنێکی بالاّبەرزی بەخۆوە بوو، ورگی دەرپەڕی بوو، چونکە نەخۆشی ئاوبەندی لەگەڵ بوو، لە ترسا چاوی دەرپۆقی بوون. مێردەکەی کابرایەکی پینەدۆزی سوسیالیست بوو، مردەلّە وکورتە بالاّ، هێندە تووکن بوو لە مەیموون دەچوو، بە بێموبالاتیەوە گوتی:- چییە، زندوو بووەتەوە؟

خاکاراڤان، کە چاوی بەوان کەوت، چاوێکی لێیان داگرت وپاشان بە دەنگی بەرزگوتی:- ئەمە ئێوەن؟! سەیرە، بە ڕاستی سپرایزێکی خۆشە!

لێ مەدام برو، هێشتا هەر گێژ بوو وسەری لە حالّەکە دەرنەکرد. لە بن لێوانەوە بەرسڤی براژنەکەی دایەوە:- بەدەم بروسکەکەی ئێوەوە هاتووین، وامانزانی هەموو شتێک تەواو بووە.

مێردەکەی لە دواوە نقورچی لێدەگرت تا هیچ نەلّێت. ئەوسا بەدەم خەندەیەکی فێلاّوییەوە کە لە پشت ڕدێنە تۆپەکەیەوە پەنهان بوو، گوتی:- لوتفتان فەرموو کە دەعوەتتان کردین، هەرکە بروسکەکەمان پێگەیشت یەکسەر کەوتینەڕێ.

بەو شێوەیە ئاماژەی بۆ ئەو ناکۆکییە دەکرد کە دەمێ ساڵ بوو، کەوتبووە نێوان هەر دوو خێزانەکەوە. پاشان بە هەشتاو بەرەو پیری پیرەژن چوو کە گەیی بووە سەر دوا پلیکانەکە ودەستی لە ملی وەرێنا وڕدێنە پڕەکەی لە گۆناکانی هەڵسوو، چونکە گوێی کەڕ بوو، بەهەموو هیزی خۆیەوە هاواریکرد:- حاڵ وئەحواڵت باشە دایکە. وەکو هەمیشە بە گوڕی؟

مەدام برو، واقی وڕمابوو، کە دایکی بە زندوویەتی دەبینی، ئەو بە حیسابی خۆی بۆ پرسەکەی هاتبوو. تەنانەت جورئەتی نەدەکرد ماچیشی بکات. ورگە زەلامەکەی هەموو سەحنەکەی گرتبوو و نەیدەهێشت ئەوانی دیکەش بڕۆن.

پیرەژن، نیگەران وبە گومان بوو. بە واقی وڕەوە وەستابوو و هێشتا هیچی نەدەگوت، سەیری خەڵکەکەی دەوروبەری خۆی دەکرد، چاوە چکۆلە و کەوەییەکانی بە تووڕەییەوە، جارێ بەما و جارێ بەودا دەگێڕا، نیگا کردنەکەی بە ڕادەیەک بە ماناوە بوو کە منداڵەکانی خۆی دەسەپاچە دەکرد.

کاراڤان، گوتی:- کەمێک حاڵی خراپ بوو، بەڵام ئێستا باشە، باشی باش بووە، وانییە دایکە؟

پیرەژن، کەوتەڕێ، بەدەم ڕێوە و بەدەنگێکی نەوی وەک ئەوەی لە دووری دوورەوە بێ گوتی:- هیچ نەبوو، سووکە پەرکەمێک بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە گوێم لە دەنگتان دەبوو.

بێدەنگیەکی پڕ نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشان. هەموو وەژوورکەوتن، ئەوسا لە دەوری خوانی شامێ دانیشتن کە بە پەلەپەل ئامادە کرابوو. تەنیا جەنابی برو سەرحاڵ بوو، سەر و ڕووی لە سەر وگوێلاکی غوریلایەکی نارەسەن دەچوو و قسەی دوو لۆنە وبە توێکڵ وپەلاراوی وەهای دەکرد کە بە ئاشکرا هەمووانی ناڕەحەت دەکرد.

بەڵام پەیتا پەیتا دەنگی زەنگی دەرگا بەرز دەبووەوە و روزالی سەراسیمە دەهات وکاراڤانی بانگ دەکرد، ئەویش دەستەسڕەکەی دادەنا و بە هەشتاو دەڕۆیی. مێردی خوشکەکەی پرسی کە ناکا ئەو شەوە میوانیان هەبێ و کاراڤان، بە دەمەلاڵکێوە وەڵامی دایەوە:- نەخێر، هیچ نییە، هەندێک ڕاسپاردەمان ڕاسپاردبوو.

خۆبەخۆ ئەو زەرفەی کە هێنابوویان، کردەوە، پڕ بوو لە کارتی قەراخ ڕەشی پرسە و تازیەباری. سووری سوور بووەوە و بەپەلە زەرفەکەی داخستەوە و تەپاندییە گیرفانی ئێلەکەکەیەوە.

دایکی ئەم دیمەنەی نەبینی، چاوی بڕی بووە سەعاتەکەی خۆی کە لە سەر موغەیرییەکە دانرابوو و باندۆڵە زێڕ کفتەکەی لە هاتوچۆدا بوو. بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەردا کێشابوون و سات بە سات هەمووانی پتر ناڕەحەت دەکرد.

هەنگێ پیرەژن، ڕوخسارە پڕ چرچ و لۆچ و سیحرباز ئاساکەی، بۆ لای کیژەکەی وەرگێڕا و، بە نیگایەکی حیلەگەرانەوە گوتی:- ڕۆژی دوو شەممە کچۆڵەکەتم بۆ بێنە، حەز دەکەم بیدینم.

خاکاراڤان، ڕەنگی تێکچوو، چیوای نەمابوو، لە داخا ببورێتەوە.

جووتە پیاو وردە وردە کەوتنە گەنگەشە و لە خوت و خۆڕایی کەوتنە گەنگەشەیەکی سیاسییەوە. برو، کە داکۆکی وبەرەڤانی لە تیۆریانیشۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی دەکرد، چاوەکانی لە ناوەڕاستی ڕوخسارە تووکنەکەیا دەدرەوشانەوە، خۆی گیڤ دەکردەوە، خۆی شین ومۆر دەکردەوەو هاواریدەکرد:- موڵکداری دزییە کاکۆ، دزییە لە کرێکاران. زەوی هی هەمووانە، میرات پرەنسیپێکی شووم و نەنگینە!...

لێ لە ناکاوا بێدەنگ بوو، وەکو یەکێک قسەیەکی ناپەسەندی لە زار دەرچووبێ، تەریق و شەرمەزار سەری لە بەر خۆ نا و بە تۆنێکی نەرمتر گوتی:-- بەهەرحاڵ ئێستا وەختی ئەم جۆرە گەنگەشەیە نییە.

دەرگا کرایەوە، دکتۆر شینیە هاتە ژوورەوە. بۆ ساتێک حەپەسا، پاشان خۆی کۆنترۆڵ کرد و بەرەولای پیرەژن ڕۆیی وگوتی:- بەهبەه! ئەمڕۆ حاڵی دایکە باشە! تەسەوری ئەمەم دەکرد، کە بە قالدرمەکانا دەهاتمە سەرەوە، لە دڵی خۆدا دەمگوت:- گرێو دەکەم کە خانمی گەورە لە سەر پێی خۆی وەستاوە.

بە ئەسپایی دەستێکی بە پشتی پیرەژندا دا وگوتی:- هێندە بتەو ومکوومە لە پردی بون نوف دەچی، دەبینین هەر هەموومان بە خاک دەسپێرێت!

دانیشت. قاوەیان بۆ هێنا، قاوەکەی وەرگرت و دوای تۆزێک تێکەڵی گەنگەشەی وان بوو، لایەنگری لە برو کرد، چونکە بەخۆیشی لە هەوادارانی کۆمۆنەی پاریس بوو.

پیرەژن هەستی بە ماندوویەتی دەکرد و دەیویست بڕوات. کاراڤان لە جێی خۆی ڕاپەڕی. دایکی چاوی لە دوڕ چاوی بڕی و گوتی:- دەزانی چییە، هەر ئێستا سەعاتەکەم و کومەدییەکەم بەرەوە سەرێ.

کاراڤان، شەرمەزار و تەریق، کەوتە لاڵەپەتە وگوتی:- بە چاوان دایکە.

پیرەژن، دەستی کیژەکەی گرت و بە دوو قۆڵی سەرکەوتن.

کاراڤان وژنەکەی حایر وحەپەساو لە جێی خۆ چەقین، دەتگوت دنیایان بە سەردا ڕوخابوو. لێ برو، دەستەکانی هەڵدەگلۆفت و هێدی هێدی قاوەکەی دەخواردەوە.

خاکاراڤان، لە داخا دەهری بووبوو، لە ناکاوا شاڵاوی بۆ برو برد و بەڕوویا هەڵشاخی:- هەی دز، بێشەرەف، خوێڕی، تف لە چارەت...

ئیدی هیچ قسەیەکی دی بۆ نەدەهات، خەریک بوو شەقی دەبرد، لە داخا دەخنکا، لێ برو بەدەم پێکەنینەوە و بێ خەم خەیاڵ قاوەی خۆی دەخواردەوە.

پاشان ژنەکەی زڤڕییەوە. خاکاراڤان، بە تەکان بەرەو دشەکەی (دش: خوشکی شوو) چوو، ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوەو ئەویان بەکەلەش و بە ورگی زەلامییەوە، ئەمیان بە مردەلۆخی و ڕێوەڵەیی و دەنگی نزم دەستێن لەرزۆکەوە، بەیەکدا هەڵشاخان و فەزیحەتی دنیایان بەیەکدی کرد.

شینیە وبرو کەوتنە ناوبژی، برو شانی ژنەکەی گرت و توورِی دایە دەرەوە و هاواری بەسەریا کرد:- برِۆ بابە، ئەم کەرەکەرەت لە چییە، ئەم کەر زەرِەت لەپای چی!

لە دەرەوە، لە سەر شەقامەکەوە دەنگی قەرقەشەیان دەهات کە دوور دەکەوتنەوە.

شینیە خوداحافیزی کرد ورِۆیی.

کاراڤان و ژنەکەی بە دوو قۆڵی مانەوە.

کاراڤان، شەکەت وماندوو خۆی بە سەر کورسییەکدا دا، ئارەقەیەکی سارد بە لا جانگەکانیا هاتە خوارەوە... لەبن لێوانەوە دەیگوت:- باشە چی بە بەڕێوەبەرەکەم بڵێم؟

# گەردانە

یەکێک بوو لەو کیژە هەرە جوان و دلڕفێنانەی، کە لە بنەماڵەی کارمەندێکی بچووکا هاتبووە دنیا، ، پێدەچوو دەستی قەدەر بە هەڵە لەو ماڵەی خولقاندبێ. نە جیازی هەبوو، نە هومێدی بە بەشە میرات و ئایندە هەبوو، نە هیچ ڕێگایەکی شک دەبرد کە بتوانێ دەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەندی ناودارا ئاشنایەتی پەیدا بکات کە لێی تێبگات، خۆشی بوێ وبیخوازێت، بۆیە ملی بۆ چارەنووس دا ومێردی بە فەرمانبەرێکی بچکۆلەی وەزارەتی پەروەردە کرد.

جل و بەرگی ساکاری لە بەر دەکرد، زێر و زیو و خشڵی نەبوو بیکا بە خۆیا و خۆی پێ برازێنێتەوە. بەڵام وەکو کەسێک کە لە چین و خێڵی خۆی دەرکرابێ، هەمیشە پەست وخەمبار و وەڕەز بوو، هەڵبەتە ژنان چین و نەژاد وئەسڵیان نییە، جوانی وناسکی وشۆخ و شەنگی جێگەی ئەسڵ و فەسڵ ونەژاد وبنەماڵەیان بۆ دەگرێتەوە.

جوانی، شایستەگی غەریزی ونەرم و نیانی دەروونی، هەموو شتێکیانە. زۆرجار کیژە هەژاران دەگەیەنێتە ئاست و پایەی دیارترین خاتوونانی ئەشرافزادە وگەورە دۆتمیران.

هەمیشە ناڕەحەت بوو، چونکە هەستی دەکرد بۆ ئەمە خولقاوە تا لەزەت لە هەموو جوانی وخۆشییەکانی ژیان وەربگرێت. بە دیمەنی هەژارانە، ڕووت ورەجاڵی ماڵەکەی، بە دیتنی دیوارە چڵکنەکان، کورسییە کۆنەکان، ناو ماڵە پەڕپووتەکەی، پەردە کۆن وتاڵکێشەکان دڵی دەگوشرا. هەموو ئەم شتانە، ئەو شتانەی کە ژنێکی دیکەی هاوچینی ئەو گوێی پێنەدەدان و هەر بیری لێنەدەکردنەوە، ئەویان ئازار دەدا وخەفەتباریان دەکرد. بە دیتنی ئەو کارەکەرە بچووکەی کە کاری ماڵە پەڕپووت وناچیزەکەی بۆ دەکرد، دووچاری حەسرەت وداخ وکەسەران دەبوو. لە فکران ڕا دەچوو. بیری لەو کۆشک وتەلارە بێدەنگانە دەکردەوە، کە پەردەی ڕۆژهەڵاتی بە دیوارەکانیانەوە هەڵواسرابوو، چلچرای برۆنزی ڕووناکی دەکردنەوە. بیری لە دوو نۆکەری زەلام دەکردەوە کە چۆن لەبەر ئامێری گەرمکەرەوەی مەرکەزیدا، خاو بوونەتەوە و، لەسەر موبیلە و قەنەفەی گەورەدا باوێشک دەدەن. بیری لەو هۆڵە گەورانە دەکردەوە کە دیوارەکانی بە پەردەێن ئاوریشمی گرانبەها داپۆشرابوون، بە جۆرەها گوڵدان وپەیکەری گرانبەها ڕازابووەوە، یان بیری لەو هۆڵە بچووک و بۆنخۆشانە دەکردەوە، کە ئێواران دۆستانی گیانی بە گیانی، پیاوانی ناودار وقۆز بەدەم قسانەوە تیایدا دادەنیشن و هەر ژنێک خوا خوایەتی سەرنجیان بۆ خۆی ڕابکێشێت.

وەختایەک بۆ شێو لە پشت ئەو مێزە بازنەیی وخڕەوە کە سێ دانە ڕۆژ بوو پەردەکەی سەری نەگۆڕدرابوو بەرانبەر مێردەکەی دادەنیشت و مێردەکەی سەری قاپە شلەکەی لادەدا و بە ڕوویەکی خۆشەوە دەیگوت:- ئەڵڵا، گۆشتاو، بەڕاستی بەلەزەتە، لەو خواردنانەیە کە من زۆر حەزم لێیە.

لەو کاتانەدا ئەو بیری لە فراقین وشێوێن بە لەزەت و خۆش لە قاپێن زیووی درەخشانا دەکردەوە، بیری لە پەردەی بە نەخش ونیگاری قەد دیواران دەکردەوە، کە بە وێنەی پیاوان وکەسایەتیانی ناودار وباڵندەێن ئەفسانەیی نێو لێرەوارێن خەیاڵی نەخشێنرابوون. بیری لە خۆراکی لەزەتبەخشی ناو قاپ وئامانی نائاسایی

دەکردەوە، بیری لەو ڕاز ونیازە دڵدارییانە دەکردەوە کە بەدەم نیگاێن ڕازئامێزەوە، دەگوتران ودەبیستران، هەموو ئەو شتانە بەدەم خواردنی ماسی قزلئالای سوورەوەکراو یان بەدەم خواردنی باڵی کەڵەبابی جەنگەڵییەوە، دەکران.

ئەم ژنە، نە جل وبەرگی شایستە وجوانی هەبوو، نە خشڵ وگەوهەران، لە کاتێکا تەنیا دڵی بەو شتانە دەکرایەوە وهەستی دەکرد بۆ ئەو شتانە خوڵقاوە. چەندی حەز دەکرد، سەرنجان ڕابکێشێت، بەغیلی پێببرێ و خەونی پێوە بدیترێ و پیاوان شێت و شەیدای بن و خوا خوای مەرحەبایەکی ئەو بن.

دەستە خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو، کاتی خۆی لە دێرا، هاوپۆل بوون، ئێستا حەزی نەدەکرد هاتوچۆی بکات، چونکە هەرجارێ کە دەچووە دیدەنی ئەو، لە گەڕانەوەدا زۆری خەفەت دەخوارد ولە دڵی خۆیدا بەغیلی پێدەبرد و لە داخانا تا دوو سێ ڕۆژان هەر دەگریا و کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

***

شەوێک مێردەکەی بە شادییەوە هاتەوە، زەرفێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، گوتی:- وەرە، ئەمەم بۆ تۆ هێناوە.

ژنە بلەز زەرفەکەی هەڵپچڕی و کارتێکی لێدەرهێنا کە ئەم وشانەی لەسەر نووسرابوو:

" وەزیری پەروەردە وخاجورج رامپونو، تکاکارن لە ئاغا وخانم لوزال، کە داوەتی ئەوانن لە شەوی دووشەممەی ١/١٨ دا گەورەیان بکەن و تەشریف بێنن و لە کۆشک و هۆڵی وەزارەتخانەدا ئامادە بن. "

بە پێچەوانەی چاوەڕوانی مێردەکەیەوە، لە جیاتی ئەوەی خۆشحاڵ بێ، دەعوەتنامەکەی بە تووڕەیی هەڵدایە سەر مێزەکە ولەبن لێوانەوە گوتی:- چی لێبکەم؟

مێردەکەی گوتی:- وام وێنا دەکرد زۆر خۆشحاڵ بی گیانەکەم. تۆ قەت لە ماڵ ناچیتە دەرێ، هەر لە کونجی ماڵەوەی، ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە. بە زەحمەتێکی زۆر ئەم دەعوەتنامەیەم بەدەست هێناوە، فەرمانبەرەکان خوا خوایان بوو دەستیان بکەوێ، ئەم دەعوەتنامەیەیان بە هەموو فەرمانبەرێک نەدەدا، هەموو گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت لەوێندەر دەبینی.

ژنە، بە چاوانی تووڕەوە ڕوانییە مێردەکەی وبە بێتاقەتیەوە گوتی:

- ئاخر هیچی وام نییە بۆ ئەو شوێنە لە بەری بکەم.

مێردەکەی بیری لەمە نەکردبووەوە، کەمێک ڕاما و ئەوسا گوتی:

- باشە هەمان ئەو کراسە لەبەر بکە، کە هەموو جارێ بۆ ئۆپراخانەکان لەبەری دەکەیت، بەلای منەوە زۆر جوانە و زۆر لێت دێ...

پیاوەکە بێدەنگ بوو، ژنەکەی دەگریا... دوو دڵۆپە ڕوندکی درشت بە ئەسپایی لە چاوانییەوە بەرەو گۆشەی لێوەکانی دادەخزین. بەسەرسامی گوتی:- ئەوە چییە، بۆ دەگری، ئاخر چی ڕوویداوە؟

ژنێ، بە ئەستەم خۆی کۆنترۆڵ کرد و بەدەم سڕینی فرمێسکەکانیەوەو بە ڕاوێژێکی ئارام گوتی:- هیچم نییە. مەسەلەکە تەنیا ئەمەیە کە جلکی باشم نییە و ناتوانم بۆ ئەو ئاهەنگ و شەوبێریە بێم. ئەم کارتە بدە بە یەکێک لەو هاوکارانەت کە جل و بەرگی ژنەکەی لە هی من باشتر بێت.

پیاوەکە بە کەسەرەوە گوتی:- تۆ ڕاوەستە ماتلیدا، پێم بڵێ بزانم جلێکی باش، کە بشێت لە بۆنەێن دیکەشا بەکاری بێنی، دەستێک جلکی زۆر سادە، چەندی تێدەچێت؟

ژنە، بۆ چەند چرکەیەک دەبیرەوە چوو، لە دڵی خۆیا حیساب وکیتابی خۆی کرد، بیری لە نرخێک دەکردەوە کە پیاوەکەی پێی قاییل بێ وپێی هەڵسوڕێت ودڵی ئەم فەرمانبەرە بچووکە پاشەکەوتکارە دانەخورپێ و هاواری لێهەڵنەستێ. سەرەنجام بە دوو دڵییەوە گوتی:- بە تەواوەتی نازانم، بەڵام پێموایە بە چوارسەد فرانکێک شتێکی باش چێدەکرێ.

پیاوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕێک چوارسەد فرانکی پاشەکەوت کردبوو و بە تەما بوو تاپڕێکی پێبکرێ و هاوینی ئایندە، ڕۆژانی یەک شەمموان لە گەڵ هاوڕێکانیا بۆ ڕاوە کلاوکوڕان بۆ دەشتی " نانتیر " بڕوات. وێڕای ئەوەش گوتی:- باشە من چوارسەد فرانکت دەدەمێ. تۆش هەوڵبدە کراسێکی جوان بکڕە.

***

ڕۆژی ئاهەنگەکە نزیک دەبۆوە، کەچی خاتوو لوزال، وێڕای ئەوەی کراسەکەی تەواو بووبوو، هەر مات و کز وخەمبار بوو. شەوێک مێردەکەی وتی:- ئەرێ ئەوە چییە؟ بێتاقەتی، ئەمە دوو سێ ڕۆژە لە ماتیلداکەی جاران ناچیت!

ژنێ گوتی:- کە دەبینم هیچ زێڕ و زیوێکم نییە، تەنانەت تاقە مووریەکم نییە بە خۆمیا بکەم، بێتاقەت دەبم، ڕواڵەتم لە هی گەدایان دەچێ، هەرچی بیر دەکەمەوە، حەزناکەم بۆ ئەم ئاهەنگ و شەوبێرییە بچم.

مێردەکەی گوتی:- گوڵی سروشتی لە خۆت بدە. لەم وەرزەی ساڵدا زۆر مۆدیەتی. دەتوانی بە دە فرانک دوو سێ گوڵە باخی نایاب بکڕی.

ژنە، بەمە قاییل نەبوو گوتی:- نا، هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە، کە بەشەر لە ناو کۆمەڵێک ژنی دەوڵەمەندا، هەژار ولات بنوێنێ.

مێردەکە لە ناکاوا بە هەڵچوونەوە گوتی:- کە بێ هۆشین! ئەمەی بۆ چییە، بڕۆ بۆلای خاتوو فورستیەی دەستە خوشکت و چەند پارچە خشڵێکی بە ئەمانەت لێبخوازە، خۆ ئێوە زۆر لێکدییەوە نزیکن.

ژنێ، لە خۆشیا هاوارێکی کرد وگوتی:- ڕاستدەکەی، ئەوم هەر لە بیر نەبوو.

سبەینێ چوو بۆ لای دەستە خوشکەکەی وکێشەکەی خۆی بۆ باسکرد. خاتوو فورستیە خۆی بە گەنجینەکەدا کرد. سەندووقێکی گەورەی هەڵگرت ولەگەڵ خۆیدا هێنای، کردیەوەو خستیە بەردەست خا لوزال و، گوتی:- کەرەمکە گیانە، هەرچیەکت بە دڵە هەڵیگرە.

خا لوزال، هەوەڵجار چەند بازنێکی بەرچاو کەوت، ئەوسا گەردانەیەکی مرواری، پاشان خاچێکی ڤینیسی زێڕی زۆر جوانی بەدی کرد. لە بەر ئاوێنەکەدا هەموو ئەو خشڵانەی بەخۆدا کرد و یەک یەک تاقیکردنەوە، دوو دڵ بوو، دڵی نەدەهات دایان بنێتەوە. حەزی نەدەکرد بیانداتەوە. بەردەوامیش دەیپرسی:- جگە لەمانە هیچی ترت نین؟

- با، بۆخۆت بگەڕێ. من نازانم تۆ حەزت لە چییە.

لەناکاوا، لەناو پاکەتێکی قەیفەی ڕەشدا، گەردانەیەکی ئەڵماسی یەجگار جوانی بەدی کردو سەرنجی ڕاکێشا و دڵی کەوتە ترپەترپ. کە ملوانکەکەی دەردێنا دەستی دەلەرزی. ملوانکەکەی لە سەر کراسەکەیەوە لە مل کرد، لە تەمەشای خۆی تێر نەدەبوو. ئەوجا بە دوو دڵی وناڕەحەتییەوە گوتی:- دەتوانی ئەمەم بە ئەمانەت بدەیتێ، تەنیا ئەمەم دەوێ؟

- هەڵبەتە، بێگومان.

ئەوسا ڕاپەڕی، دەستی دەستۆی دەستە خوشکەکەی کرد وبە کوڵ و بەدڵ ماچی کرد، پاشان بەو گەنجەوە کە دەستی کەوتبوو، بە هەشتاو بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە.

***

شەوی ئاهەنگەکە هات. خالوزال، بوو بە گوڵی مەجلیس، لە هەموو ژنەکانی دی جوانتر بوو، شۆخ وشەنگ، دڵڕفێن بوو، سەرمەستی شادمانی بوو، بزەی لە لێوان نەدەبڕا، پیاوەکان هەموو چاویان لەو بوو، ناویان دەپرسی، هەوڵیاندەدا پێی بناسرێن، هەموو بەرپرسان ودەستە ودایەرەی سەر بە نووسینگەی وەزیر دەیانویست دەگەڵ ئەودا بڕەقسن. تەنانەت سەرنجی خودی وەزیریشی ڕاکێشا.

بەجۆرێک دەڕەقسی لە تۆوایە حاڵی لێهاتووە. ئاگای لە خۆ نەمابوو، شەوق وزەوقی سەرکەوتنی جوانیەکەی هۆشی لەلا نەهێشتبوو. لەنێو تەمتوومانی ئەو هەموو کڕنۆشەی بۆی دەبرا، لە نێو شەپۆلی ستایش و ئافەریندا، لە نێو ئارەزووە هاڕووژاوەکانیا، لە نێو ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا کە ئاوات و مایەی دڵخۆشی هەر ژنێکە دەڕەقسی.

دەوروبەری سەعات چواری بەیانی، ماتیلدا لە ئاهەنگەکە هاتەدەرێ. مێردەکەی لە سەعات دوازدە بە دواوە، لە هۆڵێکی بچووکی چۆڵدا، دەگەڵ سێ پیاوی دیدا، کە ژنەکانی ئەوانیش سەرمەستی ڕەقس و شایی بوون، خەوتبوو.

مێردەکەی ئەو کۆلۆانە سادەیەی کە ژنە بۆ کاتی چوونە دەرەوە هێنابووی، دا بە شانی ژنەدا، کولۆانەیەکی ساکار وسادەی هەرزان بایی ڕۆژانە بوو، کە دەگەڵ جلکی سەماکەیدا تێکی نەدەکردەوەو هەژارییەکەیانی لە قاو دەدا. ژنە هەستی بەمە کرد، خوا خوای بوو هەرچی زووە لەوێندەر بەدەربکەوێ وژنەکانی دی کە هەموو پاڵتۆی گرانبەهای فەروویان بە شانیاندا دابوو، بەو حاڵەوە نەیبینن.

لوزال، ڕایگرت وگوتی:- لێرە بوەستە، دەرەوە ساردە، با بچم گالیسکەیەک بگرم. سەرمات دەبێت.

بەڵام ژنە بە گوێی نەکرد وبلەز بە پلیکانەکاندا داگەڕا. کە گەیشتە سەر شەقامەکە گالیسکەیان دەست نەکەوت و بە پێیان کەوتنەڕێ. بێهودە ئەو گالیسکەچیانەیان گاز دەکرد کە لە دوورەوە تێدەپەڕین. ئیدی بەدەم سەرما وهەڵ لەرزینەوە بەرەو ڕوباری سین ڕۆیشتن. ئەنجام لەوێ گالیسکەیەکی شەق وشڕیان دەست کەوت. لەو گالیسکە فریشقە و کۆنانە بوو کە لە پاریسدا تەنیا بە شەوان دەبینران و لە تۆ وایە شەرم دەکەن بە ڕۆژەوە دەربکەون و کۆنی خۆیان بە خەڵکی پیشان بدەن.

گالیسکەکە گەیاندنیەوە بەر ماڵی خۆیان لە شەقامی شەهیدان، شەکەت وماندوو، خەمین وخەمبار بە پلیکانەکەدا سەرکەوتن، سەبارەت بە ماتیلدا هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو و مێردەکەشی بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ سبەی زوو لە خەو ڕابێ و سەعات دە لە دەوامی وەزارەتخانە بێ.

ماتیلدا، کۆلۆانەکەی سەر شانی لابرد، چووە بەر ئاوێنەکە تا جارەکی دی جوانییە شکۆدارەکەی خۆی بدینێت. بەڵام لە پڕ زریکاندی. ملوانکە ئەڵماسەکەی لە مل نەمابوو.

مێردە، کە نیوەی جلەکانی داکەندبوو پرسی:- چییە دیسان؟

ژنە، بەترسەوە ئاوڕی لای ئەوی دایەوەو گوتی:- ملوانکەکە، ملوانکەکەی خاتوو فورستیەم لە مل نەماوە.

لوزال، حایر وحەپەساو پشتی ڕاستکردەوەو گوتی:- ئاخر چۆن... شتی وا چۆن دەبێ!

چین ولۆچەکانی کراسەکە، توێی مانتۆکە، ناو گیرفانەکان و هەموو شوێنەکان گەڕان، ملوانکە ڕەشە ڕاهات، نەبوو و نەبوو.

مێردەکەی پرسی:- تۆ دڵنیایت وەختێ لە ئاهەنگەکە هاتیە دەرەوە لە ملتا بوو؟

- بەڵێ، لە هۆڵەکەی وەزارەتخانەدا دەستم بەری کەوت.
- باشە ئەگەر لە سەر شەقامەکەدا لێت کەوتبا، گوێمان لە دەنگی دەبوو. هەبێ و نەبێ لە ناو گالیسکەکە لێت کەوتووە.
- ئەرێ، دوور نییە. باشە ژمارەی گالیسکەکەت وەرگرتووە؟
- نا، ئەدی تۆ؟
- نەخێر.

حایر وحەپەساو تەمەشای یەکیان دەکرد. لوزال، دووبارە خۆی گۆڕی وگوتی:- دەڕۆم تاقیبێکی ئەو مەسافە ڕێگایە دەکەم کە پێیا هاتین، بزانم لەوێندەر نەکەوتووە.

لوزال، لە ماڵ وەدەرکەوت، ماتیلدا هەر بە جلکی ئاهەنگەکەوە، بێئەوەی ئاگریّ لە ژوورەوە هەبیّ یان بتوانیّ ڕابکێشێت، ، پەست وبێزاروبێتاقەت، بێئەوەی توانای بیرکردنەوەشی هەبێت، بە تاریکی وبەدەم چاوەڕوانییەوە بەسەر کورسییەکدا تلیسابووەوە.

مێردەی داماو دەوروبەری سەعات حەوتی بەیانی گەڕایەوە. گەردانەکەی نەدۆزی بووەوە.

لوزال، پۆلیسخانەی ئاگادار کردەوە، سەری ڕۆژنامەکانی دا و ئاگاداری بڵاوکردەوە، خەڵات ومژدانەی بۆ دۆزەرەوەی ملوانکەکە دیاری کرد، سەری گەراج و کومپانیای گالیسکەڕانی دا. هەر شوێنیّ جێگای مەزەندە و ئومێد بوو، سەری دا.

ژنەی تاین، ئەو ڕۆژەی تا ئێواریّ، لە ماڵەوە بە ترس و نیگەرانی و چاوەڕوانیەوە بردە سەر.

لوزال، شەویّ بە ڕەنگی زەرد و گۆنای قوپاوەوە، بەدەستی بەتاڵ هاتەوە. بە ژنەکەی گوت:- دەبیّ نامەیەک بۆ دەستە خوشکەکەت بنووسیت وبڵێیت قولاب وزنجیری گەردانەکە شکاوە و داومە بە وەستا چاکی بکاتەوە. ئیدی بەم جۆرە دەرفەتی چەند ڕۆژێکمان بۆ دەڕەخسێت، ئیّ بەڵکو لەو چەند ڕۆژەدا گەردانەکە بدۆزینەوە.

لوزال، دەقی نامەکەی گوت وژنەش نووسییەوە.

***

هەفتەیەک بووری وهیچیان بە هیچ نەکرد، تەواو ئومێدبڕ بوون. لوزال، کە ئێستا پێنج ساڵ پیرتر دەینواند، گوتی:- دەبیّ دەست بەکاربین و قەرەبووی گەردانەکەی بۆ بکەینەوە.

ڕۆژی دوایی پاکەتی گەردانەکەیان هەڵگرت وبردیان بۆ لای ئەو جەواهیر فرۆشەی کە ناوی لە سەر پاکەتەکە نووسرابوو.

یارۆی جەواهیر ساز بە دەفتەر و تۆمارەکانیا چووەوەو گوتی:- ئەو ملوانکەیەی ئێوە تاقیبی دەکەن من بەو خانمەم نەفرۆشتووە، ڕەنگە هەر پاکەتەکەی بە بەتاڵی لە من کڕیبیّ.

ئەوە بوو کەوتنە سەردانی جەواهێر فرۆش و زەڕنگەرەکان بەو ئومێدەی ملوانکەیەک پەیدا بکەن کە تەواو لە ملوانکە ون بووەکە بچێت. هەردووکیان شەکەت و ماندوو، لە داخا نەخۆش ونیگەران هەوڵیاندەدا جۆری ملوانکەکە وەبیر خۆ بهێننەوە.

ئەنجام لە " پالە رویال "، لە موغازەیەکدا، گەردانەیەکی ئەڵماسیان دۆزییەوە کە بە ئەقڵی وان تەواو لە گەردانە ونبووەکە دەچوو. بایی چل هەزار فرانک بوو، بەڵام کابرای جەواهیر فرۆش ئامادە بوو بە سی و شەش هەزار فرانک پێیان بفرۆشێت. تکایان لە جەواهیر فرۆشەکە کرد تا سیّ ڕۆژی دی نەیفرۆشێت. هەروەها ئەو

مەرجەشیان لە گەڵدا کرد ئەگەر تا ئاخر و ئۆخری مانگی شوبات گەردانەکەی خۆیان دۆزییەوە، ئەوا ئەمەیان بە سی وچوار هەزار فرانک لێوەربگرێتەوە.

لوزال، هەژدە هەزار فرانکی هەبوو کە لە بابیەوە بۆی بە جێمابوو. لێبڕا ئەو باقیەکەی قەرز بکات.

کەوتە قەرز کردن، قەرزی لە هەموو کەسێک دەکرد. هەزار فرانک لە یەکێ، پێنج سەد فرانک لە یەکێکی دی، سەد فرانک لەم و شەست فرانک لەو. بە مەرجی قورس و کەمەرشکێن پارەی قەرز دەکرد، سەر وکاری کەوتە لای سووتخۆران و ئەوانەی پارەیان بە قازانج بە قەرز دەدا. ئیدی ئایندەی خۆی خستە مەترسییەوە. قەواڵەی دنیای ئیمزا دەکرد بە بێئەوەی دڵنیابێ کە بۆی دەدرێتەوە یان نا. هەرچەندە بیرکردنەوە لە ڕەنجەڕۆیی ئایندە و ئەو ڕۆژە ڕەشانەی کە چاوەڕوانیان دەکرد و هەژاری و نەبوونی و نامورادی دەروونی ئازاریان دەدا. ئەوجاش هەر خۆی بە موغازەکەی کابرای جەواهیرفرۆشدا کرد وسی شەش هەزار فرانکەکەی خستەسەر مێزەکەی و ملوانکەکەی لێکڕی.

خا لوزال، گەردانەکەی بۆ خانم فورستیە بردەوە، خانم بە ساردییەوە گوتی:- دەبوایە زووتر هێناباتەوە، لەگین بوو پێویستم بوایە.

باشبوو خافورستیە سەری پاکەتەکەی هەڵنەدایەوە. ئەگەر سەری پاکەتەکەی هەڵداباوەو هەستی بکردایە گەردانەکە گۆڕاوە، چی دەگوت؟ئایا تۆمەتی دزی نەدەدایە پاڵ؟

***

خالوزال، نها ژیانی هەژاری و نەداری دەجەڕباند، پاڵەوانانە چووە ژێر ئەم بڕیارە قورسە. قەرزێکی کەمەرشکێنیان لەسەر بوو، دەبوایە بیدەنەوە. بڕیاری خۆیان دا ومەردانە دەستبەکار بوون. کارەکەرەکەیان ئیزن دا، خانووەکەیان گۆڕی، شوقەیەکی بچووکیان، لە قاتی سەرەوەی ئاپارتمانێکا بە کرێ گرت.

خاتوو لوزال، بە خۆی ئەرکی قورسی ماڵی گرتە ئەستۆ. بە خۆی چێشتی لێدەنا. قاپ وئامانی دەشۆرد. بە نینۆکە پەمەییەکانی، بە پاککردنەوەی کاسە وگۆزە وچەوری وبنکڕی بنی قاپلەمە و مەنجەڵان ڕەش هەڵگەڕان. بەخۆی جل و بەرگی چڵکن و کراس و کۆنە پەڕۆیانی بە سابوون دەشت و بە تەنافییەوە هەڵدەواسین. هەموو بەیانییەک تەنەکەی خۆڵەکەی هەڵدەگرت ودەیبردە خوارەوەو لە جادەکە دەپەڕییەوەو لەو سەرەوە بە سەتڵی ئاوەوە دەگەڕایەوەو بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوت و لە سەر هەر پلەیەک سووکە وچانێکی دەگرت. بە سەرو سیمای هەژارانەوە، بە خۆی وزەمیلەکەیەوە دەچووە بازاڕ، سەوزەو میوەو گۆشتی دەکڕی، سەواو مامەڵەی دەکرد، لە تاقە پوولێکی خۆی خۆش نەدەبوو، قسەی ناشیرین وجنێوی بەر گوێ دەکەوت. سەری هەموو مانگێک چەند کومپیالە و قەواڵەیەکیان دەدایەوەو هەندێکی تریان تازە یان درێژ دەکردەوە.

مێردەکەی دوا نیوەڕوان کاری دەکرد، حیساب وکیتانی بۆ کابرایەکی موغازەدار دەگرت، شەوانیش زۆرجار کومپیالە و قەواڵانی ڕوونووس دەکرد و لە بری هەر لاپەڕەیەک پێنج سووی وەردەگرت.

ئەم ژیانی کولەمەرگییە دە ساڵی تەواوی خایاند. لەو ماوەیەدا هەموو قەرزەکانیان بە قازانجی سووتخۆرانیشەوە دایەوە.

خا لوزال، هەنووکە پیر دیار بوو، ڕواڵەت و سەر و سیمای زبر ودەست و پلی ئەستووری ژنانی هەژاری پەیدا کردبوو. قژی لوول و شێواو، تەنوورەکانی چرچ و لۆچ، دەستەکانی سوور و پیرەڵۆک، بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد، بە سەتڵ ناو ژوورەکانی دەشۆرد. بەڵام جارجارێ وەختایەک مێردەکەی لە دایەرە بوایە، لە بەر پەنجەرەکە ڕۆدەنیشت وبیری لە شەوانی ڕابردوو، لەو شەونشینییە دەکردەوە و بیری لە خۆی دەکردەوە کە چەند جوان بوو، چەندیان ستایش کردبوو.

ژیان چۆن دەبوو ئەگەر ئەو گەردانەیە ون نەبوایە؟ کێ دەزانێ؟ بەڕاستی چی ڕوویدەدا؟ ژیان چەند سەیرە! چۆن بچووکترین بویەر مرۆڤ بەدبەخت و چارەڕەش یان بەختەوەر وشاد دەکات!

***

ڕۆژێک پاش یەک هەفتە کاری سەخت وقورس، بە مەبەستی پیاسە و بۆ دەرکردنی بێتاقەتی، لە ماڵ وەدەرکەوتبوو و چوو بوو بۆ شەقامی شانزیلیزە. لە ناکاوا چاوی بە ژنێک کەوت کە دەستی منداڵێکی گرتبوو و دەیگێڕا. ئەو ژنە خاتوو فورستیە بوو. هێشتا هەر تەڕ وبڕ وجوان ودڵڕفێن بوو.

خالوزال، دڵی دالەرزی، تیا مابوو بچێ قسەی دەگەڵ بکات یان نا؟ جا بۆ نەیکات. هەموو قەرزەکانی دابووەوە و ئیدی سڵ لە چی بکاتەوە، دەیتوانی هەموو سەر بهوردەکەی لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕێتەوە، بۆ نا؟

لێی چووە پێشەوە:- سڵاو جان.

خاتوو فورستیە نەیناسییەوە. سەری سوڕما کە ژنێکی عەوام بەو خۆمانییە قسەی دەگەڵ دەکرد، بۆیە بە مینگە مینگەوە گوتی:- من... خانم!... وا بزانم... پێموایە تۆ بە هەڵە چووبی...

- نا، من ماتیلدا لوزالم.

دەستە خوشکەکەی هاوارێکی کرد وگوتی:- واخ ماتیلدای بەلەنگاز، چەند گۆڕاوی!...

- بەڵێ، ئیدی لەو ساوە کە دواجار تۆم بینی، ژیان و ڕۆژگارێکی زۆر سەختم بەسەر برد، بەدبەختی دنیام کێشا... هەر هەمووی بە هۆی تۆوە!
- بەهۆی منەوە؟... تێناگەم؟
- لە بیرتە بە ئەمانەت گەردنلغێکت دامێ تا لە ئاهەنگی ماڵی وەزیردا لە ملی بکەم؟
- بەڵێ، لە بیرمە... ئەی مانای چی؟
- ئێ... ونم کرد.
- یانی چی ونت کرد؟ خۆت بۆت هێنامەوە.

- یەکێکی دیم بۆ هێنایەوە، عەینی ئەوەی خۆت بوو. دە دانە ساڵی خشت قەرزی ئەو ملوانکەیەمان دایەوە. تۆ بەخۆت دەزانی کە ئەو کارە بۆ خەڵکی وەکو ئێمە، کە هیچ پارە و پولێکمان نەبوو، کارێکی ئاسان نەبوو... بەڵام باش بوو، تەواو بوو... لە کۆڵم بووەوە. نها زۆر خۆشحاڵم.

خاتوو فورستیە، بە سەرسامی گوتی:- یانی لە بری گەردانەکەی خۆم، گەردانەیەکی ئەڵماست بۆ کڕیومەتەوە؟

خا لوزال گوتی:- بەڵێ هەستت پێنەکرد؟ ڕێک وەکو یەک بوون .

وبزەیەکی شادی پڕ لە غروور وساویلکانە کەوتە سەر لێوی.

خاتوو فورستیە حایر وحەپەساو هەر دوو دەستی ئەوی دەنێو دەستی خۆی خستن وگوتی:- ئاخ! ماتیلدای ئازیز، بەلەنگازۆ خۆ گەردانەکەی من ئەسڵ نەبوو. ئەوپەڕی بایی پێنج سەد فرانک دەبوو.

١٨٨٤/٢/١٧

# ڕۆز

دوو ئافرەتی گەنج دەتگوت لە ژێر خەرمانی گوڵدا نێژراون، بەتەنیا لە نێو پایتونێکی گەورەدان، پڕە لە گوڵ، لە دوورەوە لە سەبەتەیەکی تەژی چەپکە گوڵ دەچێت. دوو کیسەی قەیفەی سپی پڕ لە وەنەوشە لە سەر تەختەکەی پێشەوەیە، لە سەر ئەو کەوڵە ورچەی کە دابوویان بە سەر ئەژنۆیاندا، خەرمانێکی گەورە لە گوڵە باخ، میمۆزا، مێخەک، مینا، رازقی و بەهارنارنج هەڵدرابووەوە کە هەر هەموویان بە هەودای ئاوریشم چەپک کرابوون، ئەم هەموو گوڵە دەتگوت بارێکی قورسە، بە سەر دوو جەستەی ناسکەوە کە لەو شوێنە بۆن خۆش و ڕەخشانەدا، تەنیا شان وملیان بە دەرەوە بوو و بە حاڵ سینگ وبەرۆکیان دیار بوو کە یەکێکیان جلێکی شین و ئەویتریان جلێکی وەنەوشەیی لەبەر بوو.

تەنانەت قامچی پایتونەوانەکەش، لە گوڵاڵە سوورەدا هەڵکشابوو، قایش وقروشی ئەسپەکانیش، لێرە ولەوێ گوڵە مێخەکی زەردیان پێوەکرابوو، فەنەری چەرخەکانی پایتونەکەش یەکپارچە گوڵە ئەسپەرەک بوو، دوو چەپکە گوڵی گەورە بە پێشی پایتونەکەوە کرابوو، جێگای لایتیان گرتبووەوە، ئیدی ئەم خەرمانە گوڵە بە کاوەخۆ ڕێی دەکرد ودەچووە پێشێ.

پایتونەکە بە شەقامی " ئانتیپ " دا بە هەشتاو دەڕۆیی، ئیدی تەنیشتەکانی، پاشی، پێشی، هەر هەمووی گالیسکەێن ڕازاوە بە گوڵ بوو و پڕ بوون لە ژنانی جوانی ژێر خەرمانی گوڵە وەنەوشە. ئەو ڕۆژە لە شاری کان، ڕۆژی جەژنی گوڵ بوو.

دەگەنە بولڤاری "لافونسیر" و شەڕە گوڵ دەست پێدەکات. بە درێژی و پانی شەقامەکەدا، دوو ڕیز گالیسکە و پایتونی گوڵپۆش وەکو دوو نەواری بێکۆتایی دێن و دەڕۆن. سەرنشینانی گالیسکەکان گوڵ دەگرنە یەکدی. گوڵ، وەکو تۆپ بە حەوادا دەڕۆن و بەر دەم و چاو و ڕوخساری جوان و ناسک دەکەون، ئەوسا دەکەونە سەر ئەرزەکە ومنداڵان پەلامار دەدەن و کۆیان دەکەنەوە.

جەماوەرێکی زۆر، لە سەر شوستەکان، وەستاون، بە ئارامی تەمەشا دەکەن، پۆلیسی سوارە، بە توندی ئەمبەرو ئەوبەر دەکەن وخەڵکە پیادەکە دەدەنە دواوە، نەیاندەهێشت خەڵکە عەوامەکە تێکەڵ بە ئاهەنگ و بەزمی دەوڵەمەندان ببن. سەرنشینانی گالیسکەکان هەموو یەکدی دەناسنەوە، یەکدی بانگ دەکەن ویەکتر گوڵباران دەکەن. گالیسکەیەکی پڕ لە ژنانی جوان، کە هەموو جلکی سووری تۆخیان لەبەر بوو و سەرنجی خەڵکەکەیان ڕادەکێشا، پیاوێکیان لەگەڵ بوو، کە دەستێ جلکی وەکو جلەکانی هنری چوارەمی لەبەر بوو، چەپکێ گوڵی گەورەی بە دەستەوە بوو، وادیار بوو چەپکە گوڵەکەی بە لاستیکێک بە دەستی خۆیەوە گرێدابوو، بە توندی و بە شادییەوە، چەپکە گوڵەکەی هەر جارە دەگرتە یەکێک لە ژنەکان، ئەوانیش ( ژنەکان ) لە ترسا هەر دوو دەستیان بە سەر و چاویانەوە دەگرت. بەڵام چەپکە گوڵەکە کە هەتا نیوەی ڕێ دەڕۆیی و بە هەواوە خولێکی دەخوارد و بۆ لای خاوەنەکەی دەگەڕایەوە و ئەویش یەکسەر دەیگرتە کەسێکی دی.

دوو ژنە جوانەکە، بە دەستێک دەم و چاویان دەپاراست و بە دەستەکەی تریان، ئەو چەپکە گوڵانەیان دەگرتەوە کە تێیان دەگیرا. بەهەرحاڵ ئەم بەزمە سەعاتێکی خایاند وپاشان ماندوو بوون وداوایان لە پایتونەوانەکە کرد کە بەرەو کەنداوی " ژوئان " یان ببات.

هەتاو خەریک بوو لە کێوی " ئەسترل " ئاوا دەبوو، ئاسۆ خەریک بوو تاریک دەبوو، دەریاکە شین ومەنگ هەتا هەتەری چاو دەڕۆیی و لەوێندەر دەگەڵ ئاسماندا یەکی دەگرتەوەو لە چاو ون دەبوو.کەشتیانی هێزی دەریایی لە ناوەندی کەنداوەکەدا لەنگەریان گرتبوو، لە کۆمەڵە دیو ودرنجێکی دەریایی دەچوون، دێو و درنجێن دۆزەخی، زرێپۆش و قەموور، بە بۆرجەکانی سەریانەوە کە دەتگوت چاوەڕوانی شەون تا هەڵبن.

جووتە ژنەکە، کە لاقیان خستبووە ژێر کەوڵە قورسەکەوە، هیلاک وماندوو، تەمەشا دەکەن، سەرەنجام یەکێکیان دێتە قسان ودەڵێ:- هەندێ شەوانی وەکو ئەم شەوە زۆر خۆشن، وانییە مارگو؟

مارگۆ بەرسڤی دەداتەوە:- با، بەڵام لە یەک شتی کەمە.

- ئەو شتە چییە؟ من بەش بە حاڵی خۆم، زۆر دڵخۆشم و هەست ناکەم لە هیچم کەم بێ.
- با، تۆ بیری لێناکەیەوە. دەنا خۆشی و ئیسراحەتی بەدەنی چەند زۆریش بێ، جێگای خۆشی دڵ و دەروون ناگرێتەوە، دڵیش خۆشی خۆی دەوێت.

ژنەکەی دی گوتی:- مەبەستت عەشق و دڵدارییە؟

- بەڵێ.

بێدەنگ بوون، تەمەشای بەردەمی خۆیان کرد، ئەوەیان کە نێوی مارگرێت بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:- ژیان بە بێ عاشقێنی ناکاتە هیچ. من پێویستم بەوەیە یەکێک خۆشی بوێم، خوای دەکرد سەگێک دەبوو. ئێمە هەمووومان هەر واین، وانیە سیمون؟

- نا، من پێم وانییە گیانەکەم. من پێموایە هیچ کەسێک خۆشی نەوێم، تا هەر هەرچی و پەرچیەک خۆشی بوێم. خۆشە یەکێکی وەکو... چوزانم... وەکو...

ڕوانییە هەر چوار نکاڵی خۆی تا یەکێک بدۆزێتەوەو بە نموونە بیهێنێتەوە. دوای ئەوەی چاوێکی بە هەر چوار نکاڵی خۆیدا گێڕاو نیگای لە سەر دوو دوگمە کانزاییە بریقەدارەکەی پشت چاکەتەکەی یارۆی گالیسکەڕانەکە گیرسایەوەو بە پێکەنینەوە گوتی:- بۆ نموونە وەکو گالیسکەڕانەکەم؟

مارگۆ، بزەیەکی کردو بە ئەسپایی گوتی:- باوەڕ بکە زۆر خۆشە نۆکەری خۆت خۆشی بوێی. من دوو سێ جار هەستم بەمە کردووە. بە جۆرێ چاوت لێ زەق دەکاتەوە کە ئینسان لە پێکەنینا دەخنکێ. بەڵام ئافرەت ئەوەی باشە، تا زیاتر عاشقی ببن، خۆی قورستر دەگرێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، ئەگەر وا نەکات، هەرکاتێ، بەهەر بیانوویەکەوە ئەو نۆکەرەی دەربکات و ئیزن بدات، لە قاوی دەدات ودنیای لێ پڕ دەکات و دەبێت بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانان.

سیمون، بە سەرسامی گوێی لە هاورێکەی دەگرت، ئەوسا گوتی:- نا، من لە گەڵ ئەوەدا نیم... تۆ پێم بڵێ چۆن هەستت بەوە کرد کە نۆکەرەکانی خۆت حەزیان لێت کردووە.

- ئیدی عەشق وەکو چۆن هەموو پیاوێک کەر دەکات، ئەوانیش کەر دەکات.
- من، نا، کە یەکێک حەزم لێدەکات، زۆر گەوجم نایەتە بەرچاو.
- با، ئەقڵیان لە دەست دەدەن، ئیدی نە قسەیان بۆ دێ، نە وەڵامی کەس دەدەنەوە، سەری دنیایان لێ وێکدێتەوەو لە هیچ تێناگەن.
- باشە تۆ دڵت بەو حەزە، حەزی نۆکەرەت خۆش دەبێ، هەست بە غروور و لە خۆبایی بوون و سۆز و گوداز دەکەی؟
- سۆز وگوداز نا، بەڵام سووکە غروورێک دەتگرێ... بەهەرحاڵ ئافرەت بەوەی کە پیاوێک، خۆشی بوێ، ئیدی ئەو پیاوە هەرکێیەک بێ، هەست بە سووکە غروورێک دەکات.
- نە، بابە وانییە مارگۆ!
- با، وایە. ڕاوەستە با بویەرێکت بۆ بگێڕمەوە کە بە سەر خۆم هاتووە. هەنگێ بۆت بەدیار دەکەوێ کە لەو هەڵوێستانەدا چ هەست وسۆزێکی سەیر وگۆنگ باڵ بەسەر بنیادەمدا دەکێشێت.

چوار ساڵێک لەمەوبەر، وەرزی پاییز بوو. کارەکەرم نەبوو، پێنج شەشێکم تاقیکردەوە، شتاقیانم بەدڵ نەبوو، ئیدی خەریک بوو ئومێد بڕ دەبووم کە ڕۆژێک لە لاپەڕەی ئاگادارییانی ڕۆژنامەیەکدا ئاگادارییەکم بینی کە کیژێک گوایە خەیاتی وگوڵدۆزی وئارایش بەڵەد بوو و لە کار دەگەڕا، باشترین بەڵگەنامەی کارامەیی و چاک ڕەفتاری هەبوو و جگە لەمانەش ئینگلیزی دەزانی. نامەم بۆ ئەو ئەدرەسەی لە ئاگادارییەکەدا بڵاوکرابووەوە نارد و بۆ سبەی بەیانی پەیدا بوو. کچێکی بەژن زراڤی لاواز بوو، کەمێک کاڵ و زۆر شەرمێون بوو. جووتێ چاوی ڕەشی جوان وڕوخسارێکی دڵگیر وباڵکێشی هەبوو، یەکسەر چووە دڵمەوەو مەحەبەتم چووە سەری. داوای بەڵگەنامەکانم لێی کرد، قەواڵەیەکی دامێ کە بە ئینگلیزی نووسرابوو، لە قەواڵەکەدا نووسرابوو کە تازە لە ماڵی لیدی ریمول هاتووەتە دەرێ و دە دانە ساڵ لەوێندەر کاری کردبوو.

لە گەواهینامەکەدا نووسرابوو کە کیژێ بە حوسن و ڕەزای خۆی وازی لە کارەکەی هێناوە تا بۆ فەرەنسا بگەڕێتەوەو بە درێژایی ئەو ماوە دوور ودرێژە هیچ گلەیی و ئیرادێک لە کارەکەی نەبووە تەنیا ئەوە نەبێ کە برێک چاو باشقاڵی فەرەنسیانەی هەبووە.

کە ئەو ڕستە ئینگلیزیەم خوێندەوە سووکە پێکەنینێک گرتمی ویەکسەر و بێ سێ و دوو کیژەم ڕاگرت، هەر ئەو ڕۆژە هاتە ماڵەکەم و دەست بە کار بوو. ناوی " رۆز " بوو. لە زەرفی یەک مانگدا تەواو ڕموودە و شیفتەی بووم. بەڕاستی شتێکی دەگمەن بوو، گەوهەرێک بوو بۆ خۆی، توحفەیەک بوو لەو گۆڕە.

زۆر جوان سەر وپەرچەمی بۆ چاک دەکردم، لە وەستایەکان باشتر شەپقەکەی بۆ دەڕازاندمەوە، تەنانەت دەیزانی کراسیش بدروێ. زۆر بە سەلیقە و دەست ڕەنگین بوو، سەرم لەو هەموو بەهرەو دەست ڕەنگینی یەی دەسوڕما. بە عەمراتم کارەکەری وا باشم بە خۆوە نەبینی بوو.

زۆر تەڕ دەست بوو. هێندە بە سووکی و بە خۆشی جلکی لەبەر دەکردم، کە هەستم نەدەکرد پەنجەی بەر لەشم بکەوێ، زۆر بەوە قەڵس دەبووم کە قامکی کارەکەرم بەر بەدەنێ بکەوێت. بەرە بەرە تەمەڵی دایگرتم، زۆرم پێخۆش بوو ڕێگەی ئەو کیژە بدەم کە هەموو شتێکم لە بەر بکات، سەراپام بگۆڕێ، لە کراس وژێر کراس و دەرپێوە بیگرە تا دەگاتە دەستکێش و پەنجەوانە. ئیدی کچەی بەژن زراڤی باریکەلە هەرجارێ کە دەیگۆڕیم، لە شەرماندا سوور دەبووەوە، بەڵام هیچ کاتێ ورتەی لێوە نەدەهات. کە لە حەمام دەهاتمە دەرێ، و لە سەر قەنەفەیەک پاڵدەکەوتم و وەنەوزم دەدا، دەهات وشکی دەکردمەوە، ئەوسا جوان و نەرم نەرم دەیشێلام، باوەڕ بکە وا ڕمووده وهۆگری بووم کە زیاتر بە چاوی نیمچە دۆستێکەوە تەمەشام دەکرد نەک بە چاوی کارەکەرێکەوە.

ئەم حاڵە ماوەیەکی باش بەردەوام بوو، تا ڕۆژێ دەرگاوانەکەم لە دەرگاکەمی دا و گوتی حەز دەکات قسەم لەگەڵدا بکات. سەرم سوڕما، گوتم بێتە ژوورەوە. پیاوێکی زۆر ئەمین بوو، کۆنە سەربازو موڕاسیلی مێردەکەم بوو. برێک سەراسیمە و پەشۆکاو دیار بوو، ئاقیبەت هاتە قسان و بەدەم مینگە مینگەوە گوتی:-

خاتوونی من، سەرۆکی پۆلیسخانەی گەڕەک لە خوارەوەیە و تۆی دەوێ.

- چی گەرەکە؟
- دەیەوێ ماڵەکەتان بپشکنێ.

پۆلیس، هەڵبەتە زەروورییە، بەڵام من حەزم لە چارەی پۆلیسان نییە. هەرگیز ئەو پیشەیەم بەلاوە پەسند نەبووە، هەم توورە بووم و هەم ئەو داوایەم لەبەر گران بوو. گوتم:- بۆچی دەیەوێ ماڵی مە تەحەڕی بکات؟ چی دەوێ؟ نا، نەخێر، ڕێگەی نادەم.

دەرگاوانەکە سوور بووەوەو گوتی:- دەڵێ گوایە تاوانبارێک خۆی لێرە شاردووەتەوە.

ئەلهەقی کەمێک ترسام وگوتم، بابێت بزانم مەسەلەکە چییە. پیاوێکی بە ئەدەب بوو، نیشان و میداڵی " لژیون دونور " ی بە یەخەوە بوو. تەوازی هێنایەوە، داوای بوردنی کرد، پاشان گوتی لە نێو نۆکەر ودەست و پێوەندەکانی تۆ دا، تاوانبارێکی قاشقونج هەیە.

حەپەسام. لە وەڵاما گوتم من ئامادەم کەفالەتی یەک بە یەکیان بکەم و ئیدی یەک بە یەک ناویانم برد.

- دەرگاوانەکەم، پییر کورتن، سەربازی دێرین.
- نە، ئەو نییە.
- مەیتەرەکەم، فرانسوا پینگو، دێهاتی خەڵکی " شامپانی " کوڕی یەکێک لە مسکێنەکانی باوکمە.
- نا، ئەویش نییە.
- کرێکارێکی تەویلەشم هەیە، ئەویش خەڵکی شامپانییە، کوڕی کابرایەکی جووتیارە کە باشی دەناسم، شاگردێکیشم هەیە کە خۆت ئێستا بینیت.
- نا، ئەویش نییە.

- کەواتە، تۆ بە سەهۆ چووی قوربان.
- ببورە خاتوون، دڵنیام بە هەڵە نەچووم. چونکە تاوانبارێکی خەتەر لە ئارادایە. لوتف بکە با هەموو دەست و پێوەندەکەت بێنە ئێرەو بەچاوی خۆم بیانبینم.

هەوەڵجار قایل نەبووم، پاشان ملم دا، ئیدی گوتم هەموو خەڵکەکە، بە پیاو وژنەوە بێنە سەرەوە. پۆلیسەکە تەنیا چاوێکی گێڕا وگوتی:- هەموویان نین.

- ببورە جەناب، تەنیا یەک کەس ماوە ئەویش کارەکەرە تایبەتیەکەی خۆمە، کیژێکە کە مەحاڵە ئەو تاوانبارە بێ کە تۆ لێی دەگەڕێی.
- دەکرێ ئەویش بدینم؟
- هەڵبەتە.

لە زەنگم دا و زۆر بە پەلە هات. هەرکە وەژوورکەوت، یارۆی پۆلیس ئاماژەیەکی کرد وئەو دوو پیاوەی کە من نەمدیتبوون وخۆیان لە پشت دەرگاکەوە مەڵاس دابوو، پەلاماریان دا و خێرا قۆڵبەستیان کرد.

بە تووڕەیی قیژاندم و ویستم ڕاپەڕم و داکۆکی لێبکەم کە پۆلیسەکە ڕایگرتم:- خاتوونی من، ئەم کیژە لە ڕاستیا پیاوە و ناوی " ژان نیکولا لوکاپی " یە. لە ساڵی ١٨٧٩ دا بەتاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ژنێک و کوشتنی ئەو ژنە، حوکمی ئیعدام دراوەو پاشان حوکمەکەی بۆ سووک کراوەو کردوویانە بە حوکمی هەتاهەتایی. چوار دانە مانگە لە زیندان هەڵاتووە و ئێمە لەوساوە لە دووی ئەوین.

هەر شێت بووم. تەواو پەشۆکام. باوەڕم نەدەکرد. یارۆی پۆلیس بە پێکەنینەوە گوتی:- دەتوانم بەڵگەیەکت نیشانبدەم، شایەد بەو شایەدە، کە قۆڵێکی داغ کراوە.

قۆڵیان هەڵماڵی، وابوو. یارۆی پۆلیس شتێکی دیکەی گوت کە زۆر خۆش نەبوو:- سەبارەت بە بەڵگەی تری پیاوێنی ئەو، لە ئێمەی بزانە و دڵنیابە.

ئەوسا کارەکەرەکەمیان پێش خۆ دا و ڕۆیشتن.

من نازانم تۆ باوەڕ دەکەیت یان نا، ئەو هەستەی کە لە هەموو شت زیاتر ئەزیەتی دەدام تووڕەیی نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو کە پێی ڕابواردووم، خەڵەتاندوومی، شەرمەزاری نەبوو کە ئەو هەموو ماوەیە ئەو پیاوە جلی لەبەر داکەندبووم، جلی لەبەر کردبووم، وشکی کردبوومەوە، بە ڕووتی شێلابوومی... نا... بەڵکو زیاتر هەستی بێ ڕێزی و تەوهین بوو، تەوهینێکی قووڵ... بێڕێزی دەرهەق بە ژنایەتیم، تێدەگەی؟

- زۆر، نا.
- بۆ نا... بیر بکەوە... ئەم پیاوە لە سەر چی حوکم درابوو؟ دەست درێژی... کە چی ئەم پیاوە، ئەو هەموو ماوەیە بە ڕووتی دەیشێلام، شتێکم لێ نەبینی کە بە ئاستەم بۆنی پیاوەتی لێ بێت. ئایا ئەمە بێ ڕێزی نەبووە سەبارەت بە مێیاتی من؟ ئێستا حاڵی بووی؟

سیمون، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. ڕێک دەیڕوانیە بەردەم خۆی، بە سەرسامی چاوی بڕی بووە دوو دوگمە بریقەدارەکەی پشتی چاکەتەکەی کابرای پایتونەوان، بزەیەکی سیحراوی وڕاز ئامێزی ئەوتۆی بەسەر لێوەوە بوو کە هەر لە ژنان دێ.

## ئێشکی جەنازە

ڕوو لە مەرگ بوو، وەکو چۆن نەخۆشانی دیق و دەردە باریکە دەمرن. هەموو ڕۆژێ دەوروبەری سەعات دوو دەمبینی کە لەبەر پەنجەرەکانی ئوتێلەکە، لە سەر تەختێکی سەیرانگەکەی کەنارەکە ڕووەو دەریا ئارامەکە دادەنیشت. مودەتێک لە بەر خۆرەکە بە بێجووڵە دەمایەوە، بە چاوانی خەمینەوە دەیڕوانییە دەریای مدیترانە. ناو بە ناو نیگایەکی لوتکە تەماویەکەی ئەو کۆسارە بەرزەی دەکرد، کە دەوری " مانتون " دابوو. پاشان زۆر بە سستی وخاوی لنگە درێژەکانی دەنانە سەر یەک کە هێندە باریک و لاواز بوون لە دوو ئێسقان دەچوون و پانتۆڵەکەی پێیان دەڵب بوو، کتێبێکی دەکردەوە کە هەمیشە هەمان کتێب بوو.

ئیدی لە جێی خۆی نەدەجولا، کتێبەکەی دەخوێندەوە، هەم بە چاو هەم بە هەموو هەستەکانی دیکەی دەیخوێندەوە، ئازای بەدەنە لاوازە مردەلۆخ و ڕوو لە مەرگەکەی، دەتگوت لە حاڵی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بوو، هەموو گیانی بەشداری لە خوێندنەوەدا دەکرد، ون دەبوو، دیار نەدەما، تا کە هەوا تۆزێ فێنک دەبوو و دەیخستە کۆکە، ئەوسا ڕادەبوو و بۆ ئوتێلەکە دەزڤڕییەوە.

پیاوێکی ئاڵمانی قەد بڵندی موو سوور بوو، فراڤین و شێوی لە ژوورەکەی خۆیدا دەخوارد و قسەی دەگەڵ کەسدا نەدەکرد.

فزوڵیەت و کونجکاویەکی گۆنگ بەرەو ئەوی بکێش دەکردم. ڕۆژێک لە لایەوە ڕۆنیشتم، منیش بۆ ئەوەی خۆ بنوێنم دیوانە شیعرێکی موسیەم بە دەستەوە گرتبوو.

دەستم بە خوێندنەوەی "رولا" کرد.

یارۆی تەنیشتم لە ناکاوا بە فەرەنسییەکی ڕەوان پرسی:- ئەڵمانی بەڵەدی، بەڕێز؟

- نا، قوربان، هیچی لێنازانم.
- حەیفێ، دەنا وەکو ڕێکەوت کۆی کردوینەتەوە، دەمتوانی کتێبێکت نیشانبدەم کە تەسەور ناکرێ چەند بەهادارە، دەمتوانی بە ئەمانەت بتدەمێ، هەمان ئەم کتێبەیە کە بەدەستمەوەیە.
- ئەمە چ کتێبێکە، قوربان؟
- بەرهەمێکی مامۆستام شوپنهاورە کە خۆی بەدەست خەتی خۆی یاداشتی لە سەر نووسیوە. وەکو دەبینی هەموو پەراوێزەکانی بە دەست خەتی خۆی ڕەشکردووەتەوە.

کتێبەکەم بە ڕێزەوە لە دەستی وەرگرت و تەمەشای ئەو نووسینانەم کرد، ئەو نووسینانە بۆ من نامەفهووم بوون، بەڵام هەڵگری بیرە جاویدانەکانی، گەورەترین وێرانکاری خەونان بوو کە دنیا تا نها بەخۆوەی بینی بوو.

و شیعرەکەی موسیە لە یادگەمدا زرینگایەوە.

شادمان خەوتووی، ڤۆلتیر، بزە حەرامزادانەکەت

هێشتا

بە دەوری ئێسقانە ڕزیوەکانتا، بەڵەفڕێ دەکات؟

بێئەوەی لە دەستی خۆما بێ، تەوس وتوانجەکانی ڤۆلتیرم دەگەڵ هەزەلیاتە لە مقاوەمەت نەهاتگەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانیدا، کە کاریگەری خۆی بەجێهێشتبوو، بەراورد دەکرد.

ئیدی کاردانەوەمان هەر چییەک بێ، چ ناڕازی بین چ قەڵس، چ بێزار بین چ شەیداو دڵبەند، دەبێ ئەوەمان قەبووڵ بێ کە شوپنهاور مۆری تەوهین و نائومێدی خۆی بۆ هەتاهەتایە بە ناوچەوانی مرۆڤایەتیەوە ناوە.

خەیاڵپڵاوەکانی، ئەم سەودا سەرەی خەیالاتی بێهودە، هەرچی باوەڕ و ئومێد وشیعر و ئارەزوویەک هەیە هەر هەمووی ژێر وبان کردووە، ئامانجەکانی نابوود کردووە، متمانەی گیانانی وێران کردووە، عەشق و ڤیانی کوشتووە، پەرەستنی کرۆک و جەوهەری ژنی سەرنگون کردووە. ئومێدی دڵانی تێک شکاندووە، گەورەترین کاری لە واری گوماناری دا ئەنجام داوە. تەوس و توانجەکانی پەلوپۆیان بۆ ناو هەموو شتێک هاوێشتووە و هەموو شتێکیان لە ناوەوە پووچەڵ کردووەتەوە. ئەمڕۆش ئەو کەسانەی کە لەو بێزارن وادیارە، بە بێئەوەی لە دەستی خۆیاندا بێ، هەندێک لە هزرەکانی ئەویان لە زەینی خۆدا هەڵگرتبێ.

بە کابرا ئەڵمانییەکەم گوت:- کەواتە تۆ شوپنهاوەرت لە نزیکەوە دەناسی!

بزەیەکی خەمناکی کرد وگوتی:- تا ئەو کاتەی مردش...

ئیدی باسی ئەوی بۆ کردم، باسی ئەو کاریگەریە تەقریبەن نا ئاساییەی کرد کە ئەم بوونەوەرە سەیرە، لەو کەسانەی دەکرد کە لە نزیکەوە ئەویان دەبینی.

باسی دیداری ئەم وێرانکارە پیرەی لە گەڵ سیاسەتوانێکی فەرەنسیدا کرد کە کۆماریخوازێکی میانەڕەو بوو و ویستبووی ئەو بدینێت، ئیدی لە باڕێکی گەورەی قەرەباڵغ و جەنجاڵی پڕ سەرو سەدادا، لە حاڵێکا بینی بووی کە بە سەر سیما وشک و پڕ چرچ و لۆچەکەیەوە، لە کۆڕی موریدەکانیا ڕۆنیشتبوو، بە شێوە باوەکەی خۆی پێدەکەنی و بە تاقە ڕستەیەک هەموو بیرو باوەڕەکانی ڕەت دەکردەوەو دانی خێری بە هیچیاندا نەدەنا، وەکو چۆن سەگێک لە کاتی یاری کردندا بە قوماشان، بە قەپاڵێک دەیاندڕێنێت، بەو ئاوایە هەموو بیر و باوەڕەکانی بە قەپێک دەدڕی.

سەبارەت بە کاردانەوەی ئەم کابرا فەرەنساوییە گوتی کە گێژ ومەنگ، حایر وحەپەساو دەڕوات و دەڵێت:- وام بە بیرا هات کە یەک چارەکە سەعاتم دەگەڵ خودی شەیتاندا بەسەر بردووە.

کابرای ئەڵمانی پاشان گوتی:- قوربان، بەڕاستی زەردەخەنەیەکی هەبوو، کە تەنانەت لە دوای مردنەکەشی، ئێمەی دەترساند، ئەمە مەسەلەیەکە کە تەقریبەن کەس پێی نازانێ، ئەگەر حەزت لێبێ بۆتی باس دەکەم.

بە دەنگێکی ماندوو، کە جارجار تەوژمی کۆکە دەیبڕی، کەوتە باسی ماجەرا و سەربهوردەکە:

" شوپنهاوەر تازە مردبوو، بڕیار درا، تاکو بەیانی دوو بە دوو بە دیارییەوە دانیشین و شەونخونی بەدیارەوە بکەین و ئاگامان لە جەنازەکەی بێ.

لە ژوورێکی زۆر گەورەو سادەو تاریک دانرابوو. دوو مۆم لە سەر مێزەکەی دیار تەختەخەوەکەی پێکرابوون.

نیوەشەو نۆرە هاتە سەر من و یەکێک لە دۆستەکانم، ئەو دوو دۆستەی کە ئێمە دەمانگۆڕین چوونە دەرەوە و ئێمە چووین لە پاینی تەختی مردووەکەدا دانیشتین.

ڕوخساری نەگۆڕابوو. پێدەکەنی. چرچی لا لێوی، کە بۆ ئێمە تەواو ئاشنا بوو، وەکو خۆی مابوو و وامان دەهاتە بەرچاو کە دەیەوێ چاوانی هەڵێنێ، تەکان بدات، بپەیڤێت. بیری یان بە گوتەیەکی دروست تر بیرەکانی دەوری مەی گرتبوو، زیاتر لە هەر کاتێکی دی هەستمان دەکرد لە جەوی بلیمەتی ئەودا نقوم بووین، هەستمان دەکرد داخزیوەتە هەموو بوونمانەوە و کۆنترۆڵی کردووین. تەنانەت وامان هەستدەکرد کە لەوەتای مردووە، دەسەڵاتی بەسەرماندا زیاتر بووە. هێزی زهنیەتی بێهاوتای ئاوێتەی ڕەمزێک بووە.

جەستەی ئەو جۆرە پیاوانە لە بەین دەچێ، بەڵام خۆیان دەمێنن و لەو شەوە بە دواوە کە دڵیان لە لێدان دەوەستێ باوەڕ بکەن دیتنیان سەیرە، مایەی سەرسامییە.

دانیشتبووین و زۆر بە ئەسپایی باسی ئەومان دەکرد. قسەکانی، ڕستەکانی، پەندو وتە کورتە عەجیبەکانیمان وەبیر دێنایەوە کە لە ڕوناکییەک دەچوون کە لە ڕێگەی چەند وشەیەکەوە، قوڵایی تاریکیەکانی ژیانێکی نادیار ڕوناک بکەنەوە.

دۆستەکەم گوتی:- من وا هەستدەکەم هاکا دەست بە قسان بکات و، بە نیگەرانییەکەوە چیوای لە ترس کەم نەبوو، ڕوانیمانە ڕوخسارە بێ جوولە و هێشتا خەندانەکەی.

بەرەبەرە هەستمان دەکرد کە ناڕەحەتین، لە ژێر گوشارداین، خەریکە حاڵمان خراپ دەبێت، من بە مینگە مینگەوە گوتم:- نازانم چییە، لێ باوەڕ بکە، خەریکە نەخۆش دەکەوم.

ئەوسا هەستمان کرد، جەنازەکە بۆنی دێ.

ئەنجام دۆستەکەم پێشنیازی کرد بچینە ژوورەکەی تەنیشتەوە و دەرگا دانەخەین، قاییل بووم.

یەکێک لەو مۆمانەم، کە لە سەر مێزەکەی دیار تەختەکە هەڵکرابوون هەڵگرت وئەویترم لەوێندەر بە جێهێشت. چووین و لەوسەری ژوورەکەی دی دانیشتین، بە جۆرێ دانیشتین کە جەنازەکەمان بە تەواوەتی لێوە دیاربوو.

بەڵام هەموو هۆش و گۆشی مەی بۆ خۆی ڕادەکێشا، دەتگوت بوونی مەعنەوی ئەو، مجەڕەد، ئازاد و زاڵ بە دەوری ئێمەدا دەسوڕایەوە. هەندێجاریش بۆنی جەنازەکە، کە لە حاڵی تێکچووندا بوو، گونگ و قێزەون دەگەییە کەپوومان و دادەخزییە جەستەمانەوە.

لە ناکاوا وەک بڵێی هەموو ئێسقانەکانمان کەوتە لەرزین: دەنگێک، دەنگێکی ئەسپایی لە ژووری مردووەکەوە هاتە گوێمان. یەکسەر سەیرمان کرد و هەر دووکمان، بەڵێ قوربان هەردووکمان بە چاوی خۆمان، بە ڕوونی شتێکی سپیمان بینی کە بە سەر تەختەکەدا غاری دا و لە سەر مافوورەکە کەوت و خۆی بە ژێر موبێڵەیەکدا کرد و ون بوو.

بێئەوەی بتوانین بیر لە هیچ شتێک بکەینەوە، لە جێی خۆمان ڕاپەڕین، ترسیکی گۆنگمان لێنیشت. چیوای نەمابوو، هەڵێین. نۆڕیمانە یەکدی. رەنگمان بووبوو بە جاوی سپی، دڵمان هێندە بە تووندی لێی دەدا، جلەکانمان بە سەر سینگمانەوە دەجولایەوە. هەوەڵجار من هاتمە قسان:- بینیت؟

- ئەرێ، بینیم.
- یانی نەمردووە؟
- با، ئەدی جەنازەکەی لە حاڵی بۆگەن بوونا نییە؟
- باشە ئێستا چ بکەین؟

دۆستەکەم بە دوو دڵی گوتی:- با برۆین تەمەشایەکی بکەین.

مۆمەکەی هەڵگرت، لە پێش دۆستەکەمەوە خۆم بە ژوورەکەدا کرد. بە وردی تەمەشای هەموو گۆشە و کەناری ژوورە گەورە تاریکەکەمان کرد. هیچ جووڵەیەک نەبوو، چووم بۆ لای تەختەکە. بەلام لە ترس و سەرسامیا لە جێی خۆم چەقیم: شوپنهاوەر پێنەدەکەنی. بە شێوەیەکی ناحەز چارەی بە یەکدا دابوو، دەمی گرژ بووبوو و گۆناکانی قوپابوون. بە دەمە لالکێوە گوتم:- نەمردووە.

بەلام بۆن بۆگەنیەکی کوشندە دەیدا لە لووتم وخەریک بوو دەیخنکاندم. لە جێی خۆم نەدەجولام، حەپەسابووم...

دۆستەکەم مۆمێکی دیکەی هەڵگرت ودانەوییەوە. ئەوسا بێئەوەی هیچ بڵێ، دەستێکی لە قۆڵم دا. نیگام، بەگەڵ نیگای ئەو خست، ڕوانیمە ئەرزەکە، ژێر قەنەفەکەی تەنیشت تەختە خەوەکە، ددانە عەمەلیەکانی شوپنهاوەرم لە سەر مافوورە تۆخەکە بینی، لێکدی بلاو بووبوونەوە، دەتگوت دەیەوێ گاز بگرێت.

بە هۆی تەقەلای جەستەیەوە، کازێرەکانی لێک بلاو بووبوونەوە و ددانە عەمەلیەکانی لە دەمی تووڕ دابوو.

" ئەو ڕۆژە ئاغا، من ئەلهەقی ترسام. "

لە کاتێکا کە هەتاو لە دەریا پڕ پەڕەنگەکە نزیک دەبووەوە، یارۆی سیلداری ئەڵمانی هەستا، خوداحافیزی لە من کرد وبۆ ئوتێلەکە گەڕایەوە.

# کەڵەبابی جەنگەڵی

بارون دیراوڤی پیر، بۆ ماوەی چل دانە ساڵ، بە شای ڕاوچیانی شارەکەی خۆی دەژمێردرا. لێ پێنج شەش ساڵێک بوو، لاقی ئیفلیج بووبوو و زەمینگیری کردبوو، ئیدی لە سەر کورسییەکەی دادەنیشت و تەنیا دەیتوانی لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە یان لە بەر هەیوانە گەورەکەی خانووەکەیەوە، کۆتر بپێکێ. باقی وەختەکەی بە خوێندنەوە و موتاڵاوە دەبردە سەر.

پیاوێکی خۆش مەشرەف بوو کە هێشتا زۆر سەلیقە و زەوقی ئەدیبانەی سەدەی ڕابردووی لە لا مابوو. زۆری حەز لە چیرۆک وحیکایەتی بچووکی کۆمیکی و ئەو سەربهوردانە دەکرد کە بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەهات. هەر کە دۆستێک دەهاتە دیدەنی، دەیپرسی:- ئێ، خەبەر و باسی تازە؟

دەیزانی، وەکو پرسکاران، بەرانبەرەکەی پرسیارپێچ بکات.

هەر ڕۆژێ هەتاو بوایە، دەیگوت قەنەفەکەی، کە زیاتر لە تەختەخەو دەچوو، بۆ ببەنە بەر دەرگا. نۆکەرێک ( خزمەتکار) لە پشتیەوە ڕادەوەستا، تفەنگ و تاپڕەکانی بۆ دەگرت، پڕی دەکردن و دەیدانە دەستی ئاغای، نۆکەرێکی دی، خۆی لە نێو درەختەکاندا مەڵاس دەدا وجارجار کۆترێکی هەڵدەدا بۆ ئەوەی بارون غافڵگیر ببێت و حەواسی پەرت نەبێت.

بەمجۆرە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ خەریکی ڕاوی باڵندەێن تیژباڵ دەبوو. زۆری لەبەر گران دەبوو ئەگەر باڵندەیەک غافڵگیری بکردبا و لە دەستی دەرچووبا، خۆ ئەگەر تەیرێکی پێکابا، ڕاست بکەوتبا، یان بە دەم تەقلەیەکی چاوەڕوان نەکراو وکومیدییەوە، بە سەرمەقولات هاتبا خوارەوە، ئاوڕی لای ئەو نۆکەرەی کە تاپڕەکانی بۆ سوار دەکرد، دەدایەوەو لە خۆشیا هەناسەی سوار دەبوو ودەیگوت:- ئەمەیان بەرکەوت، جوزیف بینیت چۆن کەوت؟

جوزیف، لە وەڵاما، هەمان قسەی هەمیشەیی دەگوتەوە:- بەڵێ، فیشەکی جەنابی بارون، هەرگیز بە خەسار ناچێت.

پاییزان، لە وەرزی ڕاو وشکاردا، بە شێوەی کۆن دۆستەکانی دەعوەت دەکرد و حەزی لێبوو لە دوورەوە گوێی لە دەنگی تەقەکردنیان بێ. تەقەکانیانی دەژمارد وکە دەنگی دەستڕێژیان توند و خێرا دەبوو زۆر خۆشحاڵ دەبوو. شەوێ داوای لە یەک بە یەکی دۆستەکانی دەکرد، هەریەکە و سەربهوردەی ئەو ڕۆژەی خۆی، بێ کەم و زیاد بگێڕیتەوە.

سێ سەعاتێک دەمانەوەو چیرۆکی تاپرو ڕاوی خۆیان دەگێڕایەوە. ئیدی چیرۆک وبەسەرهاتی باوەڕنەکردەنی و سەیریان دەگێڕایەوە، چیرۆکانێ، کە ختووکەی گیانی خۆ هەڵکێشی ڕاوچیانی دەدا. هەندێ لەو چیرۆکانە کۆن بووبوون و زۆرجار دووبارەیان دەکردەوە. چیرۆکی ئەو کەروێشکەی کە ویکونت بوریل ی گەنج لە ژووری داکەندنی جلەکانا، لە ماڵەکەی خۆیدا دیتبووی و نەیتوانی بوو بیپێکێ، هەموو ساڵێ بە هەمان شێوەی جاران دەیهێنانە پێکەنین. هەر پێنج دەقیقەیەک یەکێک دەهاتە قسەکە:- کاتێکم زانی، فرڕڕڕ! فرڕڕ، پۆلێک باڵندە

له شەقەی باڵی دا. نیشانەم لێگرتنەوەو تەق تەق، تەق! هەر باڵندە بوو وەکو باران دادەبارییە خوارەوە. ژماردمن، حەوت دانە بوون.

هەموو دەکەوتنە بەهبەهە و ئافەرین، بەڵام وایان دەنواند کە باوەڕ بە یەکدی دەکەن.لێ لە ماڵی بارون دا، عادەتێکی کۆن هەبوو کە ناویان نابوو " چیرۆکی کەڵەبابی جەنگەڵی ".

لە وەرزی تێپەڕبوونی ئەم باڵندەیەدا، کە بە شای نێچیران بەناوبانگە، لە سەر هەر ئێوارە خوانێک ڕێ و ڕەسم و ئاهەنگێکی هەمیشەیی دووبارە دەکرایەوە. چونکە بارون شیفتە ودڵبەستەی ئەم باڵندە بێ هاوتایە بوو، هەموو شەوێک لەو باڵندەیەیان دەخوارد وهەر میوانە ودانەیەکیان دەدایێ، بەڵام هەمووان لە خەمی ئەوەدا بوون کە سەرەکانی ئەم باڵندەیە، وەکو خۆی، بە دەست لێنەدراوی لە قاپێکا کۆبکەنەوە.

هەنگێ بارون، وەکو قەشەیەک لە حاڵی ئەنجامدانی سرووتی ئاینیدا بێت، دەیگوت لە قاپێکا هەندێک ڕۆن و چەوری بێنن. دەنووکی تیژ ودەرزی ئاسای باڵندەکەی دەگرت و یەک یەک ئەو سەرە بەهادارانەی بە دیقەت چەور دەکرد. مۆمێکی هەڵایساوی لە بەردەستا بوو و، هەمووان بە دەم چاوەڕوانییەکی نیگەرانی ئامێزەوە، بێدەنگ دەبوون.

پاشان بارون، یەکێک لەو کەللانەی، کە بەمجۆرە ئامادەی کردبوو، هەڵدەگرت، دەیکرد بە سنجاقێکەوە، سنجاقەکەی بە تەپەدۆرێکەوە دەکرد و بە کۆمەکی تەرکەی ناسکەوە، هەموو ئەمانەی، دەدایە دەم یەکەوەو بە حەرەکەتێکی ناسک لە شێوەی فرفرۆکەیەکەوە دەخستە سەر دەمی بوتڵێک.

میوانەکان بە دەنگی بەرز دەیان ژمارد:- یەک، دوو، سێ.

هەنگێ بارون بە حەرەکەیەکی توندی قامک، ئەم گەمەیەی دەخستە سوڕانەوە.

کاتێ کە فرفرۆکەکە لە حەرەکەت دەوەستا، دەنووکە تیژ ودرێژەکەی باڵندەکە ڕوو لە هەر کەسێک بوایە، هەموو کەللەکان دەبوو بەهی ئەو، دەستکەوتێکی بەلەزەت بوو کە دەبووە مایەی ئەوە، هەموو دەوروبەرەکەی خیسەی لێبکەن.

یارۆی براوە، یەک یەک کەللەکانی هەڵدەگرت و لە سەر مۆم دەیبرژاندن. دەنگی چز وهۆڕی چەوری بەرز دەبووەوە، پێستی برژاو دووکەڵی دەکرد ومیوانی خۆش شانس دەنووکی کەللە چەورەکەی دەگرت وبە لەزەتەوە قەپی لێدەداو لە خۆشیا هاواری دەکرد.

ئیدی میوانەکان هەموو جارێ لە قاقایان دەداو بە سەلامەتی ئەو دەیانخواردەوە.

پاشان بە دەستووری بارون، یارۆی براوە، دوای خواردنی دوایەمین کەللە دەبوایە چیرۆکێکی بگێڕایەتەوە، ئەمە جۆرە قەرەبوویەک بوو بۆ ئەوانەی کە هیچیان بەر نەکەوتبوو...

ئیدی چەند چیرۆکێکی دی لەو بابەتەی بە دوودا دەهات.

# کوکولی

لە هەموو دەڤەرەکەدا، بە کۆشک وسەراکەی ماڵباتی " لوکا " یان دەگوت " قەڵای خۆش نشینان "، ئیدی خویا نەبوو بۆ ئەم ناوەیان لێنابوو. هەڵبەتە نازناوی " خۆش نشینان " بۆ گوندییان ولەلای وان، مانای سەروەت وسامان ودەوڵەمەندی وشکۆ وجەلالی دەگەیاند، چونکە ئەم قەڵا و حەسارە گوندییە لە سەرانسەری دیار ودەڤەرەکە، لە هەموو ئەوانی دی گەورەتر، فەریحتر ورێک وپێکتر بوو. پێنج ڕیز درەختی زەلام و بە شکۆ دەوری حەوشەکەی دابوو و دار سێوە کورت وناسکەکانیان لە ڕەشەبای توندی دەشت دەپاراست.

لەم حەسار وقەڵایەدا، بینای درێژی قرمیدپۆش بۆ هەڵگرتنی ئالیک ودانەوێڵە، تەویلەی مەحکەمی لە بەرد دروستکراو، ئاخوڕ بۆ سی ئەسپ ونشیمەنێکی لە خشت دروستکراو، کە لە کۆشکێکی بچووک دەچوو، دەبینرا.

پەین بە ڕێک وپێکی هەڵدرابووەوە، سەگەکان لانەی خۆیان هەبوو، مریشک وجووجەڵان لە نێو گیا بەرزەکاندا دەسوڕانەوە.

هەموو نیوەڕۆیەک پازدە نەفەر، ئاغا وخوبزە وکارەکەر لە مووبەقەکەدا، لە دەوری مێزێکی درێژ دادەنیشتن و مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە شۆربای بە سەرەوە بوو، مەنجەڵێکی چینی بە گوڵی شین، کە هاڵاوی لێهەڵدەستا.

ئاژەڵەکانی قەڵاکە، ئەسپ وچێڵ وگا وبەراز و پەزان، هەموو دابەستە و قەڵەو وپاک وخاوێن وبە خزمەت بوون. جەنابی لوکا، پیاوێکی تۆکمە وبتەو بوو، خەریک بوو وردە وردە ورگی پەیدا دەکرد، ڕۆژێ سێ چەلان سەری هەموو شوێنەکانی دەدا، ئاگای لە هەموو شتێک بوو ومشوری هەموو شتێکی دەخوارد.

لە بنەبانی تەویلەکەدا، لە ڕووی بەزەییەوە، ئەسپێکی سپی زۆر پیریان ڕاگرتبوو کە خانمی ئاغا حەزیدەکرد تا ئەو کاتەی ئەسپەکە بە مەرگی سروشتی خۆی مرداردەبێتەوە، بەخێوی بکەن وئالیکی بدەن، چونکە بەخۆی گەورەی کردبوو و کۆمەڵێک بیرەوەری خۆشی وەبیر دێنایەوە.

میراخورێکی منداڵکاری پازدە ساڵان بە نێوی ئیزیدور دوڤان، کە هەمووان بە زیدور گازیان دەکرد، خزمەت و تیماری ئەسپە لە کار کەوتووەکەی لە ئەستۆدا بوو، زستانان هەموو ڕۆژێ کا وجۆی دەدایە وهاوینان ڕۆژێ چوار کەرەت، دەچوو بە لایەوەو لەو پاوان ومێرگە دا کە دەیانبەستەوە، دەیگواستەوە تا بە کامی دڵ بلەوەڕێ وگیای تازە بخوات.

ئەم ئاژەڵە نیمچە ئیفلیج بوو، بە ئاستەم لاقە قورسەکانی بەرزدەکردەوە. ئەژنۆکانی وجمگەکانی سەرووی سمەکانی ئاوسا بوو، کوڵکەکەی کە ئیدی ڕنەکیان نەدەکرد، تەواو سپی بوو، برژانگە زۆر درێژەکانی دیمەنێکی خەمینی بە چاوەکانی دەدا.

زیدور کە بۆ پاوانی دەبرد، بە خورتی هەوسارەکەی ڕادەکێشا. هێندە بە خاوی دەڕۆیشت وکوڕیژگەی تاین، بە پشتی کووڕ وهەناسە برکێوەو لە بەر خۆیەوە جنێوی بە ئەسپەکە دەدا وزۆر تووڕە وقەڵس بوو لەوەی کە دەبوا بەم وڵاخە بێ کەڵکە ڕابگات.

خەڵکی حەسار وقەڵاکە کە تووڕەیی میراخوڕەکەیان سەبارەت بە کوکولی دەبینی، پێکەنین دەیگرتن، هەر بۆ ڕابواردن هەمیشە باسی ئەسپەکەی " زیدور " یان دەکرد. دۆستەکانی لەمبارەیەوە سوعبەتیان دەگەڵدا دەکرد. لە ناو گوندا بە کوکولی زیدور بانگیان دەکرد.

کوریژگەی تاین زۆر تووره بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕقی لەم ئەسپە هەڵدەگرت وگیانی تۆڵە ئەستێنی لەلا دروست دەبوو. نۆلاوێکی درێژ داهۆڵی زۆر پیس و چەپەڵ بوو. قژی سوور، پڕ، زبر وەکو سوژن ڕەپ ڕاوەستابوون. هەندێ گەوج و گێل دەهاتە بەرچاو، زمانی دەگیراو زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا، دەتگوت زەینی زبر و ناقۆڵای نەیدەتوانی بیرەکانی بەرجەستە بکات.

دەمێک بوو تیا مابوو کە بۆچی ئەو کوکولییەیان ڕادەگرت، حەیفی لەو مەسرەفە دەهات کە لە حەیوانێکی بێ کەڵکیان دەکرد، بە ڕای ئەو، بە ناهەق ئەو ئالیک وئالفەیان دەدایێ، جا ئالیک بەو گرانیە! خزمەتکردنی ئەم چوارپێ ئیفلیجەی بە کارێکی ناشایستە دەزانی. زۆرجار، بە دزییەوە سەرپێچی لە دەستوورەکانی ئاغا لوکا دەکرد وڕەزیلی لە ئالیکدانی ئەسپەکە دەکرد، نیو پەیمانە کاو وێنجەی دەدایە ولە ئەقڵی منداڵانەیدا نەفرەتێکی دێهاتیانەی ئاڵچاخانە، بەغیلانە، دلڕەقانە، زبر ودەنی و سووک تەبیعەت دروست دەبوو.

***

هەرکە هاوین دادەهات دەبوایە ئەسپەکە بۆ شوێنێکی دی ببرێ. شوێنەکە دوور بوو. میرئاخوڕە چکۆل، ڕۆژ بە ڕۆژ تووڕەتر دەبوو. بەیانی دەکەوتە ڕێ وبە خاوەخاو بە نێو گەنمەجارەکاندا تێدەپەڕی. جووتیارو وەرزێرەکان بە سوعبەتەوە گازیان دەکرد و پێیان دەگوت:- ئەهای زیدور، سڵاو لە کوکولی بکە.

زیدور، چ وەڵامێکی نەدەدایەوە. لێ کە بە لای پەرژینێکدا ڕەت دەبوو، تەرکەیەکی (شوول، شولک، تول) دەردێنا و هەکە پەت و مێخزنجیری ئەسپە پیرەکەی دەگواستەوەو لێدەگەرا کە بلەوەڕێ، ناجوامێرانە بە تەرکە لە لاق و لەتەری ئەو حەیوانە بەردەبوو. ئەسپە هەوڵیدەدا هەڵێ، جووتە بوەشێنێ، خۆی لە زەبرەکان ببوێرێ، بە پەتەکەی ملییەوە وەکو ئەوەی لە ناو حەسارێکی بازنەییدا بێ، بە دەوری خۆیدا غاری دەدا. میرئاخوڕە چکۆل، بە مکووڕی، بە تووڕەییەکی شێتانەوە، وەکو هار ودینان ددانی بە چیڕەوە دەبرد وبە غار دووی دەکەوت ولێی دەدا.

هەنگێ، بە ئەسپایی بە جێی دەهێشت و دەڕۆیی بە بێئەوەی ئاوڕی پاش بداتەوە. ئەسپەکە بە پەراسووە زەق و زۆپەکانییەوە، هێندە ڕەتێنرابوو هەناسەی سوار بووبوو، بە چاوە پیرەکانی تەمەشای ئەوی دەکرد کە دوور دەکەوتەوە. ئەوکاتە سەرە سپییە ڕەق وتەق وئێسقان ئاساکەی بۆ گیایەکە دادەنەواندەوە، کە کوڕێژگە دێهاتیەکە دوور دەکەوتەوەو چەفیە شینباوەکەی دیار نەدەما.

شەوان گەرم بووبوو ودەیانهێشت کوکولی لەوێندەر، لە پاڵ چاڵێکا، لە مێرگ و پاوانەکەی پشت بێشەکەدا بمێنێتەوە. تەنیا زیدور، دەچووە سۆراغی.

یەکێک لە حەزەکانی دیکەی زیدور ئەوە بوو کە بەردی پێدا بکێشێت. لە نزیکی ئەسپەکە، لە سەر گردێک ڕۆدەنیشت، نیو سەعاتێک لەوێندەر دەمایەوەو جارجارێ بەردێکی تیژی بەو حەیوانەدا دەکێشا، ئەویش دەست و پێ بە زنجیر، لە هەنبەر دژمنەکەیدا، بێ دەسەڵات، بێ جوولە دەوەستا و بەردەوام تەمەشای دەکرد و و تا ئەو نە ڕۆیشتبا تەنانەت جورئەتی نەدەکرد دەم بۆ گیایەکەش ببات.

میرئاخوڕە چکۆل، هەمیشە لە بیری ئەمەدا بوو کە" چ پێویست دەکات ئالیک بە ئەسپێک بدرێ کە لە کار کەوتووە؟ " وای دەبینی کە ئەم حەیوانە بەستەزمانە ئەو خواردن و لەوەڕانەی پێ حەرامە، هی خەڵکانی دییە، هی بەشەرانە، هی خودایە و تەنانەت هی خودی ئەمیشە، واتە هی زیدورە کە کار دەکات، زەحمەت دەکێشێت، دزی دەکات.

ئەوە بوو کە بەرەبەرە، ڕۆژ بە ڕۆژ، ئەو پەت و پێوەن و مێخزنجیرەی کە ئەسپەکەی پێ دەبەستەوە کورت دەکردەوە، تا ئەو زەویەی کە تیایدا دەلەوەڕێ سنووردارتر ببێت.

حەیوانەی داماو لە برسا لاکەی سەری دەهات، لەڕ دەبوو، لە پەل وپۆ دەکەوت. ئەوەندەی توانا نەبوو کە پێوەنەکە بشکێنێت یان پەتەکە بپچڕێ، سەری بۆ گیایە بەرز وگەشەکەی دەوروبەری خۆی خوار دەکردەوە، ئەوەندە لێوەی نزیک بوو، کە بۆنەکەی بە سەریا دەچوو، بەڵام دەمی نەدەگەیشتێ.

بەیانییەک بیرۆکەیەک بە مێشکی زیدورا هات کە ئیدی کوکولی نەگوازێتەوە. لەو هەموو هات و چۆیە، لەبەر خاتری کەلاکێکی بۆگەن، بێزار بووبوو.

وێڕای هەموو ئەمەش، بۆ ئەوەی بە کامی دڵ تامی تۆڵە بچێژێ، چوو بە سۆراغییەوە. ئەسپەی بێنەوا بە نیگەرانییەوە تەمەشای دەکرد. ئەو ڕۆژە دارکاری نەکرد. دەست لە بەرکان بە دەوریا دەسوڕایەوە. تەنانەت وای نواند کە دەیەوێ جێگاکەی بگوازێتەوە، بەڵام هەر بەو دەقەی پێشووەوە بەجێی هێشت و ڕۆیی.

ئەسپەکە کە ئەوی بینی دوور دەکەوتەوە حیلاندی وبانگی کرد، لێ کوڕیژگەی تاین بە پەلەپەل ڕۆیی و ئەوی لە چاڵاییەکەدا بە تەنیا بەجێ هێشت، تەنیای تەنیا، توند بەسترابووەوە، دەمی نەدەگەییە گیاکەی بەردەم خۆشی.

ئەم حەیوانە بەستەزمانە کە برسێتی زۆری بۆ هێنابوو هەوڵیدا دەمی بگەیەنێتە ئەو سەوزە گیایە بە لەزەتەی کە بە ئاستەم دەگەییە سەری لووتی. ملی درێژکرد، دەم وقەپۆزە لیکاویەکەی درێژکرد. فایدەی نەبوو. چوار پێی پیر هەموو ڕۆژەکەی بەم تەقەلایە، بەم تەقەلا ئازارناکە بەسەر برد وتەنیا هیلاکییەکەی بۆ مایەوە. برسیەتی ئەزیەتی دەدا، ئەزیەتێکی زۆر سەخت، چونکە بەچاوی خۆی مێرگ وسەوزەزارە بێ پایانەکەی دەوروبەری خۆی دەبینی.

میراخورە چکۆل، ئەو ڕۆژە نەهات بەلایەوە. ئیدی بە نێو بێشە و لێرەوارەکە کەوتبوو وتاقیبی هێلانە باڵندانی کردبوو.

بۆ سبەینێ، سەر وسەکوتی پەیدا بوو. کوکولی شەکەت و برسی خەوتبوو. کە ئەوی بینی هەستا، بەتەما بوو بیگوازێتەوە. بەڵام کوڕیژگەی دێهاتی تەنانەت دەستی بۆ ئەو مێکوتەش نەبرد کە بۆ داکوتینی مێخزنجیرەکە بەکار دەهات ولە نێو سەوزە گیایەکەدا کەوتبوو. چووە بەرەوە، تەمەشای حەیوانەکەی کرد، چنگێ خاک وخۆڵی کرد بە سەر وچاوی ئەسپەکەدا وبە سەر کوڵکە سپیەکەیدا پەخش وبڵاو بووەوەو ئەوسا بەدەم فیکە لێدانەوە ڕۆیی.

ئەسپەکە تا ئەو کاتەی کە هێشتا ئەوی لێوە دیاربوو، بە پێوە مایەوە. پاشان کە دیقەتی دا، هەر هەولێک بۆ گەیشتن بە گیایەکەی نزیکی بێهودەیە، دووبارە پاڵکەوت وچاوەکانی نوقاند.

زیدور، سبەی نەهاتەوە.

ڕۆژی دواتر کاتێ گەییە نزیکی کوکولی، سەیری کرد هێشتا خەوتبوو. سەیری کرد مرداربووەتەوە. لە جێی خۆی وەستا وتەمەشای کرد. زۆر خۆشحاڵ بوو بەو کارەی کە کردبووی، تەنانەت پێی سەیر بوو کە وا زوو مردار بووبووەوە. نووکە پێیەکی لە کەلەشی ئەسپەکە دا، لاقێکی ئەسپەکەی بەرز کردەوەو ئەوسا بەریدا، لە سەری دانیشت، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، بێئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە، ڕوانییە سەوزە گیایەکە.

بۆ قەلایەکە زڤڕییەوە، بەڵام باسی هیچی نەکرد، دەیویست لەو کاتانەدا کە دەبوا بڕوات ئەسپەکە بگوازێتەوە، بڕوات وبۆ خۆی بگەڕێ.

بۆ سبەینێ چوو بە سۆراغی ئەسپەکەوە، کە نزیک بووەوە، قەل ودالان هەڵفڕین. مێش ومەگەزی دنیا، بە وزە وزەوە بە دەوری لاشەکەیا دەسوڕانەوەو تێی دەوڕوکان.

لە گەڕانەوەدا خەبەری دا. حەیوانەکە هێندە پیر بوو کە هیچ کەس سەری نەسوڕما.

ئاغا، بە دوو نۆکەری گوت:- بێڵەکانتان بەرن و هەر لەوێ، لە جێی خۆی چاڵێکی بۆ هەڵکەنن.

نۆکەرەکان، ئەسپەکەیان، لە هەمان جێگادا کە لە برساندا مردار بووبووەوە، خستە ژێرگڵەوە. لاشەی ئەسپەکە بوو بە خوراکی گیایەکە وهێندەی دی بە قوەت وسەوزی کرد.

# بەسەرهاتی ڤاڵتر شنافس

ڤالتر شنافس، لەوەتای دەگەڵ سوپای داگیرکارا هاتبووە فەرەنسا خۆی بە کلۆلترین پیاو دەزانی. قەڵەو بوو، بە زەحمەت ڕێی دەکرد، بەردەوام هانکەهانکی بوو، پێیەکانی چونکە تەخت و قەڵەو بوون زۆر ئەزیەتیان دەدا. ئەمە جگە لەوەی بە تەبیعەت پیاوێکی میهرەبان ودلۆڤان ولاشەڕ وئاشتیخواز بوو. کەسێکی خۆسەر و بێباک و شەڕانی و خوێنڕێژ نەبوو، باوکی چوار منداڵ بوو، هێندەی خۆشدەویستن، دەیپەرستن، ژنێکی گەنجی قژ زەردی هەبوو، شەوان بێهودە بە تاسەی میهرەبانی، نەوازشت و ڕامووسانەکانییەوە دەتلایەوە. مرۆڤێک بوو حەزیدەکرد، بەیانیان درەنگ لە خەو ڕابێت و شەوان زوو بخەوێ. خواردنی خۆش بخوات و بۆ باڕان بڕوات. قەناعەت وبیرکردنەوەی وابوو کە هەموو خۆشی وشادییەکانی بوون، دەگەڵ ئاوابوونی ژیانا، ئیدی ئاوا دەبێ ودەبڕێتەوە، ڕقێکی گەورە، غەریزی و خۆڕسک ولە هەمان کاتا لۆژیکی، لە هەرچی تۆپ وتفەنگ ودەمانچە و شمشێر وبەتایبەتی سەرەنێزە هەیە، هەبوو، لە خۆی ڕانەدەبینی کە بتوانێ تەنانەت بۆ بەرگریکردن لە ورگە زەلامەکەشی ، ئەم سەرەنێزەیە لە کاتی خۆیا و بە لەزگینی پێویست بە کار بێنێت.

شەوان، کە خۆی لە پاڵتۆیەکەوە دەپێچا و لە سەر ئەرزەکە و لەلای هاو قەتارەکانی خۆیەوە کە لە پرخەی خەودا بوون، پاڵدەکەوت، تا شەوگار تەواوێ ڕادەکشا هەر بیری لە ماڵ ومنداڵە ئازیزەکەی کە زۆر لەوەوە دوور بوون دەکردەوە. بیری لەو مەترسیانە دەکردەوە کە لە ڕێگای بوون: " ئەگەر ئەو بمرێ منداڵەکانی چییان بە سەردا دێ؟ کێ بەخێو و پەروەردەیان دەکات؟ خۆ هیچ سەروەت و سامانێکیان نەبوو، هەرچەندە پێش ئەوەی بێت بۆ جەنگ هەندێک پارەو پولی بۆ قەرزکردبوون. هەندێجار بەدەم ئەو بیرو خەیاڵانەوە دەگریا.

وەختایەک شەڕ دەستیپێکرد، هەستی بە ئازارێکی زۆری پێیەکانی دەکرد کە ئەگەر ترسی ئەوەی نەبا هەموو سەربازەکان بە سەریا دەڕۆن و بن پێی دەکەن، یەکسەر و یەک تەختە لە سەر ئەرزەکە ڕادەکشا. کە گوێی لە گیز وهۆڕی **گولله** دەبوو، ئازای ڕادەجفری. ئیدی چەند مانگێک بوو، بە ترس و لەرزەوە دەژیا.

سوپاکەیان بەرەو نورماندی دەڕۆیی، ڕۆژێک دەگەڵ مەفرەزەیەکی بچووکا بۆ شناساییان نارد، ئەرکەکەیان تەنیا ئەوە بوو دەڤەرێکی کەم شناسایی بکەن و بگەڕێنەوە. لەو دەشت و ئاواییانەدا هەموو شتێک ئارام و ئاسایی دیار بوو، هیچ نیشانەیەکی ئامادەکاری بۆ بەرخودان و بەرەڤانی بەدی نەدەکرا.

پروسییەکان، بە بێخەم وخەیاڵ، بە دۆلێکی بچووکا، کە پڕ بوو لە کەند و لەندی قووڵ، دەڕۆیشتن، لە ناکاوا دەنگی دەستڕێژێکی تووند بەرزبووەوە، لە پێشڕەوی خستن و بیست کەسێک کوژران، دەستەیەک پارتیزان، لە ناخافلا لە بێشەیەکی زۆر بچووکەوە دەرپەڕین و بە تفەنگی قەمەدارەوە هێرشیان بۆ ئەوان هێنا.

ڤالتر شنافس لە هەوەڵەوە لە جێی خۆی چەقی، بە جۆرێ غافڵگیر بووبوو شڵەژا بوو کە تەنانەت بیری لە هەڵاتنیش نەکردەوە. پاشان هاتە سەر ئەوەی کە هەڵێت، بەلام کە بیری کردەوە، هەستیکرد ڕاکردن دادی نادات، چونکە ئەم لە چاو فەرەنسیە باریکەلەکانا، کە وەکو بزنە کێوی بە قەڵەمباز دەهاتنە پێشێ، وەکو کیسەڵ دەڕوات. لە ئەنجاما لە شەش شەقاوی خۆیدا، کەندێکی گەورەی بەدی کرد، کە پڕ بوو لە بنچک و دەوەنان کە

بە گەڵای وشک داپۆشرابوون، ڕێک چۆن خەڵکی لە سەر پردێکەوە خۆ هەڵدەدەنە ڕووبارێکەوە، بەو ئاوایە بێئەوەی بیر لە قووڵی کەندەکە بکاتەوە، خۆی هەڵدایە ناو کەندەکەوە، وەکو تیر داگەڕا، هەموو دڕک و داڵ و هەژگ و بژاڵ و بنچک و دەوەنە دڕکاوییەکانی بڕی، هەر دوو دەست وسەر وگوێلاکی ڕوشا، بە هەموو قورسایی خۆیەوە بە پشتا لە سەر تیشەلانێک گیرسایەوە.

لەو کاتەدا سەری هەڵبڕی ولەو کونەوە کە بەدەنی خۆی دروستی کردبوو، ئاسمانی بینی. ئەم کونە خەتەر بوو، لەوە بوو کەشفی بکات، بە چوار چنگوڵە و بە پارێزەوە، بەرەو قوڵایی چاڵ و کەندەکە ڕۆیی، ئیدی بە پەنای هەژگ و بژاڵ و گەڵا و لقە تێکڕژاوەکانا، بە پەلە لە شوێنی پێکدادانەکان دوور کەوتەوە، ئەوسا وەستا و دووەبارە دانیشت، وەکو کەروێشکێک خۆی پەنا دابێ، بەو ئاوایە خۆی دایە پەنای هەژگ و بژاڵ وبنچک و دەوەنە وشکەکان.

تا ماوەیەک هێشتا هەر دەنگی دەستڕێژی گولله وهاوار وناڵین دەهاتە گوێ. پاشان هەرا و هەنگامەی شەڕ بەرە بەرە دامرکایەوەو کۆتایی هات. ئیدی ئارامی و بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شوێنێکا کێشا. لە ناکاوا شتێک لە پشتییەوە جوڵایەوە، لە ترسا ڕاچڵەکی. باڵندەیەکی چکۆلە بوو کە لەسەر چڵێک نیشتبووەوەو گەڵا وشکەکانی دەلەراندەوە. نزیکەی یەک دانە سەعات دڵی ڤالتر شنافس لەم ترسە نەخەلەسی.

شەو داهات، تاریکی باڵی بە سەر دۆڵەکەدا کێشا. شنافس لە فکران ڕاچوو. نها چ بکات؟ ئاکام و ئاقبەتی چ دەبێت؟ خۆی بگەیەنێتەوە بە لەشکرەکەی خۆیانەوە؟... بەڵام چۆن؟ لە چ ڕێگایەکەوە؟ هەنگێ دەبێ دووبارە دەست بەو ژیانە پڕ لە ترس و نیگەرانییە، پڕ لە ماندوویەتی و عەزابە بکاتەوە کە لە دەستپێکی جەنگەکەوە دووچاری بووبوو! نا! ئیدی ئەو هیمەت و غیرەتەی نەبوو! لە خۆی ڕانەدەبینی بەرگەی ئەو هەموو پیادەڕۆیی یە بگرێ، بەرگەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەموو ترس و تالوکەیە بگرێت.

بەڵام چ بکات؟ خۆ ناکرێ تا کۆتایی شەڕەکە هەر لەم کەند و لەندەدا بمێنێتەوەو خۆی وەشێرێت. نا، شتی وا نابێت. ئەگەر پێویستی بە خواردن نەبوایە، ڕەنگە ئەم ئەگەرە، ئەوەندەی نەترساندبوایە! بەڵام دەبوو خواردنی بخواردبا، دەبوا هەموو ڕۆژێ خواردنی خواردبا، بە بێ خۆراک هەڵینەدەکرد.

کە خۆی بە تاقی تەنیا، بە چەک و جل و بەرگی عەسکەرییەوە، لە خاکی دوژمنا و دوور لەو خەڵکانەی کە دەیانتوانی بەرگری لێبکەن، بینییەوە، لە ترسا لەرزی لێهات.

لە ناکاوا بیری لەوە کردەوە: " خۆزیا بە دیلی دەیانگرتم! " ئەم خۆزگەیە دڵی دالەرزاند، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، بە دیلی کەوتبا دەستی فەرەنسییەکان. دیل! بۆ خۆی نەجاتی دەبوو، خواردن و جێگای مسۆگەر دەبوو، دوور لە گولله وشمشێر و سەرەنێزە وهەر ترس ولەرزێک، لە زندانێکا بێخەم وخەیاڵ پاڵی لێدەدایەوە. دیل! کە خەونێکی خۆشە!

یەکسەر بڕیاری دا:- دەڕۆم خۆم ڕادەست دەکەم.

هەستا، سوور بوو لە سەر ئەوەی بە پەلە و بێ دواکەوتن ئەو کارە بکات. بەڵام لە جێی خۆی وەستا. لە ناکاوا جۆرەها بیری ناخۆش وترسی تازەی بە زەینا هات.

بۆ کوێ بڕوات ولە کوێ خۆی ڕادەست بکات؟ چۆن؟ لە چ قوڵێکەوە؟ زۆر دیمەنانی ترسناک، دیمەنێن مەرگباری بە زەینا هات.ئەگەر بە کڵاوخودە قوچەکەیەوە بە تاقی تەنیا و بە نەشارەزایی بکەوێتە ئەو دەشت و دەرە، لەگین بوو ڕووبەڕووی جۆرەها مەترسی و تالوکە ببوایەتەوە.

ئەگەر تووشی دێهاتیان بوایە؟ ئەوانە ئەگەر تووشی کابرایەکی ئەڵمانی وێڵ و سەرگەردان، ئەڵمانیەکی بێ چەک بوایەن، بێگومان وەکو سەگی بەڕەڵڵا دەیان تۆپاند! بە شەنە وبێڵ وبێڵچە وداس پارچە پارچەیان دەکرد!

ئەدی ئەگەر تووشی سەگڤان وپارتیزانەکان بوایە؟ ئەم پارتیزان وسەگڤانە تووڕانە، کە هیچ قانوون و یاسایەکیان لە لا نەبوو، بێ چەند و چوون، ئەگەر بۆ کەیفی دڵی خۆشیان بووە، گوللەبارانیان دەکرد، هەر بۆ فشە وپێکەنینی خۆیان ئەو کارەیان دەکرد. بە خەیاڵ خۆی لە بەردەم دیوارێکا دەبینی کە دوازدە لوولەی تفەنگی تێکراوە و لەوە دەچێ کونە خڕ وڕەشەکانیان مۆڕە لەو بکەن.

ئەدی ئەگەر تووشی یەکەیەکی سوپای فەرەنسی ببێت؟ سەربازەکانی ڕیزی پێشەوە، بە پێش قەرەوڵی دەزانن، بە سەربازێکی نەترس وبێباکی دەزانن کە بەتەنیا بۆ شناسایی هاتووەو هەر لە جێوە بەر دەستڕێژی گوللەی دەدەن. بە خەیاڵ دەنگی دەستڕێژی پچڕپچڕی تفەنگی ئەو سەربازانەی دەژنەوت کە لەناو دەوەنە جاڕەکەدا درێژ بووبوون و خۆی لە ناوەندی مەزرایەکدا دەبینی، کە بە جەستەی کون کونی وەک سەرەند و بێژنگەوە، دەکەوتە سەر ئەرزەکە، هەستی بە یەک بە یەکی ئەو گوللانە دەکرد کە جەستەیان دەسمی.

شەکەت و نائومێد لە جێی خۆی دانیشتەوە، وای هەستدەکرد، ئیدی تەواو ڕزگاربوونی نییە.ئیدی شەو داهاتبوو، شەوێکی تاریک وکش ومات. لە جێی خۆی نەدەبزووت، دەگەڵ هەر دەنگێکی سووک و نەناسراودا، کە لە قوڵایی تاریکییەکەوە دەهات ڕادەچڵەکی، کە کەروێشکێک بە  خشپە بۆ لانەکەی هاتبا ڤالتر شنافس چیوای نەمابوو پێ وەغارەوە بنێ و هەڵێت، دەنگی کوندان، ترسێکی لە ناکاوی ئەوتۆی لێدێنا، کە ئازای دێنایە لەرزین و بە قەد برینێک ئازاری دەدا. چاوە درشتەکانی زەق دەکردنەوەو دەیبڕینە تاریکیەکە، بەردەوام هەستی ڕادەگرت و وای وێنا دەکرد دەنگی پێیان لە نزیکیەوە دێ.

دوای چەندین سەعاتی دوور ودرێژ ودڵە خورپەی زۆر، لە بەینی هەژگ وبژاڵ وچڵ وچێوەکانی بان سەرییەوە، سەیری کرد ئاسمان ڕوناک بووەوە. هەستی بە ئاسوودەییەکی گەورە کرد، دڵی ڕوناک بووەوە، جەستەی خاوبووەوە، ئارامی گرت، لە دڵەڕاوکێ کەوت، چاوی لێکنان وخەو بردییەوە.

وەختایەک خەبەری بووەوە، هەستیکرد خۆر گەییوەتە ناوەندی ئاسمان، دیار بوو نیوەڕۆیە. هیچ دەنگێک نەدەهات، دەشت ودەر وکێڵگە ومەزراکان کش ومات. ڤالتر شنافس هەستی بە برسیەتیەکی زۆر کرد.

بەدەم باوێشکدانەوە بیری لە باسترمە دەکردەوە، باسترمەی بە لەزەتی عەسکەری ئاوی دەزایانده دەمی، گەدەی دەهاتە ژان. هەستا، چەند هەنگاوێکی نا، هەستیکرد لاقەکانی زۆر لاوازن، دووبارە دانیشت تا بیر

بکاتەوە، دوو سێ سەعاتێک هەموو لایەکی ڕەوشەکەی تاوتوێ کرد، هەرجارەی قەرارێکی دەدا، لە سەر هیچ بڕیارێک نەدەگیرسایەوە، ئیدی گیرۆدەی قەرارێن هەڤدژ بووبوو، ئیدی بەدبەخت و نەگبەت تیامابوو.

سەرەنجام بیرۆکەیەکی بە مێشکا هات کە بەلایەوە هەم لۆژیکی و هەم پراکتیکی بوو، ئەویش ئەوە بوو کە چاوەڕوان بکات تا کابرایەکی دێهاتی تەنیای بێ چەک، بێهیچ ئەوزارێکی خەتەری کار تێدەپەڕێ، بەپەلە خۆی پێ بگەیەنێ و تێی بگەیەنێ کە دەیەوێ خۆی ڕادەست بکات.

ئەنجام بۆ ئەوەی کەشف نەبێت کڵاوخودە قووچەکەی داکەند. بەوپەڕی پارێزەوە سەری لە کونی حەشارگەکەیەوە دەرهێنا. تاقە بەشەرێک دیار نەبوو، لە دەستە ڕاستا، لە دووری دوورەوە، دووکەڵ لە سەر بانانی گوندێکی بچووکەوە لە مووبەقەکانەوە، دەچوو بە ئاسماندا! لە سەمتی چەپا، لە پشت دار ودرەختانی قەراخ جادەیەکەوە، کۆشکێکی گەورە بە قوللەو بورجەکانیەوە دیاربوو.

تا شەوێ بەو دەقە مایەوە. زۆر نیگەران و ناڕەحەت بوو، جگەلە پۆلی قەلەڕەشان هیچی تری نەدەبینی. جگە لە دەنگی قۆڕە قۆڕی بە ئازاری زگی، هیچی تری نەدەژنەوت.

دووبارە شەوی بەسەرا هات. لە قوڵایی حەشارگەکەیا ڕاکشا، خەوێکی پچڕ پچڕی، پڕلە مێردەزمەی لێکەوت، خەوی ئینسانی برسی.

دووبارە ڕۆژی لێبووەوە. دووبارە کەوتە دیدەوانی. لێ دەشت ودەرەکە وەکو دوێنێ چۆڵ وهۆڵ بوو. ترسێکی تازە سەرو دڵی ڤالتر شنافسی گرت، ترسی مردن لە برسا! بە خەیاڵ خۆی لە بنەبانی حەشارگەکەیدا دەبینی کە بە پشتا کەوتووە، چاوەکانی نووقاندوون. جانەوەران، جۆرەها جانەوەرێن بچووک لە جەستەکەی نزیک دەبوونەوە، دەستیان بە خواردنی دەکرد، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ دەهێنا، خۆیان بە ژێر جلەکانیا دەکرد و بەردەبوونە پێستە ساردەکەی. داڵێکی گەورە بە دەنووکە تیژ ومشاریەکەی، بەر دەبووە چاوەکانی.

دەهری بوو، وای هەستدەکرد، کە خەریکە لە لاوازیدا دەبورێتەوە، لە خۆدەچێت وئیدی لە پەل و پۆ دەکەوێ و ناتوانێ بڕوات. بڕیاری دا قیر وسیا بکات، ڕووبەڕووی هەر خەتەر وتالوکەیەک ببێتەوەو بە غاردان خۆی بە گوندەکە بگەیەنێت، کە لە ناکاوا سێ وەرزێری بەدیکرد، کە سەر وشەنەی درێژیان بە سەر شانەوە بوو و بەرەو کێڵگە ومەزراکان دەڕۆیشتن. دووبارە خۆی لە حەشارگەکەیدا متکرد.

بەڵام هەرکە شەوی لێهات ودەر ودەشت تاریک بوو، بە ئەسپایی لە حەشارگەکە هاتە دەرێ، بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە، بە ماتە مات وبە دڵی خەمینەوە بەرەو کۆشکە دوورە دەستەکە کەوتەڕێ، ئەوێی لە گوندەکە پێ پەسندتر بوو کە وەکو بێشەیەکی ترسناکی پڕ لە پڵینگانی دەهاتە بەرچاو.

پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە ڕوناک بوون. تەنانەت یەکێکیان کرابووەوە، بۆنی گۆشتی کوڵاو دەهاتە دەرەوە، بۆنێک کە لە ناکاوا چوو بە دەم و لووتی ڤالتر شنافس دا وتا قوڵایی ناخی نەوەستایەوە، بۆنێک کە ڕایچڵەکاند، هانکە هانکی پێخست، سەلبی دەسەڵاتی کرد، دڵ و دەروونی پڕکرد لە شەهامەتی نائومێدی.

لە ناکاوا بێئەوەی بیر لە کارەکەی خۆی بکاتەوە، بە کڵاوخودەکەیەوە، سەری لە پەنجەرەکە بردە پێشەوە.

هەشت خزمەتکار وکارەکەر لە دەوری مێزێکی گەورە دانیشتبوون وخەریک بوو شێویان دەخوارد. لە ناکاوا یەکێک لە کارەکەرەکان حەپەسا، چاوانی ئەبڵەق بوون و پەرداخەکەی لە دەست بەر بووەوە. هەمووان چاویان بڕییە ئەو سەمتەی کە ئەو چاوی تێبڕی بوو! چاویان بە دژمن کەوت!

ئەی هاوار، ئەڵمانەکان هێرشیان بۆ سەر کۆشکەکە هێناوە!...

هەوەڵجار یەک هاوار کرا، ئەوسا بوو بە هەشت. هەشت هاواری جیاواز. هاوارێکی ترسناک کە مووی بەدەنی گرژ دەکرد، ئەوسا هەموو بە پەلەپروزێ وبەدەم پاڵە پەستۆوە، شێت ئاسا بەرەو دەرگای ئەو سەری ژوورەکە هەڵاتن، کورسییەکان دەکەوتن، پیاوەکان ژنەکانیان دەخست و بە سەریاندا ڕەت دەبوون. لە دوو چرکەدا ژوورەکە چۆڵ بوو، ئیدی ئەو هەموو خواردنە، لە سەر مێزەکە بە بێخاوەن مایەوە، ڤالتر شنافس، حایر وحەپەساو هێشتا لە بەر پەنجەرەکەدا وەستابوو و برسی و تامەزرۆ دەیڕوانییە خوان وخواردنەکان.

دوای کەمێک دوو دڵی، پای هەڵبڕی ولە پەنجەرەکەوە ئاودیو بوو ولە قاپەکان نزیک بووەوە. لە برسا وەکو خەڵکانی تا لێهاتگ دەلەرزی: بەڵام هێشتا ترس بەری نەدابوو. بەنج بووبوو. گوێی هەڵخست. لە تۆ وایە هەموو خانووەکە دەلەرزی؛ دەرگاکان داخران، دەنگی تەپە تەپ وڕاکە ڕاک لە نهۆمی سەرەوە دەهات. کابرای ئەڵمانی گوێی بۆ ئەم هەرا و هەنگامەیە هەڵخستبوو، پاشان هەندێ دەنگی سووکی بەر گوێ کەوت، دەتگوت خەڵکانێکن لە قاتی دووەمەوە خۆ هەڵدەدەنە سەر لمەڵانەکەی پای دیوارەکان.

ئیدی نە جوڵە ونە دەنگ نەما، کۆشکەکە وەکو گۆڕستان بێدەنگ بوو.

ڤالتر شنافس، لە هەنبەر قاپێکی دەست لێنەدراوا دانیشت و دەستی بە خواردن کرد، پارووی گەورە گەورەی دەگلاند، دەتگوت لەوە دەترسێت کە زوو بێن بە سەرا و فریا نەکەوێ تێر بخوات. پارووەکانی بە هەر دوو دەست دەتەپاندە دەمییەوە کە لە کونێکی کراوە دەچوو. پارووەکان یەک لە سەر یەک بە گەروویا دەچوونە خوارێ و لە زگیا دەگیرسانەوە. ناو بە ناو لە خواردن دەوەستا، وەکو بۆریەک کە زۆر پڕبێ وبگیرێت، هەناسەی توند دەبوو، خەریک بوو دەخنکا، هەنگێ دەستی دەدایە سوراحیە شەرابەکە، کە پڕ بوو لە شەرابی سێو، بە جۆرێ دەینا بە سەرەوە وەکو ئەوەی کونجێکی گیراو بەربدەن.

هەموو قاپەکان، سینیەکان وهەموو بوتڵەکانی لێساولێس خاڵی کرد، پاشان مەست ومڕ، گێژ ومەنگ. سوور هەڵگەڕاو، بەدەم نزگەرەوە لەرزان، زەین خاڵی، دەم و لێو چەور، دوگمەکانی یونیفۆرمەکەی کردنەوە تا هەناسەیەک بدات، توانای نەبوو تاقە هەنگاوێک بنێت. چاوەکانی دەهاتنەوە یەک، بیری کاری نەدەکرد، سەری قورس بووبوو، هەر بە سەر مێزەکەوە سەری نایە سەر هەر دوو دەستی وبەرە بەرە، خەوی لێکەوت و ئاگای لە عەمری دنیا نەما.

هەیڤۆکی کۆتایی مانگ بە ئاستەم ترۆپکی درەختانی باخەکەی ڕوناک دەکردەوە. کاتی سەرمای بەر لە سپێدە بوو.

زۆر تارمایی، لە نێوان دار ودەوەنەکانەوە، بە بێدەنگی دادەخزین. جارجار پڕتەوێکی مانگ، لە تاریکیەکەدا دەیدا لە نووکی تیژی ڕمێن پۆڵایین. کۆشکەکە بە ئارامی لە نێو تاریکیەکەدا قوت بووبووەوە. هێشتا تەنیا دوو پەنجەرەی نهۆمی خوارەوە ڕوناک بوون.

لە ناکاوا دەنگێکی تەشبریق ئاسا بەرز بووەوە:- کوڕینە هەڕنەپێش! بجوڵێن! هێرش بەرن کوڕینە!

لە چاو تروکانێکا، کۆمەڵێک زەلام هێرشیان بۆ هەموو دەرگاو پەنجەرەو کەپر وبانێژەکان برد، هەرچیەکیان هاتەڕێ شکاندیان و ورد وخاشیان کرد وخانووەکەیان کۆنترۆڵ کرد. لە چاو تروکانێکا پەنجا سەربازی سەراپا نقومی چەک، هێرشیان بۆ مووبەقەکە برد، کە ڤالتر شنافس بێخەم وخەیاڵ لەوێندەر نووستبوو، پەنجا تفەنگی سواریان لە سەر سینگی ڕاگرت، ئەم دیو وئەو دیویان کرد، لە عاردیان گەوزاند، هەڵیان ستاندو دەست ولاقیان بەست.

لە سەرسامیا هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. گێژ ومەنگ، نەیدەزانی مەسەلە چییە، بە مست ولەقە وشاپان و قۆناغە تفەنگان لێیان دەدا و ئەویش خەریک بوو لە ترسا دین دەبوو.

لە ناکاوا، کابرایەکی سوپایی تۆکمە، بە جلکی فەرمی وقایش وقروش ونەجمەوە، پێی نایە سەر زگی ڤالتر شنافس و هاواری بەسەردا کرد:- تۆ دیلی منی، خۆت ڕادەست بکە.

سەربازە ئەڵمانییەکە (ڤالتر شنافس) لەو ڕستەیە تەنیا لە وشەی دیل حاڵی بوو و بەدەم ناڵینەوە گوتی:- بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.

لە ئەرزەکە هەڵیانساند، بە کورسییەکیانەوە بەست، ئەو سەربازانەی کە بە سەریدا کەوتبوون، هانکە هانکیان پێکەوتبوو، بە کونجکاوییەوە تەمەشایان دەکرد. چەند کەسێکیان دانیشتن، لە هەیەجان و ماندوویەتیدا، حاڵیان بێحاڵ بوو.

ئەو بزەی دەکرد، بزەی دەکرد، دڵنیابوو کە ئاقیبەت ئەسیر بووە!

ئەفسەرێکی دی بە کەش وفشەوە وەژوورکەوت وگوتی:- جەنابی سەرهەنگ (عەقید) دژمن هەڵات، لەوە دەچێ ژمارەیەکیان بریندار بووبن. ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی خۆماندایە.

سوپاییە تۆکمەکە، ئارەقەکەی سەر هەنیەی هیشک کردەوەو گوتی:- سەرکەوتین!

ساڵنامەیەکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا ولە ناویا نووسی:- دوای شەڕێکی قورس، ئەڵمانەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن وکوژراووبریندارەکانی خۆیان هەڵگرن. ژمارەی کوژراو وبریندارەکانیان، ئەوانەی لە مەیدانی شەڕ سڕدرانەوە، بە پەنجا کەس مەزەندە دەکرێ. ژمارەیەکیشمان لێ بە دیل گرتوون.

ئەفسەرە گەنجەکە پرسی:- جەنابی سەرهەنگ، ئەمرتان بە چییە و ئەرکی دواترمان چییە؟

سەرهەنگ بەرسڤی دایەوە:- دەگەڕێینەوە بۆ شوێنەکەی پێشووی خۆمان، نەبا دوژمن بگەڕێتەوەو بە هێزی زۆرتر وتۆپخانەوە هێرشی پێچەوانە بکەن.

ئیدی فەرمانی پاشەکشەی دا.

سەربازەکان، بەو تاریکییە لە پای دیواری کۆشکەکەدا ڕیز بوون وکەوتنە ڕێ، " ڤالتر شنافس " یان قۆڵبەست کردبوو، هەر چوار دەوریان گرتبوو، شەش سەربازی دەمانچە بەدەست چاودێرییان دەکرد.

چەند پێش قەرەولێکیان لە پێشەوە نارد تا ڕێگاکە تاقیبکەنەوە. یەکە سوپاییەکە زۆر بە پارێزەوە پێشڕەوی دەکرد وناو بە ناو دەوەستا.

دەگەڵ سپێدەدا گەیینە بارەگای فەرماندەیی لە "لاروش وازیل" کە گاردی نەتەوەیی ئەوان ئەم ئۆپەراسۆنەی ئەنجام دابوو.

جەماوەری خەڵکە خرۆشیاگ ونیگەرانەکە چاوەڕوان بوو، کە چاویان بە کڵاوخودەکەی سەربازە دیلەکە کەوت هاوار وهەلهەلەی خەڵکی بەرز بووەوە. ژنەکان بازوویان تەکان دەدا، پیرەژنەکان دەگریان، کابرایەکی دان عەمر، دار شەقەکەی خێواندە سەربازە دیلە ئەڵمانیەکە و کەپووی یەکێک لە پاسەوانەکانی ئەوی بریندار کرد.

یارۆی سەرهەنگ هاواریدەکرد:- ئاگاتان لە سەلامەتی دیلەکە بێ.

ئەنجام گەیینە، بارەگای شارەوانی، دەرگای گرتووخانەکەیان کردەوەو کۆت وزنجیرەکەیان لە ڤالتر شنافس کردەوە و تووڕیان دایە ناو زندانەکەوە.

دوو سەد چەکداریان بۆ پاسەوانی، لە دەوری بیناکە دانا.

سەربازی ئەڵمانی، هەرچەندە ماوەیەک بوو هەندێ نیشانانی بەد هەرسی ئازاری دەدا، لە خۆشیا شێتانە کەوتە سەما، دەستەکانی بەرزدەکردەوە، هەڵدەپەڕی، دەیقریواند، تا تەواو ماندوو بوو و لەبن دیوارێکا کەوت.

بۆ خۆی دیل و ئەسیر بوو! ڕزگار بووبوو!

بەو جۆرە کۆشکی " شامپینیە " تەنیا شەش سەعات دوای داگیرکردن، لە دژمن سەندرایەوە.

سەرهەنگ " راتیە " کە لە ئەسڵدا کوتاڵفرۆش بوو، سەرپەرشتی هێزی نەتەوەیی "لاروش – وازیل" ی کردبوو و ئەم ئوپەراسیۆنەی ئەنجام دابوو، میدالی وەرگرت.

١٨٨٣/٤/١١

# وەرزی بەهار

لە گەڵ هەوەڵین ڕۆژی بەهاردا، زەمانێ کە زەوی نێر دەبێتەوە، دەژێتەوە، بێدار دەبێتەوەو دووبارە سەوز دەبێتەوە، کاتێ کە هەوای فێنکی پاراو لە گیانمان دەدات وسییەکانمان ئاوەدان دەکاتەوە وەکو ئەوەیە خۆبەخۆ تا ناخی دڵمان بڕوات، ئارەزوویەکی گۆنگی شادمانیت لە لا دروست دەبێ، پڕ بە دڵ حەزدەکەی غار بدەیت، سەرکێشی بکەی، ئیدی بەهار مەستمان دەکات.

جا چونکە زستانی ڕابردوو زۆر تووش بوو، ئیدی لە مانگی ئایاردا، ئارەزووی شتێک کە دڵ بکاتەوە، وەکو مەستی، سەراپای داگرتم، ئیدی نەشەم لێدەچۆڕا.

بەیانیەک کە لە خەو ڕابووم، لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە دەرێ، ئاسمانی شین، باڵی بە سەر سەربانەکانی دەوروبەردا کێشابوو، خۆر دنیای زێڕ وەشان کردبوو، کەناریيان لە نێو قەفەزانی هەڵواسراو بە پەنجەرانەوە دەیانخوێند، دەنگی کارەکەران لە هەموو نهۆمەکانی ساختمانەکەوە بەرز دەبووەوە. هەراو هەنگامەی شادی لە شەقامەکەوە بەرز دەبووەوە، بەوپەڕی شادی لە ماڵ وەدەرکەوتم، بێئەوەی خۆیشم بزانم دەمەوێ بۆ کوێ بڕۆم.

ڕێبواران، ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، شنەی شادمانیەک هەموو ئەو شوێنانەی داگرتبوو، کە ڕۆشنایی گەرمی بەهاری تازە دەیگرتەوە. لە تۆ وایە شنەیەکی خۆشەویستی بە سەر هەموو شار ودنیادا بڵاو دەبێتەوە، ژنانی گەنج بە جل وبەرگی بەیانییەوە تێدەپەڕین، جۆرە میهرەبانیەک لە نیگایاندا پەنهان بوو، بە ناز و کریشمە ڕێیان دەکرد، دڵیان پڕ دەکردم لە خورپە.

خۆیشم نازانم چۆن و بۆچی گەییمە ڕەخی ڕوباری "سین ". کەشتیانی بچووکی هەڵمین بەرەو "سورن " دەڕۆیشتن، لە ناکاوا ئارەزوویەکی چەتوون بەرۆکی گرتم کە بە غاردان بە ناو بێشەکە بکەوم.

سەر کەشتیە بچووکەکان پڕبوون لە خەڵکی. چونکە یەکەم هەتاوی بەهار، خەڵکەکە، بیانەوێ و نەیانەوێ، لە کونی ماڵ دێنێتە دەرێ، هەموو خەڵکی دەکەونە جم وجوڵ، دێن ودەڕۆن، قسە دەگەڵ دەر ودراوسێ دەکەن.

ئەوەی تەنیشت منەوە کیژێک بوو، پێموابوو کرێکارە، کیژێکی گەنج بوو، هەمان جوانی کچە پاریسیانی هەبوو، ڕواڵەتی جوان بوو، قژێکی زەردی لوولی هەبوو کە لەلای گوێیەکانییەوە بە سەر گەردنیا دادەڕژاو بەدەم شنەی بایەکەوە دەشنایەوە، کە دەهاتە خوارترەوە وەکو گەندە موویەکی تەنک، هێندە زەرد دەینواند کە بە ئەستەم دەبینرا، پڕ بەدڵ حەزت دەکرد غەرقی ماچانی بکەی.

هێندەم بە زەقی تەمەشا کرد، کە سەری بۆ لام وەرگێڕا، پاشان بلەز سەری داخست وماکی بزەیەک، کە خەریک بوو تازە لە دایک دەبوو، گۆشەی لێوی بە ئاستەم جوڵاند، ئیدی بە ڕوونی گەندە مووە ناسک و ئاوریشمینەکەی سەر لێوی بە دیار کەوت کە تیشکی هەتاوەکە ڕەنگێکی زێڕینی پێدەبەخشی.

پانی ڕوبارەکە، بەرەبەرە زیاتر دەبوو. سەفای گەرمی لە هەواکەدا شەپۆلی دەدا، زەمزەمەی ژیان، دەتگوت هاماجەکە پڕدەکات. کیژەکەی تەنیشتم سەری هەڵبڕی، کە بینی هێشتا سەیری دەکەم، بزەیەکی دۆستانەی بەڕووما دا. زۆر جوان وخشکۆک بوو، نیگا سرکەکانی هەزار و یەک شتی تا ئەم کاتە نەزانراوی لە بەرچاوما بەرجەستە کرد.کۆمەڵێک نهێنی قووڵم لە نیگاکانیا بەدی کرد کە تا ئەو کاتە شتی وام نەبینی بوو، هەموو جادوویەکی میهرەبانی، هەموو ئەو شیعرانەی کە خەویان پێوە دەبینین، هەموو ئەو شادمانیەی لێی دەگەڕێین، لە نیگای ئەودا بەرجەستە بوون. پڕ بە دڵ حەزمدەکرد باوەشی بۆ بکەمەوە، هەڵیگرم و بۆ شوێنێکی بەرم و لە پەنایەکەوە موزیقای شیرینی پەیڤێن عەشق و خۆشەویستی، بە گوێدا بدەم.

لە ئان وساتدا بوو دەم هەڵێنم و قسەی دەگەڵدا بکەم کە لە پڕ دەستێک خرایە سەر شانم. بە سەرسامی ئاوڕم دایەوە و پیاوێکی ئاساییم بەدی کرد، نە گەنج بوو نە پیر، سەیرم کرد بە خەمینی تەمەشام دەکات.

گوتی:- حەز دەکەم قسەت لە گەڵدا بکەم.

چارەم دا بە یەکا و پێموایە هەستی بەمە کرد، چونکە یەکسەر گوتی:- سەبارەت بە شتێکی گرینگ.

هەستام وبۆ ئەو سەری کەشتیەکە دوای کەوتم.

گوتی:- قوربان، کە زستان بە خۆی وسەرما وبەفرەوە نزیک دەبێتەوە، دکتۆر هەموو ڕۆژێ ئاگادارت دەکاتەوە کە: پێیەکانت گەرم ڕابگرە، ئاگات لە سەرما و پەسیڤ وبرک وسینەپاڵو بێت. هەنگێ تۆش هەزار و یەک پارێز دەکەی، جلکی ئەستوور و گەرم لە بەر دەکەیت، چاکەتی ئەستووروگەرم لە بەر دەکەیت، پێڵاوی گەرم لە پێ دەکەی، وێڕای هەموو ئەمەش ئەگەری ئەوە هەیە کە نەخۆشبکەوی و یەک دوو مانگ لە جێدا بکەویت. بەڵام کە بەهار بە خۆی وگەڵا وگوڵەوە، بە شنەبای فێنک وبۆن وبەرامەی مێرگ وچەمەنزارو سەوزەزارییەوە نزیک دەبێتەوە. ئیدی خۆبەخۆ جۆش و خرۆشی عەشق و خۆشەویستی دڵت پڕدەکات و کەس نابینی بێت و پێت بڵێت: بەڕێز ئاگات لە عەشق بێ! لە هەموو شوێنێک خۆی مەڵاس داوە، کەمینی بۆ ناویتەوە: لە هەر پێچ و سەرکۆڵانێکا چاوەڕوانتە، بە هەموو فەند وفێڵێکەوە، بە شمشێری تیژو دەمەزەرد کراوەوە چاوەڕوانتە! ئاگات لە عەشق بێ، ئاگات لە عەشق بێ! عەشق لە پەسیوو وبرک وسینەپاڵو، خەتەرترە! ئامانی نییە، بەشەر وادار بە گەوجایەتی ئەوتۆ دەکات کە هەرگیز لە چارەکردن نەیەت... بەڵێ بەڕێز، من دەڵێم هەقە دەوڵەت هەموو ساتێک پۆستەرێن گەورە بەم ناوەڕۆکە بە دیوارەکانەوە هەڵواسێت: خەتەر! بەهار بەڕێوەیە، هاوڵاتیانی فەرەنسی، ئاگاتان لە عەشق بێ. وەکو چۆن لە سەر دەرگای ماڵەکان دەنووسن: ئاگاداری! ئاگادار بن بۆیاخاوی نەبن. بە هەرحاڵ، مادامێکی حکوومەت ئەم کارە ناکات من لە جیاتی حکومەت دەیکەم وبە جەنابت دەڵێم:- ئاگاتان لە ڤیان و عەشق بێ، خەریکە ڕاوت دەکات، گیرۆدەت دەکات، بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە ئاگادارت بکەمەوە، وەکو چۆن لە ڕووسیادا ڕێبوارێک کە خەریکە کەپووی دەیبەستێ، ئاگاداری دەکەنەوە.

حایر وحەپەساو لە بەردەم ئەم پیاوە نەناسەدا وەستام، بە قەڵافەتێکی جدییەوە گوتم:- یانی چی قوربان، وادیارە خۆت لە مەسەلەیەک هەڵدەقورتێنی کە پەیوەندی بە تۆوە نییە.

جوڵەیەکی توندی کرد وبەرسڤی دامەوە:- بەڕێز، بمبورە! یانی ئەگەر من کەسێک بدینم کە خەریکە لە شوێنێکی خەتەرایە و خەریکە دەخنکێ دەبێ هیچ نەکەم و لێگەڕێم بە بەرچاومەوە بمرێت؟ فەرموو گوێ لە چیرۆکی من بگرە، هەنگێ تێدەگەی بۆچی بەم پرکێشیە و بەم شێوازە قسە دەگەڵ تۆدا دەکەم.

***

ئەمەی بۆتی دەگێڕمەوە، پار ئەم وەختانە ڕوویدا. جارێ دەبێ عەرزی خزمەتتانی بکەم کە من کارمەندی وەزارەتی دەریاداریم، بەرپرسەکانمان کە پلەی ئەفسەرییان هەیە، وەختایەک لە پشت مێزەکانیانەوە دادەنیشن زۆر خۆیان بە گەورە دەزانن و شتەکان زۆر بە جدی دەگرن و، زۆر بیروکراتیانە مامەڵە لە گەڵ ئێمەمانانا دەکەن... خۆزیا هەموو بەرپرسەکانمان خەڵکانی مەدەنی بوایەن! بەهەرحاڵ، لە دایەرە دانیشتبووم، لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆمەوە چمکێکی ئاسمانی شینم لێوە دیار بوو، پەڕەسێلکان بە ئاسمانا دەفڕین، پڕ بە دڵ حەزم دەکرد هەستم و لە نێو دۆسیە ڕەشەکانی دەوروبەرما بڕەقسم.

مەیلی ئازادی بە جۆرێ زۆری بۆ هێنام، کە وێڕای نەفرەت وبێزاری خۆم، هەستام و چووم بۆ لای بەرپرسەکەم، پیاوێکی لاوازی مردەلۆخی بەدمگێز بوو و هەمیشە توورە بوو. پێمگوت نەخۆشم. ڕاستەوڕاست چاوی لە دوڕ چاوم بڕی و هاواریکرد:- باوەڕ ناکەم بەڕێز، دەی بڕۆ هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم! ئاخر دایەرە بەم جۆرە کارمەندانە بەڕێوە دەچێت!

هەرچۆنێ بوو ڕۆیشتم، خۆم گەیاندە ڕوباری سین، هەواکەی زۆر خۆش بوو، ڕێک وەکو ئەمڕۆ وابوو، سواری بەلەم بوم تا سەرێ بە " سان کلو " دا بسوڕێمەوە.

ئاخ، خۆزگە بەرپرسەکەم ئیزنی نەدابام!

هەتاوەکە ئەوەندە خۆشبوو، خەریک بوو لە کەیفان باڵم دەگرت. هەموو شتێکم لە لا جوان ودڵگیر بو، بەلەمەکە، ڕوبارەکە و دار ودرەختەکان، ماڵەکان، خەڵکەکەی دەوروبەرم، هەموو شتێک. حەزمدەکرد شتێک ماچ بکەم، ئیدی هەر شتێک بوایە، ئیدی عەشق و ڤیان خەریک بوو داوی بۆ دەنامەوە.

لە ناکاوا، لە " تروکادیرو" دا کیژێک سەرکەوت، کارتۆنێکی بە دەستەوە بوو، ڕۆیی وڕێک لە هەنبەرما دانیشت.کیژێکی قشتیلە بوو، بەڵێ بەڕێز، سەیر ئەوەیە کە لە هەوەڵی بەهارا وەختایەک هەوا خۆش دەبێت، ژنان جوانتر دێنە بەرچاو: جۆرە ناز وئەفسوونێکیان هەیە کە پیاو نازانێ چییە. ڕێک وەکو ئەو شەرابەیە کە پیاو دوای خواردنی پەنیر دەیخواتەوە.

تەمەشام دەکرد، ئەویش تەمەشای منی دەکرد، بەڵام ناو بە ناو تەمەشای دەکردم، ڕێک وەکو ئەم کیژەی کە تۆزێ لەمەپێش تەمەشای تۆی دەکرد. بە کورتیەکەی هێندەمان تەمەشای یەکدی کرد، پێم وابوو، بەشی ئەوەی دەکرد کە سەری قسان بکەینەوە. ئیدی سەری قسەم کردەوە، ئەویش بەرسڤی دامەوە. هەڵبەتە کیژێکی ناسک و ڕووخۆش بوو، بەڵێ برادەری ئازیز، ئیدی بە جارێ مەستی کردم!

لە "سان کلو" دابەزی. منیش دوای کەوتم. دەچوو، ڕاسپاردەیەک بگەیەنێ. وەختێ گەڕایەوە بەلەمەکە ڕۆیی بوو. کەوتمە پیاسە بە بەردەمیا، هەوا خۆشەکە، هەردووکمانی هێنابووە جۆش، پێمگوت:- دەبێ کەش و هەوای جەنگەڵ زۆر خۆش بێ.

گوتی:- بێگومان، دەبێ وا بێ.

- چۆنە بڕۆین گەشتێکی ئەوێندەر بکەین، کیژەخان؟

ژێراوژێر سەراپای بە نیگا دابێژتم، وەکو ئەوەی بیەوێت هەڵم بسەنگێنێ، پاشان، دوای دوو دڵییەکی کەم، قاییل بوو. شان بە شانی یەکدی بە ناو درەختەکاندا کەوتینەڕێ. گەڵای دارەکان ،ڕووەک و گیای تازە ڕواوی کەسک، لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقایەوەو ئیدی ئەم کەش وهەوایە، ئارەزووی هەموو گیانلەبەرە بچووکەکانی دەبزواند وئەوانیش سەرگەرمی ئاشقێنی بوون. لە هەموو لایەکەوە دەنگی ئاوازی مەل و بولبولان دەهات. کیژەکەی هاوڕێم لە ناکاوا کەوتە هەڵبەز ودابەز، لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی وبۆن و بەرامەی سەوزەزار ومێرگان سەرمەستی کردبوو. منیش بە غاردان دوای دەکەوتم و وەکو ئەو دەکەوتمە هەڵبەز ودابەز، لە کەیفان پێم بە عاردی نەدەکەوت. ئیدی بەشەر شیری خاوی خواردووە، جاری وایە کەرێتی و گەوجاتی گەورە دەکات.

ئەوسا دەستی بە گۆرانی گوتن کرد. ئیدی هەموو جۆرە گۆرانییەکی دەگوت، ئۆپێرا، گۆرانی شادی میللی!.. گۆرانی دێهاتیانە!... تەنانەت ئەمەشم  لە گیان خۆشبوو، شاعیرانە دەهاتە بەرچاوم! چیوای نەمابوو دەس بە گریان بکەم. بەڵێ، ئاخر ئەم هەرا وهەنگامانە پیاو کەر دەکات. ئاغا، لە منی وەربگرە، گوێت لە من بێ، هەرگیز ژنێک مەیەنە کە گۆرانی دێهاتیانە بڵێت، بەتایبەتی گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ!

دوای ماوەیەک ماندوو بوو، لە سەر گردێکی چەمەنپۆش ڕۆنیشت. منیش لە بەر پێیدا دانیشتم، دەستە چکۆلەکانیم گرت کە بەهۆی دەرزی و تەقەڵانەوە، کون کون بووبوو، کە ئەوەم بینی، زیاتر مەحەبەتم چووە سەری. لە دڵی خۆدا گوتم: ئەمانە نیشانەی پیرۆزی کار وتەقەڵایە!

نە، ئاغا، نە! کاری چی و پیرۆزی چی؟ دەزانی مانای چییە؟ نیشانەی چەنەبازی ناو خەیاتخانەیە، نیشانەی چپەچپی هەرزەکارانە، زەینی وێران، پاکیزەگی لە دەست چوو، چەنەبازی گەوجانە، کەودەنی تایبەتی ژنانی عەوامە، ئەمانە هەر هەموویان لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی ئەو ژنانەیە کە نیشانەکانی پیرۆزی کارو ڕەنجدان، بە دەست و پلیانەوە دەبینرێت.

ئەوسا ماوەیەکی زۆر لە یەکدی ورد بووینەوە.

ئاغا، چاوی ژن چ توانایەکی هەیە! چۆن بەشەر هێڕ وکاس دەکات وداگیری دەکات! چەند قووڵ دەنوێنێ، پڕە لە بەڵێنی بێ کۆتایی! بەمە دەگوترێ تەمەشای قوڵایی ڕوح! باوەڕ مەکە، گاڵتەیە قوربان! ئەگەر بەشەر پەی بە قوڵایی ئەو ڕوحە ببردایە، بیدیتبا، لە ئێستا ئاقڵتر دەبوو، هەڵبەتە...

به کورتیەکەی من لە دەست دەرچوو بووم، بۆی شێت وهار بووبووم. هەوڵمدا لە هەمێزی بگرم، گوتی: سمت لابە!

ئەوە بوو لە بەردەمیا ئەژنۆم دادا و گریی دڵم بۆ کردەوە، هەر هەموو ئەو میهر و مەحەبەتەی کە خەریک بوو خەفەی دەکردم، هەر هەموویم هەڵڕشتە بەر پێی. لەوە دەچوو سەیری بەو حاڵەی من بێت. ژێراوژێر تیچاوی تێکردم، دەتگوت لە دڵی خۆیدا دەڵێت: – ها دەتەویٚ بەمجۆرە تەفرەم بدەی کوڕی باش! با وابیٚ، نیشانتی دەدەم.

برادەر، لە خۆشەویستیدا، پیاوان، هەموومان ساویلکەین، بەڵام ژنان هەموویان مامەڵەچین.

هەڵبەتە، ئەو ڕۆژە دەمتوانی بەکامی دڵ دەگەڵی ڕابوێرم، پاشان هەستم بەو گەوجاتیە کرد. بەڵام ئەوەی من عەودالی بووم لەزەتی بەدەنی نەبوو. بەڵکو میهر ومەحەبەت بوو، شتێکی ئاڕمانی بوو. ئەو کاتەی کە دەبوا بە شێوەیەکی باشتر سوود لە کاتەکەم وەربگرم، کەوتمە سۆزبازی.

هەرکە لە بیستنی قسە عاشقێنییەکانم تێر بوو، هەستا و بۆ " سان کلو " گەڕاینەوە، تا پاریس وازم لێنەهێنا. لە گەڕانەوەدا هەستم کرد خەمین بوو، پرسیاری هۆی خەمبارییەکەم لێکرد، بەرسڤی دایەوە: پێموایە لە ژیانا ئەم جۆرە ڕۆژانە کەم پەیدا دەبن.

دڵم بە جۆریٚ کەوتە لێدان دەتگوت دەیەویٚ لە سینەمەوە بێتەدەریٚ.

یەک شەممەی دواتر، دووبارە بینیمەوە. یەک شەممەی دواتریش، ئیدی هەموو یەک شەممەیەک دەمبینی. ئیدی بۆ "بوجیفال، سان جرمان، میزون لافیت و، بواسی"م برد، بۆ هەموو ئەو شوێنانەی دەوروبەری پاریسم برد کە ژوانگەی عاشقانە.

ئەوجا نۆرەی خاتوون هات کە قسەی پڕ سۆز و گودازان بکات وعاشقێنی خۆی دەربڕیٚ. ئەنجام ئەقڵ لە حەوت کێوان ئاوابوو و دوای سیٚ هەیڤان زەماوەندمان کرد.

چار چییە قوربان، بابایەکی کارمەندی تەنیا، بێکەس وکار، کەسیٚ نەبیٚ ئامۆژگارییەکی بکات، ڕیٚ وجێیەکی پیٚ نیشانبدات! ئیدی وا دەزانی بە ژن هێنان ژیانت باشتر دەبیٚ و ئەوسا هەڵدەستیٚ ژن دەهێنێت!

ئیدی لە بەیانیەوە تا ئێواریٚ سەرزەنشتت دەکات، بۆڵەبۆڵت بەسەردا دەکات. هیچ شتێک ناچێتە مێشکیەوە، لە پەستا و بێپسانەوە چەنەبازی دەکات، بەدەنگی بەرز گۆرانی شوانکارەیی دەڵیٚ ( هەی داد و بێداد لە دەست گۆرانی شوانکارەیی! ) دەگەڵ خەڵوز فرۆشا بە شەڕ دیٚ، باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ دەرگاوانی بیناکە دەکات، باسی سەرجێی خۆی بۆ کارەکەری دراوسێکە دەکات. ئابڕووی مێردەکەی لەلای فرۆشیارانی گەڕۆک دەبات، مێشکی پڕە لە چیرۆک وباوەڕێن تورەهات و گەوجانە. بیری بیٚ مانا، پێش داوەریانی باوەڕ نەکردەنی، باوەڕ بکە قوربان کار دەگاتە ئەوەی هەر جاریٚ کە باس وگەنگەشەیەکی دەگەڵ دەکەم، لە داخ و نائومێدیدا دەکەومە گریان.

بێدەنگ بوو، ماندوویەتی و هەڵچوون هەناسەی تەنگ کردبوو. تەمەشام کرد، دڵم بە حاڵی ئەم کابرا ساویلکە وقەرە بەختە دەسووتا. لەزگ بوو، جوابێکی بدەمەوە، کە بەلەمەکە وەستا. گەیی بووینە " سان کلو ".

ئەو ئافرەتەی کە لە هەنبەرم ڕۆنیشتبوو هەستا کە دابەزێ. بەلاما بووری و بە گۆشەی چاو نیگایەکی کردم و بزەیەکی ڕەوتەنی بە ڕوومدا دا، لەو بزانەی کە پیاو شێت دەکەن، ئەوسا بەپەلە پێی خستە سەر بارەندازەکە.

بلەز هەستام تا شوێنی بکەوم، بەڵام هاوسەفەرەکەم، گرتمی. خۆم ڕاتەکاند وخۆم لێی ڕزگارکرد، نەخێر چمکی چاکەتەکەمی گرت و بۆ دواوە ڕایدەکێشام و پەیتا پەیتا دەیگوت:- مەڕۆ ئاغا! مەڕۆ.

بە دەنگێکی هێندە بەرز ئەو قسەیەی دەکرد کە هەمووان ئاوڕیان دایەوەو تەمەشایان کردین.

دەنگی پێکەنین لە دەوروبەرمان بەرز بووەوە، من تەواو حەپەسام، زۆر تووڕە بووم، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا تووشی ڕیسواییەک ببم و ببم بە گەپجاڕی هەمووان، لە جێی خۆم نەجوڵام.

بەلەمەکە کەوتەڕێ.

ئافرەتەکە لە سەر بارەندازەکە وەستابوو، بە نائومێدیەوە تەمەشای منی دەکرد کە دوور دەکەوتمەوە. کەچی هاوسەفەرە غەدارەکەم بە خۆشحاڵییەوە دەستەکانی هەڵدەگڵۆفت وبە ئەسپایی گوتی:- باوەڕبکە ئەمڕۆ خزمەتێکی گەورەم کردیت. خزمەت نە گاڵتە.

٩/ ت[١] / ١٨٨١

تێبینی: ئەمڕۆ، شەممە ٢٠٢١/١٠/٢، کە گەڕەکی چوارچرای نوێ، شاری سلێمانی، لە پاچڤەی ئەم کۆچیرۆکە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

*- اولین برف وداستان های دیگر/ گی دو موپاسان / ترجمەی مهدی سحابی / چاپ دوم، ١٣٩١، نشر مرکز، تهران، خیابان دکتر فاطمی.